فراکسیۆنی پارتی راگەیەندراوێکی لەبارەی خۆکوشتنی پێشمەرگە دەستگیرکراوەکە بڵاوکردەوە:

دادگا کاری خۆی دەکات و نابێت فراکسیۆنێک بەدیاریکراوی کار بۆ شێواندنی ئەم پرسە بکات

فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی خۆکوشتنی پێشمەرگەیەک دوای ئەوەی بە دەیان کیلۆمادەدی هۆشبەرەوە دەستگیرکرا رووبەرووبونەوەیەکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی رووبەرووبونەوەکەدا رایگەیاند: بەر لە چەند رۆژێک کەسێک بە چەندین کیلۆ مادەدی هۆشبەرەوە دەستگیرکرا و ئێمەش هەر لە سەرەتاوە باوەڕمان وابوو دەبێت دادگا ئەم بابەتە بەکلایی بکاتەوە و متمانەی تەواومان بە دەزگای ئاسایش و هێزە ئەمنییەکان هەیە کە لەم پرسانەدا بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن، هەروەها فراکسیۆنی پارتی دەشڵێت: بەداخەوە هەر لەسەرەتاوە کەس و لایەن هەبوون و ویستوویانە ئەم بابەتە بە لارێدا ببەن و بیشێوێنن،بەڵام ئێستاش ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە دادگا کاری خۆی دەکات و نابێت فراکسیۆنێک بەدیاریکراوی کار بۆ شێواندنی ئەم پرسە بکات، دادگا هەیە و سەروەرە و لیژنەکانیش کاری پیشەیی خۆیان دەکەن و ئەوەی خستوویانەیە ڕوو لەسەر ئەم پرسە دەرئەنجامی بەدواداچوونی ورد بووە.

(دەقی راگەیەندراوەکە لە ل2 بخوێنەوە)

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5923) یەک شەممە 2ی کانونی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

مەسرور بارزانی تاجەگوڵینەی لەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدانی 1ی شوبات دانا

هەرێمی کوردستان لە کاری ترسنۆکانەی تیرۆریستان ناترسێت



دوێنێ شەممە 1ی شوباتی 2020 لە شاری هەولێر بە بەشداری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی شەهیدان، ریوڕەسمی 16مین ساڵیادی شەهیدانی یەکی شوبات لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان بەڕێوەچوو. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی دیکەی حکوومەت و کەسوکاری شەهیدان و کەسایەتی حزبی و دۆست و هاوڕێی شەهیدانی یەکی شوبات بەشداربوون، هەر لەمیانەی بەڕێوەچوونی مەراسیمەکە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا تاجەگوڵینەی لەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدانی یەکی شوبات دانا. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



نێچیرڤان بارزانی: شەهیدانی 1ی شوبات لە ویژدانی گەلی کوردستان زیندوو دەمێننەوە

خەبات/ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی 16مین ساڵیادی کارەتیرۆریستییەکەی شاری هەولێر کە بارەگای لقی دووی پارتی و مەڵبەندی سێی یەکێتی کردە ئامانج، پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە شەهیدانی یەکی شوبات لە ویژدانی گەلی کوردستاندا زیندوو دەمێننەوە.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تویتەرەوە پەیامێکی بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شەهیدانی یەکی شوبات بڵاوکردەوە و ڕاگەیاند: بەڕێز و شکۆوە یادی شەهیدانی نەمری 1ی شوباتی 2004 دەکەینەوە کە لە بارەگاکانی پارتی و یەکێتی لە هەولێر بوونە قوربانیی تیرۆر.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان راشیگەیاندووە کە ئەوان بۆ هەمیشە لە ویژدانی گەلی کوردستاندا زیندوو دەمێننەوە، سڵاو بۆ خانەوادەی سەربەرزیان، دروود بۆ گیانی پاکیان، یادیان بەخێر.

شایەنی باسە، لە 1ی شوباتی ساڵی 2004 هەر دوو بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری هەولێر کرانە ئامانجی کردەی تیرۆریستی، لەکاتێکدا کە خەڵک بۆ جەژنە پیرۆزەی جەژنی قوربان، سەردانی یەکتریان دەکرد و بارەگای لق و مەڵبەندیش لە پێشوازی خەڵکدابوون، بەڵام لە ڕێگەی کارێکی تیرۆریستییەوە هەردوو بارەگا کرانە ئامانج و بەهۆیەوە زیاتر لە 100 سەرکردە و کادیر و هاوڵاتی شەهید بوون.

بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا کشایەوە

دەستبەجێ بەشێک لە دامەزراوە بەریتانییەکان ئاڵای یەکێتیی ئەورووپایان هێنایە خوارەوە



دوای ماوەیەک مشتومڕ و ئەنجامدانی ریفراندۆم و دەیان گفتوگۆی دیکە، دواجار بەریتانیا هاتنەدەرەوەی خۆی لە یەکێتیی ئەورووپا ڕاگەیاند، سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتەش بۆریس جۆنسەن ئەم هەنگاوەی بە کازیوەی سەردەمێکی نوێ ناوبرد. بەریتانیا لە ساڵی 1973دا بووە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، کاتژمێر 11ی شەوی هەینی لەسەر شەممە بە یەکجاری کۆتایی بە 47ساڵ ئەندامێتی ناو یەکێتییەکە هێنا. بەو بۆنەیەشەوە لە دامودەزگا حکوومی و تایبەتەکانی ئەو وڵاتەدا ئاهەنگ گێڕدرا. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

محەمەد عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق راسپێردرا



دوێنێ شەممە 1ی شوباتی 2020 محەمەد عەللاوی لەلایەن بەرهەم سالح سەرۆککۆماری عێراق راسپێردرا بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق، دوای ئەوەی عادل عەبدولمەهدی بەهۆی نارەزایی و خۆپیشاندانەکانی عێراق دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی سەرۆکوەزیرانی ڕاگەیاند. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

عێراق.. ڕێگە بە هیچ کەسێک نادرێت لە چینەوە بێت بۆ فڕۆکەخانەی بەسرە

وەک ڕێوشوێنێک بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، ڕێگە بە هیچ کەسێک نادرێت لە چینەوە بێت بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەسرە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

شاندێکی حکوومەتی هەرێم لە ئیتاڵیا بەشداری لە کۆنفرانسی شێوێنەوار دەکەن

شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی وڵاتی ئیتاڵیای کرد بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی کەرتی شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان، بۆ گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە و ئامادەکاری بۆ بە گەشتیاریکردنی پڕۆژەی تۆری ئاودێری سەنحاریب لە قەزای شێخان، هەروەها دروستکردنی ناوچەی شوێنەوواری گەشتیاریی بە هاوبەشی لەنێوان زانکۆی ئودینە و سەنتەری لێکۆڵینەوەی نیشتمانیی ئیتاڵیا ماستەرپلانی بۆ دانراوە. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

بڕووسکەی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ (25)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان

بەڕێز/ باپیر کامەلا سکرتێری گشتی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان
بەڕێزان/ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان

بەبۆنەی (25)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی حزبە هاوپەیمان و تێکۆشەرەکەتان پیرۆزباییەکی گەرمی نەسرەوتن لە ئێوەی بەڕێز و کادیر و ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین و، هیوای بەردەوامی و پێشکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین.

رۆڵی پارتەکەتان لە کاروانی خەباتی مەدەنی شانبەشانی پارت ولایەنە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان روون و گرنگە بۆ بەدەستهاتنی دەسکەوتەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانمان، بۆ لەمەودواش زیاتر پێویستیمان بە هەماهەنگیی و یەکدەنگی هەیە لەپێناو پتەوترکردنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان و بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی.

ئێمە کاتێک ئەو یادەتان پیرۆز دەکەین و ڕێز لە خەبات و بەخششی 25 ساڵەتان دەگرین، ئومێدەوارین و ئەرکی هەموو لایەکیشمانە بە هاوخەباتی هەوڵی چارەسەری کێشە و گیروگرفتەکان بدەین و ئایندەیەکی ڕۆشنتر و گەشتر بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دەستبەر بکەین.

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەین و هەر سەرفراز و سەرکەوتوو بن....

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/2/1

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پەیامێکی ماتەمینی ئاراستەی بنەماڵەی شەهیدانی یەکی شوبات کرد



هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ یادی کارەساتی یەکی شوبات پەیامێک ئاراستەی بنەماڵەی شەهیدان و هاوواڵتیانی کوردستان دەکات، ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

16 ساڵ پێش ئێستا و لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ لە دوو کردەوەی تیرۆریستیدا لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کرانە ئامانج و پۆلێک لە سەرکردە و ژمارەیەکی زۆر لە هاوواڵتیان شەهید و بریندار بوون، ئەم کردەوە ترسنۆکانەیەی تیرۆریستان دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە تیرۆریستان بەیەکچاو سەیری خەڵکی کوردستان دەکەن و هیچ جیاوازییەک ناکەن لەنێوان پێکهاتە و پارتە سیاسییەکاندا، بۆیە پێویستە زیاتر پارێزگاری لە ریزەکانمان بکەین و بوار بۆ دوژمنانمان نەهێڵینەوە زەفەرمان پێ ببەن، هەر بەم بۆنە خەمناکەوە سەری ڕێزمان بۆ ڕوحی شەهیدانی یەکی شوبات و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دادەنوێنین.

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
1ی شوبات 2020



فراکسیۆنی پارتی ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی خۆکوشتنی پێشمەرگە دەستگیرکراوەکە بڵاوکردەوە:

دادگا کاری خۆی دەکات و نابێت فراکسیۆنێک بەدیاریکراوی کاربۆ شێواندنی ئەم پرسە بکات

فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی خۆکوشتنی پێشمەرگەیەک دوای ئەوەی بە دەیان کیلۆمەتر دەستگیرکرا و دەستدرێژیکرایە سەر ڕووبەرەوە دەستگیرکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی ڕوونکردنەوەکەدا ڕایگەیاند: بەر لە چەند ڕۆژێک کەسێک بە چەندین کیلۆ مادەی هۆشبەرەوە دەستگیرکرا و ئێمەش هەر لە سەرەتاوە باوەڕمان وابوو دەبێت دادگا ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە و متمانەی تەواومان بە دەزگای ئاسایش و هێزە ئەمنییەکان هەیە کە لەم پرسانەدا بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن.

دوای خۆکوشتنی ئەم کەسە لە زیندان لیژنەی لاوەکی لە هەردوو لیژنەی پێشمەرگە و کاروباری کۆمەڵایەتی پەرلەمانی کوردستان ڕاسپێردران کە بە ئەرکی پێشەیی خۆیان هەستن و لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە هەموو ڕونکردنەوەیەک خرایە بەر دەستیان، لیژنەکان بەکاری خۆیان هەستان لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئێمە پێمان وایە نابێت دەستوەردان بکەین لە کاروباری لیژنەکان و دەبێت ئەوان کاری لەسەرەتاوە بە لاڕێدا ببەن و بیشێوێنن،بەڵام ئێستاش ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە دادگا کاری خۆی دەکات و نابێت فراکسیۆنێک بەدیاریکراوی کار بۆ شێواندنی ئەم پرسە بکات، دادگا هەیە و سەرەوەرە و لیژنەکانیش کاری پیشەیی خۆیان دەکەن و ئەوەی خستوویانەیە ڕوو لەسەر ئەم پرسە دەرئەنجامی بەدواداچوونی ورد بووە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

بەر لە چەند ڕۆژێک کەسێک بە چەندین کیلۆ مادەدەی هۆشبەرەوە دەستگیرکرا و ئێمە هەر لە سەرەتاوە باوەڕمان وابوو کە دەبێت دادگا ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە و متمانەی تەواومان بە دەزگای ئاسایش و هێزە ئەمنییەکان هەیە کە لەم پرسانەدا بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن.

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەین و هەر سەرفراز و سەرکەوتوو بن.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی هێزە ئاسایشییەکان
2020/1/30

جوتیار عادل:

حکوومەت قبووڵ ناکات خەڵکانێکی هاوشێوەی چالاکی موهەندیس بەشداری لە حکوومەتدا بکەن



وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە چالاک موهەندیس و بەشداریکردنی لە کابینەی نوێەم ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: بەداخەوە ئەندامێکی چەتاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان بە ناوی چالاک موهەندیس کۆمەڵێک قسەی بێ بنەما و دوور لە ڕاستی کردووە بەرانبەر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەو تۆمەتە بێ وێژدانانە بە تووندی ڕەتدەکەینەوە و حکوومەتی هەرێم قبووڵ ناکات خەڵکانێکی هاوشێوەی چالاکی موهەندیس کە بە فیتی کەسانی تر هەڵدەسورێنرێن، بەشداری لە حکوومەتدا بکەن تاکو بڵێن لە ئەدای حکوومەت ڕازین یان نا.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەداخەوە ئەندامێکی چەتاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە ناوی چالاک موهەندیس کۆمەڵێک قسەی بێ بنەما و دوور لە ڕاستی کردووە بەرانبەر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەو تۆمەتە بێ وێژدانانە بە تووندی ڕەتدەکەینەوە و حکوومەتی هەرێم قبووڵ ناکات خەڵکانێکی هاوشێوەی چالاکی موهەندیس کە بە فیتی کەسانی تر هەڵدەسورێنرێن، بەشداری لە حکوومەتدا بکەن تاکو بڵێن لە ئەدای حکوومەت ڕازین یان نا.

کەسە خاوەن هەڵوێست و ئەو وەزیرە بەڕێزانەن کە لە حکوومەتدا بەشدارن و ئەندام و لایەنگرە نیشتمانپەروەرەکانیانن. چاکسازیش بەرنامەی سەرەکی حکوومەتە و موزایەدەی ئەو جۆرە کەسانە، لە دەسکەوتەکانی حکوومەت و متمانەی خەڵک بە حکوومەت کەم ناکاتەوە.

جوتیار عادل
گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2020/1/29

محەمەد عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق ڕاسپێردرا



دوێنێ شەممە 1ی شوباتی 2020 محەمەد عەللاوی لەلایەن بەرهەم سالح سەرۆککۆماری عێراق ڕاسپێردرا بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق، دوای ئەوەی عادل عەبدولمەهدی بەهۆی ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانی عێراق دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی سەرۆکوەزیرانی ڕاگەیاند.

محەمەد تەوفیق عەللاوی، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، دواتر لە بەشی بینا‌سازی کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، لە دوابین ساڵی خوێندنی لە ساڵی1977 بەهۆی دەستپێکردنی هەڵمەتێکی ڕەشبگیری لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە ناچار بووە لە خوێندنەکەی دابڕێت و بەرەو لوبنان وڵات جێبهێڵێت. دواتر لە ساڵی 1980 لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاری تەلارسازی بەدەستهێناوە و لە سەرەتای ساڵی 2006یش وەک ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردرا تا ئەوکاتەی لە ناوەڕاستی هەمان ساڵدا وەک وەزیری گەیاندن دەستنیشانکرا و تا کۆتایی ساڵی 2007 لەو پۆستە مایەوە.

دوێنێ شەممە دوای مشتومڕێکی زۆری لایەنە سیاسییەکان بۆ دیاریکردنی کەسێک بۆ پێکهێنانی پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق، لەلایەن سەرۆککۆماری عێراق بە فەرمی ڕاسپێردرا بۆ ئەرکی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق.

سنووردارکردنی ڤیزای ئەمەریکا لەسەر شەش وڵاتی دیکە

حکوومەتی ئەمەریکا، پێدانی ئەو ڤیزانەی بە هاوواڵتیانی نیجیریا، کازاخستان، میانمار، سودان، تەنزانیا و ئەریتیریا هەڵپەسارد کە مۆڵەتی مانەوەی هەمیشەییان لە ئەمەریکا پێدەبەخشێت. بریکاری وەزیری ئاسایشی ناوخۆی ئەمەریکا، جاد وۆڵف، لە تەلەکۆنفرانسێکدا سەبارەت بە بابەتەکە باسی لەوە کرد کە ئەو وڵاتانە ناتوانن ستانداردەکانی بەرنامەیGreen Card دەرهێنراون. حکوومەتی ئەمەریکا پێشتر پێدانی ڤیزای بە هەریەک لە وڵاتانی ئێران، لیبیا، سووریا، سۆماڵ، یەمەن، باکووری کۆریا و ڤێنزوێلا سنووردار کرد.

هەر کاتێ ڕێکارە ئەمنییەکان تەواوبوون لەبارەی ئەو وڵاتانە پێدانی ئەو جۆرە ڤیزایە وەک پێشوتری لێدێتەوە. بە پێی ڕێکاریەکە هاوواڵتیانی نیجیریا، کازاخستان، میانمار، سودان، تەنزانیا و ئەریتیریا ناتوانن داوای ڤیزای جۆری (Green Card) بکەن کە هەلی مانەوەی هەمیشەییان پێدەبەخشێت لە ئەمەریکا. هاوکات وۆڵف باسی لەوەش کرد کە سودان و تەنزانیا لە ئەمنیی ئەمەریکا دەستەبەر بکەن.

وۆڵف جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو ڕێکارە قەدەغەی ڤیزای گشتیی نییە و ئەو داواکارییانەی لەو وڵاتانەوە پێشکەش دەکرێن بۆ وەرگرتنی ڤیزا گەشت بەشێوەیەکی ئاسایی بەردەوامە. هەروەها وۆڵف باسی لەوەش کرد کە بە هۆکاری ئەمنیی ڕێکارییەکی لەو شێوەیە بەرانبەر ئەو شەش وڵاتە گیراوەتەبەر و ئەمەش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

عێراق.. ڕێگە بە هیچ کەسێک نادرێت لە چینەوە بێت بۆ فڕۆکەخانەی بەسرە

وەک ڕێوشوێنێک بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، ڕێگە بە هیچ کەسێک نادرێت لە چینەوە بێت بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەسرە. لەوبارەوە بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەسرە، سەمیر یونس لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەوەی خستووەتەڕوو کە بڕیارێنداوە ڕێگە بە هیچ کەسێک نادرێت لە چینەوە بێت بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەسرە. سەمیر یونس ئاماژەی بەوەشکرد کە ئامانج لە بڕیارەکەیان، بۆ خۆپاراستنە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کە بەم دوایانە لە چین بڵاوبووەتەوە.

ڤایرۆسی کۆرۆنا ماوەیەک لەمەوبەر لە چین سەریهەڵداوە و تا ئێستا لە ژمارەیەک وڵاتی جیهان بڵاوبووەتەوە. پێشتر بڵاوکرابوویەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە چین بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ 213 کەس و ژمارەی تووشبووانیش گەیشتووەتە نۆ هەزار و692 کەس کە ڕەوشی تەندروستی هەزار و 527یان سەختە.

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/2/2 ژمارە (5923)











هەڕێمی کوردستان لە کاری ترسنۆکانەی تیرۆریستان ناترسێت

بە بەشداری سەرۆکی حکوومەت ڕێوڕەسمی شەهیدانی 1ی شوبات بەڕێوەچوو

مەسرور بارزانی تاجەگوڵینەی لەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدانی 1ی شوبات دانا

خەبات/

دوێنێ شەمە 1ی شوباتی 2020 لە شاری هەولێر بە بەشداری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی شەهیدان، ڕێوڕەسمی 16مین ساڵیادی شەهیدانی یەکی شوبات لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان بەڕێوەچوو.

هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی دیکەی حکوومەت و کەسوکاری شەهیدان و کەسایەتی حزبی و دۆست و هاوڕێی شەهیدانی یەکی شوبات بەشداربوون، هەر لەمیانەی بەڕێوەچوونی مەراسیمەکە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا تاجەگوڵینەی لەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدانی یەکی شوبات دانا.

شایەنی وەبیرهێنانەیەوە، لە 1ی شوباتی ساڵی 2004 هەر دوو بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری هەولێر کرانە ئامانجی کردەی تیرۆریستی،لەکاتێکدا کە خەڵک بۆ جەژنە پیرۆزەی جەژنی قوربان، سەردانی یەکتریان دەکرد و بارەگای لق و مەڵبەندیش لە پێشوازی خەڵکدابوون، بەڵام لە ڕێگەی کارێکی تیرۆریستییەوە هەردوو بارەگا کرانە ئامانج و بەهۆیەوە زیاتر لە100 سەرکردە و کادیر و هاوواڵاتی شەهید بوون.

ساڵانە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان یادی شەهیدانی یەکی شوبات دەکەنەوە، وێڕای ئیدانەکردنی کارە تیرۆریستییەکە، هاوکات جەختیش لەسەر ئەوە دەکەنەوە هەرێمی کوردستان بە کردەوەی ترسنۆکانەی تیرۆر ناترسێت و دەستکەوتەکانی دەپارێزێت و زیادیان دەکات.

وێنە: فەرهاد ئەحمەد شەریف

بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا کشایەوە

بۆریس جۆنسەن بۆ بەریتانییەکان: هەوڵی ساڕێژکردنی برینەکان بدەن

بەریتانیا قۆناغی ڕاگوزەر دڕێژ ناکاتەوە و بەخێرایی یەکێتییەکە جێدەهێڵێت



دوای ماوەیەک مشتومڕ و ئەنجامدانی ریفراندۆم و دەیان گفتوگۆی دیکە، دواجار بەریتانیا هاتنەدەرەوەی خۆی لە یەکێتیی ئەورووپا ڕاگەیاند، سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتەش بۆریس جۆنسەن ئەم هەنگاوەی بە کازیوەی سەردەمێکی نوێ ناوبرد.

بەریتانیا لە ساڵی 1973دا بووە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، کاتژمێر 11ی شەوی هەینی لەسەر شەمە بە یەکجاری کۆتایی بە 47 ساڵ ئەندامێتی ناو یەکێتییەکە هێنا. بەو بۆنەیەشەوە لە دامودەزگا حکوومی و تایبەتەکانی ئەو وڵاتەدا ئاهەنگ گێڕدرا.

بانکی ناوەندی بەریتانیاش بەروارى 31ی کانوونی دووەمی 2020ی وەک ڕۆژی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ دروشمی ئاشتی، خۆشگوزەرانی و برایەتی بۆ هەموو گەلان خستە سەر دراوی کانزایی 50 پەنیی.

لای خۆشییەوە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بۆریس جۆنسەن لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان داوای لە گەلەکەی کرد کار بکەن بۆ کۆتایی هێنان بەو چەقبەستوییانەی بەهۆی بڕیکستەوە دروستبوون و هەوڵی ساڕێژکردنی برینەکان بدەن. جۆنسەن جەختی لەوەشکردەوە کە ئەرکی حکوومەتە کار بۆ یەکخستنی گەل و بەردو پێشبردنی وڵات بکات و گوتی: گرنگترین شت کە دەتواندرێت لەم شەوەدا بگوترێت ئەوەیە کە ئەم قۆناغە کۆتایی نییە بەڵکو سەرەتایە و کاتی گۆڕانکاری و نوێبوونەوەی نیشتیمانی ڕاستەقینەیە. ئەمە کازیوەی سەردەمێکی نوێیە.

جێی ئاماژەیە ئەو دامەزراوە بەریتانییانەی پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا هەیە لە کاتژمێر 11ی هەمان شەو ئاڵای یەکێتیی ئەورووپایان هێنایە خوارەوە. لەگەڵ کۆتایی هاتنی ماوەی ئەندامێتی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا، قۆناغی ڕاگوزەر لەو وڵاتە دەستپێدەکرد. لە ماوەی ئەم قۆناغەشدا بەریتانیا لەبارەی پرسەکانی بازرگانی، ئاسایش، تەندروستی، گواستنەوە و گەیاندن دانوستان لەگەڵ یەکێتییەکە دەکات. هەرچەندە ئەگەر هەیە ئەو قۆناغی ڕاگوزەرەی تا 30ی حوزەیران دیاری کراوە بۆ ماوەی دوو ساڵ درێژ بکرێتەوە، بەڵام حکوومەتی جۆنسەن ڕایگەیاندووە کە قۆناغەکە درێژناکەنەوە.

شایەنی باسە لە قۆناغی ڕاگوزەردا بەریتانیا لە بوارەکانی یەکێتیی گومرگەکان، بازاری هاوبەش و هاتوچۆی سەربەستدا وەک ئەندامێکی یەکێتیی ئەورووپا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و پابەند دەبێت بە دامەزراوەکانی یەکێتییەکەوە، بەڵام بەریتانیا لە میکانیزمەکانی بڕیاردانی یەکێتیی ئەورووپادا مافی قسەکردن لەدەست دەدات.

جێی وەبیرهێنانەوەیە ساڵی 2016 لە بەریتانیا گشتپرسییەکی تایبەت بە جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا ئەنجامدرا و بەڕێژەی سەدا52 دەنگدەرانی بەریتانی پشتیوانی جیابوونەوەی وڵاتەکەیان لە یەکێتییەکە کرد. لە ئەنجامی دوو ساڵ دانوستانی نێوان بەریتانیا و یەکێتیی ئەورووپادا لە کۆتایی ساڵی 2018دا گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر بڕێکست. بەڵام پارتەکەی سەرۆک وەزیرانی ئەو کات تێرێسا مەی نەیتوانی ڕێککەوتنەکە لە پەرلەمان تێپەڕێنێت و بۆ جاری سێیەم قۆناغی بڕێکست دواخرا کە بڕیاربوو لە 29ی ئاداری 2019دا جێبەجێ بکرێت.

سەرۆک وەزیرانی ئێستاش بۆریس جۆنسەن دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی بۆ کۆتاییهێنان بەو چەقبەستوییەی لە پەرلەماندا هەبوو لە کانوونی یەکەمی 2019دا هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجامدا و توانی بەتەنها حکوومەت پێکبهێنێت. بەمشێوەیە جۆنسەن قۆناغی بڕێکستی کردە یاسا و تا 23ی کانوونی دووەمی 2020 قۆناغە یاساییەکەی بەکۆتا هێنا.

چەند لایەنێک لە ژیانی باسنەکراوی ئیدریس بارزانی

ئەو سەرکردەیەی دووبارە نابێتەوە



نیعمەت ئەحمەد مێرزێ

گیرانەوەی ژیانی مرۆڤە مەزنەکان پێویستی بە پەرتووکێکی چەندین لاپەڕەیی هەیە، بە تایبەت مرۆڤێکی مەزن و کاریزما و سیاسییەکی وەکو ئیدریس بارزانی.

ئیدریس بارزانی جوانەمەرگ، یەکێکە لەو سەرکردە و کەسایەتییانەی کە دەستێکی بالای هەبووە لە سەرکەوتنەکانی شۆڕش و زاڵبوون بەسەر دوژمندا، کەسایەتییەک بووە نزیک لە پێشمەرگە و هەمیشە چەک بە شان و قەڵەم بەدەست و شەونخوونی کردووە بۆ ئەوەی پێشمەرگە هەست بە کەم و کوڕی نەکات میللەتیش بە ئاسوودەیی بخەوێت و ژیان بکات.

لێرەدا ئاماژە بە چەند سیفەتێکی گرنگ دەکەین کە لە کەسایەتیی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانیدا ڕەنگیان دابووەیەوە.

هێز لە کەسایەتیی ئیدریس بارزانیدا

هێز بەشێکی گرنگە لە ئامرازەکانی سەرکەوتن، هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داگیرکەرانی کوردستان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵاندا، هەبوونی هێز و پشتیوانی وەرە بەرزی شەهید ئیدریس بارزانی بوو، کاتێک دوژمن هێرشی بەربڵاو و فراوان، بەهێزێکی زەبەلاحی مرۆیی و چەکی گەرم هێرشی دەهێنایە سەر بارەگاکانی پێشمەرگە و پێشمەرگە توانای بەرگریکردنی نەدەما و جوگرافیایەکی ستراتیژی و گرنگی لەدەستدەدا، ئا لەو کاتەدا شەهید ئیدریس بە وردیەکی بەرزەوە گورزێکی کوشندەی لە دوژمن دەدا، سەرکردەیەکی لەسەرخۆ و لێبوردە بوو هێز و توانای پادە بەدەری هەبوو لەسەرکردایەتیی کردنی شۆڕش و بەرەکانی جەنگدا، لە کاتی شەڕو پێکدادانی نێوان پێشمەرگە و دوژمندا، بە وتارەکانی هێزی دەبەخشیە پێشمەرگە و هیچ کاتێکیش لە پێشمەرگە و سەنگەرەکاندا دوور نەدەکەوتەوە، هەر ئەو سەرکردایەتی کرنە نزیکەی بەرەکانی جەنگ بوو، کە هێز و وەرە و توانای دابووە پێشمەرگەکانی هەمیشە سەردەکەوتن بە کەمترین قوربانی دان.

ئامۆژگاری و وتاردان

ئیدریس بارزانی خاوەن کەسایەتییەکی کاریزما و کاریگەر بوو ساده و ساکار بوو لە وتاردانداکەسێکی دانسقە بوو، بۆیە هەر کاتێک وتارێکی دابووایە لە لایەنی بەرانبەر دەکەوتە ژێر کاریگەری زوو باوەڕی دەهێنا، لە شاندی دانوستاندنا لە نێوان لایەنی شۆڕش و لایەنەکانی تردا، هەمیشە پێشەنگ بووە لە قسەکردن و بەرگریکردن لە مافی نەتەوەیی کورد، قسەزان و وتاربێژێکی لێهاتوو بو، ئارام و ڕاستگۆ و نەرم و نیان لە قسەکردندا، نموونەی سەرکەوتوو، سەرکردەیەکی باوەڕپێکراو و خاوەن قسە و پراکتیک بوو، بۆیە چ لە کردار و چ لە قسەکردندا، هەم پێشمەرگە دەکەوتە ژێر کاریگەری و هەمیش دوژمن. هەر کاتێک دڵی پێشمەرگەیەک دەڕەنجا یان کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکان کێشەیان هەبووایە، ئەوا شەهیدی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی لەگەڵی دەکەوتە قسەکردن و بە ئامۆژگاریەکانی ئاشتیانی دەکردەوە، ئەوەش سیفەتێکی زۆر باشە کە لە هەموو سەرکردەیەکدا نییە .

خۆڕاگر لە کاتی تەنگانەدا و چاونەترس لەکاتی بێهێزیدا

هۆکارێکی سەرکەوتنی هەر شۆڕشێک، هەبوونی خۆڕاگری لە کاتی تەنگانەدا چاونەترسی و ئومێدەوار بوونە لە کاتی بێهێزیدا، سەرکردەی ڕۆژە سەختەکان، سەرکردەی خۆڕاگر و چاونەترس، ئیدریسی جوانەمەرگ، یەکێک بوو لەو سەرکردانەی کە هیچ کات بێ ئومێد نەدەبوو، لەوپەڕی بێهێزیدا هەمیشە ئومێدەوار و خۆڕاگر، پشتڕاست لە هێزی خۆی و پێشمەرگە، چاونەترس و لەسەرخۆ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ هەر کێشە و گرفتێک، کەسایەتییەک بوو هیچ کاتێک کۆڵی نەدەدا، هەمیشە لە هەوڵ و کۆشش بوو، کەسێک بوو لەوپەڕی بێ هیوایی هیوای دەبەخشییە پێشمەرگەکان، لەگەڵ پێشمەرگە و بەرپرسەکان ڕاوێژ و گفتوگۆی دەکرد وەکو چیا بوو لە پشتی پێشمەرگە، کاتێک پێشمەرگە لە قۆناغێکەوە شکستی دەخوارد لە جیاتی تەسلیمبوون، ئارامی دەگرت، پشوویەکی کورت و دەچوویە بیرکردنەوەیەکی قوڵ، بەدوای ڕێگە چارەیەک دەگەڕا، خۆی لە کاری سەختەکان نەدەزیەوە و هەمیشە ئەرکە سەختەکانی بۆ خۆی دەهێڵایەوە.

کاتێک شەهید و بریندار زۆر هەبوایە، زۆر نارەحەت و بێ تاقەت دەبوو، خەمی پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدەکانی بوو، دیسانیش هەر خۆی ڕادەگرت و هێزی دەدایە بەر خۆ و پێشمەرگە هەر ئەوەشبوو هەمیشە پێشمەرگە بەسەر دوژمندا زاڵ دەبوو.

ڕاوێژکردن و گوێگرتن لە دەوروبەری

ئیدریس بارزانی سەرکردەیەک بوو ڕاوێژی لەگەڵ هەموو پێشمەرگەیەکی دەکرد، کاتێکیش ڕاوبۆچوونی کەسێکی بەدڵ بووە، وێڕای سوپاسکردن بەهەندی وەگرتووە . لە بڕیاردانداپەلەی نەدەکرد و لەباری بابەتێک کێشەیەکی هەستیارەوە، پرسی لە کەسانی نزیکی خۆی تەنانەت کەسانیکی ئاوایی ناو شۆڕش دەکرد، گوێگرێکی باش و ڕاوێژکارێکی لێهاتوو، هەموو قسەکانی بە هەند وەردەگرت، خۆی لە هەمووان بەزاناتر نەدەزانی و زۆر ساده و ساکار بوو، زۆربەی کاتەکانیشی لەگەڵ پێشمەرگەکاندا بەسەر دەبرد، ئەوەش لەکەم سەرکردەدا بەدی دەکرێت.

شەیدای یەکگرتوویی و تەبایی بوو

شەهیدی جوانەمەرگ ئیدیس بارزانی کرۆکی یەکگرتوویی و یەکڕیزی خوێندبوویەوە بۆیە هەمیشە هەوڵی یەکگرتوویی کورد و هێزەکانی کوردی دەدا، ڕقی لە ناتەبایی دەبوویەوە، چەند لەسەر سەرکەوتن بەسەر دوژمندا کاری دەکرد، ئەوەندەش کاری دەکرد بۆ یەکڕیزی و تەبایی و یەکگرتوویی کورد، باش لەوە تێگەیشتبوو کە تەنها و تەنها بە یەکڕیزی و یەکگرتویی مافەکانی کورد بەدەست دێن و بە ناتەبایی و پەرتەوازەیی دوژمن زیاتر زەفەر بە ریزەکانی گەلی کورد و پێشمەرگە دەبات و دەتوانین زەبری کوشندە بوەشینێت، هەر بۆیەش لە کاتی زۆر ناسک تەنانەت لەکاتی جەنگی زۆر سەختیش هەوڵەکانی بۆ یەکگرتوویی و یەکڕیزی هەر بەردەوام بووە . کاتێک دوو کەس لە یەک زویر دەبوون، بەر لە هەر کارێک ئەوانی ئاشت دەکردەوە، زۆر بە وردی چاودێری تەبایی و یەکڕیزی دەکرد و نەیدەهێشت کەلێنێک هەبێت، کاتێکیش باسی ئاشتی دەهاتە ئاراوە بە وردی بیری لێدەکردەوە، ڕاوێژی دەکرد، مەسەلەکان شەن و کەوی دەکرد، بە وردی چاودێری بارودۆخەکەی دەکردو و پشوو درێژ بوو، هەستیار بوو بەو مەسەلانەی پەیوەندیان هەبوو بە مافی کورد و شۆڕشەوە.

ئەندازیاری ئاشتی

ئیدریس بارزانی سەرکردەی شۆڕشێک بوو کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وێنەی نەبووە، لە نێوان دیوارێک ئاگر و باروت، چواردەوری تینووی خوێنی کورد، لە هەموو لایەکەوە هەوڵی لەناوبردنی کێشەی کورد دەدرا، هەوڵی کپکردنی شۆڕش و دەنگی ئازادی دەدرا، بەڵام دوژمن نەیتوانی شۆڕش تێک بشکێنێت ئیدریس بارزانیش وێڕای بەرگریکردن، ئەوجاش هەوڵی ئاشتی و تێگەیشتن دانوستاندن و سەرمێزی دەکرد، بۆیە توانی نازناوی ئەندازیاری ئاشتی بەدەست بێنێت، چونکە حەزی لە خوێنڕشتن و کوشتنی بەناحەقی هیچ مرۆڤێک نەبوو و هەردەم حەزی لە ئاشتی و پێکەوەژیان هەبوو و لە سەرکردایەتییکردنی شاندەکاندا بۆ ئاشتی هەوڵی دەدا، ئاشتی خواز و باوەری بەوە هەبووە کە تەنها ئاشتی دەتوانیت ببێتە ئەلتەرناتیڤی شەڕ بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادی، بۆیە هەمیشە هەوڵی ئاشتی داوە و هەوڵەکانیشی سەرکەوتوو بوونە.

هەمیشە ناکۆکی و دووبەرەکی هەیە لەنێوان چەند ئایدولۆژیای جیاواز، ئەوەش سروشتیە و ئەوەی گرنگە ئامانجی یەکسانە لە نێوان ئەو ئایدولۆژیا جیاوازانەیە، لە کاتی شۆڕشیش دوژمن هەوڵی ناکۆکی نانەوەی داوە لە نێو ڕیزە کوردییەکاندا بەڵام کەسێک هەبوو لە نێوان شۆڕشدا هەمیشە ئیدریس بارزانی کەسی یەکەم بوو بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان پەنای بۆ ببەن بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان، هەر کێشە و ناکۆکییەک هەبوایە لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا.

ئیدریس بارزانی خۆی لێ دەکردە خاوەن و تا چارەسەری نەکردبوایە وازی لێ نەدەهێنا، باوەڕی وا بوو چەند حزب هەبن، ئەوەندە ڕای جیاواز و ئایدلۆژیا هەبێت، خەباتی شاخ بکەن یان مەدەنی خەباتی چەکداری یان ڕۆشنبیری جیاوازی نییە، بە مەرجێک هەموو ئەوانە بۆ ڕزگاری گەلێکی ستەملێکراو بێت، بڕوای وابوو هەموو لایەنەکان ناکۆکییەکان وەلابنێن و بۆ ڕزگاربی کوردستان یەک ئامانج بگەرنە بەر، یەک ڕیگە و یەک مەبەست، هەر لایەنیک و هەر کەسیک ئازادە لە کۆبوە و چۆن شۆڕش و خەبات بکات، بەڵام ئەو شۆڕش و خەباتە بۆ ڕزگاری گەلی کورد بێت، تەنانەت بە تەواوی هێزیشەوە پشتگیریی لە هەر لایەنێک و کەسێک دەکرد بۆ ئەم مەبەستە، ئیدریس بارزانی نەک هەر ڕۆلێکی گرنگی گێڕاوە لە لێک نزیککردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بەڵکو و ڕۆلێکی گەورەی هەبووە لە یەک نزیککردنەوەی لایەنە کوردستانییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات و نێوان لایەنە کوردییەکان و وڵاتە داگیرکەرەکانیش.

هەڤاڵ و پێشتیوانی پێشمەرگە

سەرکردەی سەرکەوتوو ئازا ئەوەیە لە ناو خەڵکی ئاسایی هەڤاڵەکانی خۆی بژیت و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی بژێوی ژیانی ئەوان بێت، خاوەنی ئەو سیفەتە جوانە بوو، جەنابی باش دەیزانی گوندنشین و جوتیار و چینی هەژار پێشتیوانی هەرە لە پێشی شۆڕشی گەلی کورد، بۆیە هەمیشە لە نزیکەوە چاودێری ژیان و گوزەرانی ئەوانی دەکرد، هەمیشە هاوکاری سەرەکی چینی هەژار و کرێکار و جوتیار و پێشمەرگە بوو هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە کە چینی هەژار و گوند نشینەکان بوون کە نەیان هێشت ئاگری شۆڕش بکوژێتەوە ئەوان پشتیوان و هاوکاری سەرەکی پێشمەرگە و شۆڕش بوون، ڕێگری کرد لە پەرت و بڵاوبوونی ئاوارەکان، جێگەی بۆ دۆزینەوە و لە چەند کەمپێکدا نیشتەجێ کران، هاوکارییەکی نێودەوڵەتی بۆ کۆکردنەوە و توانیان خۆیان لەسەر پێیەکانی خۆ بگرن، دوژمن هەوڵی دووبەرەکی و نانەوەی ئاژاوە بوو لەناو شۆڕش و ئاوارەکاندا، بەڵام ئیدریس بارزانی لەو پلان و ئاژاوەگێڕانە بەهێزتر بوو و نەیهێشت دوژمن بە ئاواتەکانی بگات، سەرکردایەتیی ئاوارەکانی کرد و ئاوارەکانیش دڵخۆش و سەربەرز بوون بەوەی ئیدریس بارزانی لەناویاندایە و ئاگاداری ڕەوشی ژیانیانە، ئەم حکوومەت و دەستکەوتی ئەمڕۆش بەرهەمی ئەو ئاوارەیی خۆڕاگرییە جەماوەرییەی سالانی ڕابردووە.

ڕاستگۆ و پیشتیوانی حەق بوو

سەرکردەی کاریزمای کورد جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی هەمیشە ئامۆژگاری ئەوەی دەکرد کە لەگەڵ یەکتری ڕاستگۆ بین، پێچ و پەنای لەناو قسەکان نەبێت و هەموو ڕووداوەکان قسەکان وەکو خۆی بگێڕینەوە، مۆڵەتی بە کەس نەدەدا سادەیی خۆش باوەڕی خەڵک بقۆزێتەوە و درۆیان لەگەڵ بکات، هەمیشە خەڵکی بۆ باشە و چاکە هان دەدا، زەندەقی لە درۆ دەچوو، تەئکیدی لە خزمەتکردنی خەڵکی دەکردەوە و دەیفەرموو ئەگەر ئەم خەڵکە نەبێت، ئێمەش نابین، کەواتە پێویستە بۆ خەڵک بین و لە خزمەتی خەڵکی دابین، کاتێک لە ئەدا و ڕەفتاری بەرپرسێک ڕازی نەبوایە، بانگی دەکرد و ڕووبەڕوو پێی فەرموو، بە کەسی باش دەیگوت باش بە کەسی خرابیش بە ڕووبەڕوو دەیگوت خراب، هەمیشە تەئکیدی لەوە دەکردەوە کە نابێت زوڵم لە کەس بکرێت، زوڵم هەر زوڵمە چ دوژمن بکات چ بەرپرسێک فەرمووی ئەو خەڵکە سەرمایەی شۆڕشە و ئەم شۆڕشە هەڵقوڵاوی ناخی ئەم خەڵکەیە، شۆڕش لە خەڵکەوەیە بۆ خەڵک، کەواتە ئەم خەڵکە خاوەنی شۆڕشە ئێمەش بەشێکین لەو خەڵکانە، زیاتر هانی بەرپرسانی دەدا خەڵک فێری ڕەوشتبەرزی و چاکە و ڕاستگۆیی و ئومێدەواری بن.

دەرگای کراوەبوو

سەرکردەی شۆڕش ئیدریس بارزانی یەکێک بووە لەو سەرکردە میژوویینەی کە هەمیشە دەرگای بارەگاکەی والا بووە بۆ هەر کەسێک کە پێویستی بە بەڕێزبانی هەبووە، هیچ کاتێک ماندوو نەبووە لەوە پێشمەرگە و هاووڵاتیان پەنابەرن بۆ حزوربان و هەمیشە بەدواداچوونی وردی کردووە بۆ سکاڵا و داواکارییەکانی هەموو کەسێک بە بێ جیاوازی، تەئکیدی لەوە دەکردەوە کە نابێت هیچ سەرکردە و فەرماندەیەک دەرگای دابخات لەسەر پێشمەرگە و هاووڵاتیان، هیچ کاتێکیش نەبووە سکاڵای کەسێکی پشتگوێخستبیت و هەمیشە بە دڵسۆزی و پەرۆشەوە هەوڵی چارەسەری کێشەی خەڵکی داوە و داخوازییەکانی جێبەجێ دەکردن لە چارەسەری جۆرەها کێشە، شارەزاییەکی باشی هەبووە، بە وردی کێشەکانی لێکدەدایەوە و چارەسەریانی دەکرد.

هەر کاتێک کەسێک بۆ ماوەیەک دیار نەبوایە، ئیدریس بارزانی خۆی لێی دەپرسی و سوراخی دەگرت، وەفادار بوو بۆ هەڤاڵانی، کەسێک بووە لە درەنگانی شەویش دەرگای دانەخستووە زۆربەی کاتەکانیش تا درەنگانی شەو لە بارەگا دەمایەوە بۆ ئەوەی ئیشو کارەکانی خەڵک چارەسەر بکات، ئەوانەی لەگەڵ ئیدریس بارزانی بوون هیچ کاتێک هەستی بە بێزاری و ماندوو بوون نەیکردووە.

دۆستی ئەدەبیات و خوێندن

ئیدریس بارزانی زۆر سەرسەختانە پشتگیری لە زانست و خوێندن کردووە، ئەو کەسانەی دەرفەتی خوێندنیان هەبوو، بە هەموو شێوەیەک پشتگیریانی دەکرد، هەوڵی دەدا ئەوانەی لە قوتابخانەن درێژە بە خوێندن بدەن و پشتگیریانی دەکرد، چەندین کەسی بەر خوێندن داناوە و چەندین کەسی ناردووە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی بۆ دواڕۆژ کەسانی بە ئەزموون و خاوەن بڕوانامەی بەرز بن کورد پێویستی بە بێگانە نەبێت، ئیدریس بارزانی زۆر کەسی لە پێشمەرگایەتی ناردووە بۆ قوتابخانە و لەوێشەوە بۆ ناوەندەکانی باڵای خویندن، دۆستی ئەدەبیات و شیعر و فەلسەفە، ئایین و کولتوورە جیاوازەکان بووە، هیچ کاتێک بە خراپە باسی هیچ ئایینێکی نەکردووە و ڕێزی لە هەموو ئایینەکان گرتووە. ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی ئێستا خاوەن بڕوانامەی بەرزن، لەلایەن خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانییەوە پشتگیریان کراوە و ناردوونەتە دەرەوەی ناوچەکە بۆ خوێندن.



فەرحان جەوهەر

سەرکردەی رۆژانی سەخت..

ئیدریس بارزانی

هەموو ئەو کەسە تێکۆشەرانەی رۆژانێک لە پاڵ ئەو سەرکردە مەزنەی کورد خەباتیان کردووە، هەرگیز ناتوانن لە بیری بکەن، ئیدریس بارزانی سەرکردەیەکی پشوودرێژ بووە لە سیاسەت و گفتوگۆزانێکی گەورەش بووە لە بەیەکگەیاندنی لایەنە جیاوازەکان، ئاشتەوایی سیاسی لایەنە کوردییەکان و دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لەسەردەستی ئەو سەرکردەیە لە دایکبوون، بەر لەو هەنگاوەش رۆڵی سەرەکی گێڕاوە بۆ هەڵسانەوەی شۆڕشی کوردستان و دووبارە خۆسازدانەوە بۆ درێژەدان بە شۆڕش و خەبات.

لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش چ وەک سەرکردەیەکی مەیدانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ و دیپلۆماتکارێکی لێهاتوو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ هەموو لایەنەکان بە تایبەتی رۆڵی مەزنی لە دەرچوونی بەیانی ئازارگەلێک زۆر بوو، هەروەها سەرکردایەتیکردنی شەڕی گەورە و بەناوبانگی هەندرێن، کە بووە هۆی گۆڕینی هاوسەنگی هێز لەگەڵ حکوومەتی عێراق و ناچاربوون مل بدەن بۆ گفتوگۆ، کۆکردنەوەی پێشمەرگەکانی حزبی شوعیی شانبەشانی پێشمەرگەی پارتی و شۆڕش لەم شەڕەدا کە شیوعییەکان رۆڵی بەرچاویان هەبوو، دەرئەنجامی بیری فراوانی ئەو سەرکردە مەزنە بوو، بۆ هاوخەباتی و پێکەوەبوون، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لەسەر دەستی ئیدریس بارزانی کۆتایی بە شەڕی نێوخۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هات.

لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش هەماهەنگی دروستکرد، بۆ خەباتکردن پێکەوە لە دژی دیکتاتۆرییەت، وێڕای لایەنی سیاسی، لایەنی کۆمەڵایەتیش هیچ کاتێک خۆی لە خەڵک جیا نەدەکردەوە، کێشەکانی تاک بەتاکی پێشمەرگە و هاووڵاتیان و گەنجانی چارەسەر دەکرد، پێداویستییەکانی پێشمەرگە و بەرەکانی جەنگی دابین دەکرد، هیچ کەسێک نەبووە کێشەی لای ئەو سەرکردەیە چارەسەر نەکرابێت، گەلێک لەو گەنجانەی دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەنیازی هاندەران بوون، دوای دانشتنیان لەگەڵ ئەو سەرکردەیە رایەکانیان دەگۆڕا و دەچوونە ناو ریزەکانی پێشمەرگە و دەستیان بە خەبات دەکردەوە، ئەمەش نیشانەی سەرکردەی کاریزمایە، کە دەتوانێت لە سەختترین کاتدا بڕوا و هێز بداتە دۆست و لایەنگرانی، هەر بۆیە لە دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ئاوارەیی توانی دەستەدەستە پێشمەرگە کوبکاتەوە و لە باردۆخێکی زۆر سەختدا ڕەوانەی سنوورەکانیان بکات و سەرکردایەتییەکی کاتی پێکبهێنێت، بۆ دووبارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، دواتر بە شۆڕشی گوڵان ناسێندرا، هەروەها لە ئێرانیش وێڕای چاودێری دەزگای جاسووسی ساڤاک، کاری ڕێکخستنی حزبی و یارمەتیدانی خەڵکە ئاوارەکەی لە ئەستۆگرتبوو، هیچ ماڵە پێشمەرگەیەک نەبووە ئیدریس بارزانی یارمەتی نەدابێ، بەو بڕە پارەیەی لە پاشماوەی شۆڕش مابووەوە هەریەک بەگوێرەی پێداویستی خۆی، هەموو ئەو فەرماندە پێشمەرگانەی پەیوەندییان لەگەڵ ئەو سەرکردەیە هەبووە، ڕۆژێک نەبووە دڵی یەکێکیانی زوبر کردبێت، بەپێچەوانەوە هەبووە لەناو ئەو فەرماندانە، دڵی ئەویان شکاندبێ، بەڵام وەک باس دەکەن هیچ بەسەر خۆی نەهێناوە، لە گفتوگۆ هێمن بووە و بواری بە بەرانبەرەکەی داوە بە ئازادیی رای خۆ دەربڕێت، ئەوکاتەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لایەنی شیعی ویستوێتی لە کۆنگرەی تاران ساڵی 1986 کە هەموو لایەنە کوردییەکانیش بەشداربوون، فۆرمێکی دیارکراوی خۆیان بۆ حوکمدارێتی لە دوای ڕژێمی سەددام بەسەر لایەنەکان بسەپێنن، ئیدریس بارزانی تەنیا سەرکردەبوو ڕووبەڕوویان بووە و داوای کرد، دەبێ خەڵکی عێراق بە هەڵبژاردن ئەم بابەتە یەکلابکەوە، نەک بە سەپاندنی مۆدێلێک بەزۆر، بۆیە هەموویان ڕازی بوون بەو ڕایەی ئیدریس بارزانی کۆتایی بە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بە فیکر و بۆچوون و خاسییەتانەی سەرکردەی هەمیشە زیندوو ئیدریس بارزانی هەیە.

شاندێکی حکوومەتی هەرێم لە ئیتاڵیا بەشداری لە کۆنفرانسی شێوێنەوار دەکەن

ساسان عەونی بانگهێشتی زانکۆکانی ئیتاڵیای کرد بایەخ بە گەشتوگوزار و شوێنەواری هەرێم بدەن

جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا: حکوومەتی ئیتاڵیا بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە



شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی ولاتی ئیتاڵیای کرد بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی کەرتی شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان، بۆ گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە و ئامادەکاری بۆ بە گەشتیاریکردنی پرۆژەی تۆڕی ئاودێری سەنحاریب لە قەزای شێخان، هەروەها دروستکردنی ناوچەی شوێنەواری گەشتیاریی بە هاوبەشی لەنێوان زانکۆی ئودینە و سەنتەری لێکۆڵینەوەی نیشتمانیی ئیتاڵیا ماستەرپلانی بۆ دانراوە.

نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی عێراق و وەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیا و نوێنەری یونسکۆ و سەنتەری نیشتمانی ئیتاڵی و نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کونسوڵی ئیتاڵیا لە کوردستان بەشداری کۆنفرانسەکە بوون سەبارەت بە دروستکردنی پارکی شوێنەواری و ژینگەیی بۆ پرۆژەی تۆڕی ئاودێری سەنحاریب کە لە شوێنەواری خنس بۆ شوێنەواری جەرواندێ درێژ دەبێتەوە و ڕووبەری لە 130 کم دووجا پێک دێت و کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆری گەشتیاریی و ژینگەیی لەخۆدەگرێت.

هەر لەمیانەی ئەو سەردانەدا شاندی هەرێمی کوردستان ڕۆژی پێنجشەممە 30ی کانوونی دووەمی 2020 لە وڵاتی ئیتاڵیا، خاتوو مەرینا سێرینی جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا پێشوازی لە شاندی حکوومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتیی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هاوکارییانەی پێشکەشی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستانیان کردووە، داواشی کرد هەماهەنگی و هاوکارییەکانی حکوومەتی ئیتاڵیا بۆ حکوومەت و گەلی کوردستان و پێشمەرگە بەردەوام بن.

تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە قسەکردن لەسەر کۆنفرانسی شوێنەوار کە لەلایەن زانکۆی ئودینەی ئیتاڵیاوە بەڕێوەچوو، هاوکات وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بانگهێشتی زانکۆکانی ئیتاڵیای کرد بە مەبەستی بایەخدان بە سێکتەری شوێنەوار سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و ئامادەیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشی بۆ هەر هەماهەنگی و ئاسانکارییەک بۆ زانکۆکانی ئیتاڵیا کە لە بواری کەرتی شوێنەوار کار دەکەن، نیشان دا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار گوتیشی: پێویستە کۆمپانیاکانی بواری گەشتیاری و شوێنەواری ئیتاڵی هان بدرێن تا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن، بۆ پتەوکردنی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی هەردوولایەنی هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیا، ئاماژەی بە بواری شارەوانیش کرد بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەنێوان شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیا باشتر بکرێت.

لە بەرانبەردا جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا خاتوو مەرینا سێرینی بە بایەخەوە جەختی لەوە کردەوە گەل و حکوومەتی ئیتاڵیا هەمیشە وەک هاوکار و پاڵپشتیی هەرێمی کوردستان دەمێنێنەوە بە تایبەتی گەلی کوردستان و پێشمەرگە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە شەڕی دژی داعش و تیرۆردا هەبووە، خاتوو مەرینا سێرینی جەختی کردەوە حکوومەتی ئیتاڵیا بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە بۆ بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان، جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا جەختیشی لەسەر پتەوکردنی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی کردەوە لەڕووی ئابووری و شوێنەوار و سەربازی بە تایبەتی ئاوارەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستاندا هەن.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ساسان عەونی بە فەرمی بانگهێشتی خاتوو مەرینا سێرینی جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیای کرد سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و پێشنیاریی ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی هاوبەشی لایەنی هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیاشی کرد لە بواری ئابووری و شوێنەوار و گەشتیاری، لە بەرانبەردا جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا ئەو پێشنیارەی بە بایەخەوە وەرگرت و گوتی کاری جیدی لەسەر دەکرێت.

ئیمانوێل ماکرۆن: جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا هۆشداریەکی مێژوویی

بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانمان بەرانبەر ئەمەریکا و چین زیاتر پێویستمان بە ئەورووپایە

سەرۆکی فەرەنسا لەبارەی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا ڕایگەیاند: ئەو جیابوونەوەیە شۆکێکە، هۆشداریەکی مێژوویی بە وریایی و بیرکردنەوەیە لە هەموو وڵاتێکی ئەورووپا، چونکە دوای 70 ساڵ ئەوە یەکەمجارە وڵاتێک لە یەکێتیی ئەورووپا جیا دەبێتەوە.

چەند کاتژمێرێک پێش جیابوونەوەی بەریتانیا بە فەرمی لە یەکێتیی ئەورووپا، سەرۆک کۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن ڕایگەیاند: ئەو جیابوونەوەیە شۆکێکە، هۆشداریەکی مێژوویی بە وریایی و بیرکردنەوەیە لە هەموو وڵاتێکی ئەورووپا.

ماکرۆن لە کۆشکی ئێلیزا ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا دا و ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو جیابوونەوەیە شۆکێکە، هۆشداریەکی مێژوویی بە وریایی و بیرکردنەوەیە لە هەموو وڵاتێکی ئەورووپا، چونکە دوای 70 ساڵ ئەوە یەکەمجارە وڵاتێک لە یەکێتیی ئەورووپا جیا دەبێتەوە.

هەماهەنگی و هاوکارییانەی پێشکەشی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستانیان کردووە، داواشی کرد هەماهەنگی و هاوکارییەکانی حکوومەتی ئیتاڵیا بۆ حکوومەت و گەلی کوردستان و پێشمەرگە بەردەوام بن.

تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە قسەکردن لەسەر کۆنفرانسی شوێنەوار کە لەلایەن زانکۆی ئودینەی ئیتاڵیاوە بەڕێوەچوو، هاوکات وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بانگهێشتی زانکۆکانی ئیتاڵیای کرد بە مەبەستی بایەخدان بە سێکتەری شوێنەوار سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و ئامادەیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشی بۆ هەر هەماهەنگی و ئاسانکارییەک بۆ زانکۆکانی ئیتاڵیا کە لە بواری کەرتی شوێنەوار کار دەکەن، نیشان دا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار گوتیشی: پێویستە ئەو جیابوونەوەیە لە یەکێتیی ئەورووپا، سەرۆک کۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن ڕایگەیاند: ئەو جیابوونەوەیە شۆکێکە، هۆشداریەکی مێژوویی بە وریایی و بیرکردنەوەیە لە هەموو وڵاتێکی ئەورووپا، چونکە دوای 70 ساڵ ئەوە یەکەمجارە وڵاتێک لە یەکێتیی ئەورووپا جیا دەبێتەوە.

ماکرۆن لە کۆشکی ئێلیزا ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا دا و ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو جیابوونەوەیە شۆکێکە، هۆشداریەکی مێژوویی بە وریایی و بیرکردنەوەیە لە هەموو وڵاتێکی ئەورووپا، چونکە دوای 70 ساڵ ئەوە یەکەمجارە وڵاتێک لە یەکێتیی ئەورووپا جیا دەبێتەوە.

چەند کاتژمێرێک پێش جیابوونەوەی بەریتانیا بە فەرمی لە یەکێتیی ئەورووپا، سەرۆک کۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن ڕایگەیاند: ئەو جیابوونەوەیە شۆکێکە، هۆشداریەکی مێژوویی بە وریایی و بیرکردنەوەیە لە هەموو وڵاتێکی ئەورووپا، چونکە دوای 70 ساڵ ئەوە یەکەمجارە وڵاتێک لە یەکێتیی ئەورووپا جیا دەبێتەوە.

چەند کاتژمێرێک پێش جیابوونەوەی بەریتانیا بە فەرمی لە یەکێتیی ئەورووپا، سەرۆک کۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن ڕایگەیاند: ئەو جیابوونەوەیە شۆکێکە، هۆشداریەکی مێژوویی بە وریایی و بیرکردنەوەیە لە هەموو وڵاتێکی ئەورووپا، چونکە دوای 70 ساڵ ئەوە یەکەمجارە وڵاتێک لە یەکێتیی ئەورووپا جیا دەبێتەوە.

ئەنجامی لێژنەی بەدواداچوونی پەرلەمان بۆ کەیسی گیانلەدەستدانی هاووڵاتی مەجید برایم ڕاگەیەندرا

دوابەدوای پێکهێنانی لێژنەیەکی لاوەکی بۆ بەدواداچوونی کەیسی گیانلەدەستدانی هاووڵاتی مەجید برایم، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 2020/1/30 لێژنەکە ئەنجامی بەدواداچوونەکەیان خستەڕوو، ئەمەی خوارەوە وردەکاری بەدواداچوونەکەیانە:

دوابەدوای پێکهێنانی لێژنەیەکی لاوەکی بە سەرۆکایەتیی عوسمان کەریم سواره و بە یاوەری بەڕێزان ڕۆمیۆ هەکاری، ڕزگار محەمەد مەحمود، سەعید هەرکی، حەسیبە گەردی، هیمداد سەباح، زکری زێباری، شادی نەوزاد، د. وەعدی سلێمان عەلی، لەسەر کەیسی گیانلەدەستدانی مەجید برایم، دوابەدوای ئەوەی سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشیان کرد و گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر دۆسییەکە کرا هۆکارەکانی گرتن و گیانلە دەستدانی هاووڵاتی مەجید برایم بۆ لێژنە ڕوونکرایەوە، هەروەها هاوکاری تەواو کرا بۆ لێژنە بۆ ئەوەی بەدواداچوونی خۆی بکات بە شێوەیەکی مەیدانی.

دواتر لێژنەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانیان کرد و لەگەڵ بەڕێوەبەر و ئەفسەرە پەیوەندیدارەکان کۆبوونەوە و زانیاری تەواوی لەسەر کەیسەکە بۆ ئەندامانی لێژنە خرایەڕوو و سەرجەم بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکان خرانەڕوو. لێژنەکە لە ڕێگەی ئەفسەر و کارمەندانی ئاسایش و بەندیخانە، شوێنی گیانلەدەستدانی ناوبراویش بەسەر کرایەوە و وەڵامی پێویستی ئەندامانی لێژنە درایەوە. هەروەها سەردانی لێژنەی پزیشکی دادی لە هەولێر کرا کە لێکۆڵینەوەی خۆی کردبوو لەسەر تەرمەکە و ئاگادار کراین کە تەرمەکە ڕەوانەی پزیشکی دادی کۆیە و سلێمانیش کراوە، بەڕێز عوسمان سێدەری سەردانی کردووە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی ئەوانیش ئەنجام بدرێت. هەروەها سەردانی مالی ناوبراو کرا و وتەی کەسوکاری وەرگیراوە لەسەر کەیسەکە و شێوازی گرتنەکەی و ئەو کەلوپەل و ماددانەی کە پێی گیراون.

لێژنەکە بەدواداچوونی پێویستی کردووە لەسەر کەیسەکە، چاوەڕێی کۆتایی ئەنجامەکانی دادگا و لایەنی پەیوەندیدار دەبین و وەک لێژنەی بەدواداچوونی پەرلەمانی، پشتگیری لە بەیاننامەی ئاسایشی گشتی دەکەین و هیچ خاڵێکی وا تێبینی نەکراوە کە پێچەوانەی ڕاگەیێندراوی ئاسایش بێت، بۆیە سەرەڕای ئەمە لێژنە چاودێری کەیسەکە دەکات، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی کۆتایی بەشێوەیەکی یاسایی لە ڕێگەی دام و دەزگای پەیوەندیدار(دادگا، پزیشکی داد) یەوە بۆ هاووڵاتیان و ڕای گشتی بخرێتەڕوو.

موقتەدا سەدر: سیاسییەکان شکستیان هێنا لە پێکهێنانی حکوومەتی نوێ



سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر ڕایگەیاند، سیاسییەکانی عێراق شکستیان هێناوە لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت، هاوکات دوای ئەنجامدانی خۆپیشاندانی کرد لە نزیک ناوچەی سەوز ناوەڕاستی بەغدا.

سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر ڕایگەیاند، سیاسییەکانی عێراق شکستیان هێناوە لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت، هاوکات دوای ئەنجامدانی خۆپیشاندانی کرد لە نزیک ناوچەی سەوز ناوەڕاستی بەغدا.

موقتەدا سەدر لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە جارێکی دیکە سیاسییەکان شکستیان هێناوە لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت و تا ئێستاش ژمارەیەکیان دەستی دەستی بە جێبەجێکردنی داواکارییە ڕەواکانی خۆپیشاندەران دەکەن.

سەدر داوای ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی ئاشتیانەی لە بەغدا کردووە بۆ گوشارخستنە سەر سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەت وەک ئەوەی گەل و مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق، عەلی سیستانی بانگەوازی بۆ کردووە. جێی ئاماژەیە، سەرۆککۆماری عێراق، بەرهەم ساڵح ڕۆژی چوارشەممە ڕابردوو دوایین وادەی بە لایەنە سیاسییەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران دا کە تا ڕۆژی شەممە کاندیدی پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق یەکلایی بکەنەوە. موقتەدا سەدر داوای ئامادەکاریی کردووە بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ئاشتیانە لە نزیک ناوچەی سەوز بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان، هاوکات داوای لە خۆپیشاندەران کردووە کە دان بەخۆیاندا بگرن و بە هیچ شێوەیەک ڕێگە و پردەکان دانەخەن و دەوام لە دامەزراوە پەروەردەیی و فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان ڕانەگرن. ئەم هەڵوێستەی موقتەدا سەدر بە پاشگەزبوونەوە لەو هەڵوێستەی دێت کە هەفتەیەک پێش ئێستا لایەنگرانی لە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندانەکان کشاندەوە.

سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوو خۆپیشاندەرانی نارازیی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدییان ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرد. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی و چەند لایەنێکی سیاسی، لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، زیاتر لە 600 کەس کوژراون.

قەزایا بەردەرەش... یادا شەهید هوجام سورچی هاتە ساخکرن



ب ئاماژەبونا سەباح بیتولاّ بەرپرسێ لقا 9یا پارتی و فەرماندە موسا گەردی و هەژمارەکا فەرماندە و ئەفسەرێن پلەدارێن دەزگایێن میری ل بەردەرش سالفەگەرا شەهید هوجام سورچی هاتە ساخکرن، کو ژ لایێ دەزگایێ نێڤدەولەتیێ پێشمەرگەی بو کاروبارێن مروڤی ئوفیسا بەردەرش ڤە هاتبو ڕێکخست.

هەر بڤێ هەلکەفتێ، بەرپرسێ لقا 9 پەیڤەک پێشکێشکر و راگەهاند کو ساخکرنا سالفەگەرا شەهیدان هێمایەکە ژبوی ڕێزگرتنێ ل ئازایەتی و گیانفیدای یا وان و وەفایەکە بو مالباتێت سەربەرزێن شەهیدان، شەهید هوجام سورچی یێک ژ وان شەهیدێن گەلێ مەبو کو ل پێناف ئازادیی و سەربەخوی یا کوردستانێ گیانێ خو گوری ڤێ ئاخێ کر و بدرندەترین شێوە بدەستێ داعشێن تاری پەرست هاتە شەهیدکرن و دوژمن و نەیار و خۆپەردست ل ئاستێ تێکوشین و بیرو هزرا نەتەوەییو شۆڕەشگێریا وان قەهرەمانان دا دێ هەر سەرشۆڕ مینن.

کاکەمین نەجارِ: کاک ئیدریس ئەندازیاری ئاشتیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو



لەیادی 33 ساڵەی کۆچی ناوادەی کاک ئیدریس بارزانی ئەندازیاری ئاشتەوایی و پێکەوە ژیان لەکوردستان، لەهۆڵی بۆنەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر بە ئامادەبوونی کاکەمین نەجار بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی و هەڤاڵان و کادیران و جەماوەرێکی یەکجار زۆری سنوورەکە بۆ بەرزراگرتنی ئەو یادە، لقی 16 کۆڕێکی جەماوەری بۆ کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر سازکرد. لەدەسپێکی کۆڕەکەیدا کاکەمین نەجار بەشێک لە یادەوەرییەکان و خەبات و تێکۆشانی کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیادی بۆ ئامادەبوانی کۆڕەکە باسکرد و رایگەیاند: کاک ئیدریس سەرکردەیەکی خاکی و ئەندازیاری ئاشتیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو، سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی زۆربەی داستانەکانی پێشمەرگەی دەکرد بە هاوبەشی لەگەڵ سەرۆک بارزانی و دایناموێ سەرهەڵدانەوەی شۆرشی گوڵان و پێکهێنەری بەرەی کوردستانی بوو کەتیایدا هەموو پارتەکانی کوردستانی لەژێر یەک چەتر کۆکردەوە، بە داخەوە کۆچی ناوادەی کاکە ئیدریس داخێکی گەورەی بۆ سەرکردایەتی پارتی و تەواوی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بۆ سەرۆک بارزانی هێشتەوە.

جەخت لە یەکدەنگی و تەبایی نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرایەوە



بەرپرسی لقی 16: ئامانجی هەرە لە پێشینەی کارەکانمان خزمەتکردنی هاووڵاتیانە



بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی و هەڤاڵان و کادیران و جەماوەرێکی یەکجار زۆری سنوورەکە بۆ بەرزراگرتنی ئەو یادە، لقی 16 کۆڕێکی جەماوەری بۆ کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر سازکرد. لەدەسپێکی کۆڕەکەیدا کاکەمین نەجار بەشێک لە یادەوەرییەکان و خەبات و تێکۆشانی کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیادی بۆ ئامادەبوانی کۆڕەکە باسکرد و رایگەیاند: کاک ئیدریس سەرکردەیەکی خاکی و ئەندازیاری ئاشتیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو، سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی زۆربەی داستانەکانی پێشمەرگەی دەکرد بە هاوبەشی لەگەڵ سەرۆک بارزانی و دایناموێ سەرهەڵدانەوەی شۆرشی گوڵان و پێکهێنەری بەرەی کوردستانی بوو کەتیایدا هەموو پارتەکانی کوردستانی لەژێر یەک چەتر کۆکردەوە، بە داخەوە کۆچی ناوادەی کاکە ئیدریس داخێکی گەورەی بۆ سەرکردایەتی پارتی و تەواوی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بۆ سەرۆک بارزانی هێشتەوە.

بەرپرسێ پیرۆزبایی 25مین سالیادی دامەزراندنی پارتی کریکاران و رەنجدەرانی کوردستان، دوێنێ کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێری پارتی و عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی بە یاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانیەکان، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی کریکاران و رەنجدەرانی کوردستانیان لە شاری هەولێر کردو لە لەلایەن باپیر کامەلا سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی کریکاران و رەنجدەران پێشوازی کران. لە دیدارێکدا شاندی پارتی بەناوی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی پیرۆزبایی سالیادی دامەزراندن ئاراستەی پارتی ناوبراو کرد و هیوایان خواست ئەم یادە هەنگاوێکی دیکە بێت بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو پاراستن و پێشکەوتنی ئەزموونی دیموکراسی گەلی کوردستان، هەر لەم دیدارەدا باس لە پەیوندی و هەماهەنگی نێوان پارتی و پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان و یەکدەنگی و تەبایی سیاسی نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەم قۆناغە هەستیاردا کەناوچەکە پێدا تێپەڕدەبێت کرا.

بەرپرسی لقی 16: ئامانجی هەرە لە پێشینەی کارەکانمان خزمەتکردنی هاووڵاتیانە

بە مەبەستی خستنەڕووی کێشە و پێداویستی و کەموکوڕی لە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی سنوورەکەیان، شاندێک بە نوێنەرایەتی هاووڵاتیانی گوندی سێبەردان لەسنووری ناحیەی کەسنەزان سەردانی بارەگای لقی 16ی هەولێریان کردو لەلایەن بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە کارگێڕانی لق بەگەرمی پێشوازییان لێکرا. لەسەرەتای دانیشتنەکەیاندا شاندی میوان بەناوی دانیشتوانی گوندی سێبەردان سوپاس و پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی بەرپرسی لقی 16ی هەولێر کرد لەبەرامبەر ئەو پێشوازییە گەرمەی لێیانکرا کە هەمیشە بەتەنگ چارەسەرکردنی کێشەو پێداویستیەکانی هاووڵاتیانەوە بووە، هەر لەدانیشتنەکەدا گیروگرفت و پێداویستییەکانی خەڵکی سنوورەکەیان و کەموکوڕی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی دەڤەرەکەیان خستەڕوو بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆیان. لەبەرامبەردا بڵند ئیسماعیل ئامادەیی لقی 16ی هەولێری دەربڕی بۆ هەرجۆرە هاوکارییەک کە سوود بەخەڵکی سنوورەکەیان بگەیەنێت و لەو پێناوەشدا هەوڵی جددی دەدات تا لەڕێگای دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم تەواوی کێشەو گیروگرفت و پێداویستیەکانیان بۆ چارەسەر بکات، چونکە ئامانجی هەرە لەپێشینەمان خزمەتکردنی هاونیشتمانیان و دابینکردنی خۆشگوزەرانییە بۆیان.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان
بەڕێزان، لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو عوسمان مەجید خان ئەحمەد

بەدڵگرانیەکی زۆرە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی کۆمەڵایەتی گەرمیان (عوسمان مەجید خان ئەحمەد)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین و هاوخەمی خزم و دۆست و کەسوکارتانین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێز، عەبدوڵلا تاهیر

بەداخ و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمان بە بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی لە نێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. خودای گەورە سەبوری و ئارامیتان پێببەخشێت و دایکی خوالێخۆشبوتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

پۆلیسی هەولێر باندێکی گەورەی بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیرکرد

پۆلیسی پارێزگای هەولێر، دەستگیرکردنی باندێکی گەورەی دزیکردنی راگەیاند، کە لە 7 کەس پێکهاتوون و بە چەند ئۆتۆمبێلێک (3) مۆلیدەی گەورەیان لە هەولێر دزیبوو. بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر (عەمید- دلێر نەجات یاسین نەجارِ)، لەو بارەیەوە رایگەیاند، شەوی ڕابردوو زانیاری گەیشتە پۆلیس بە بوونی باندێکی گەورەی دزیکردن لە شاری هەولێر، بۆیە پۆلیس دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد، توانی ناسنامەی (7) تۆمەتبار ئاشکرا بکات و دەستگیریان بکات. دلێر نەجارِ گوتیشی، لە پێناو هەرچی زووتر دەستگیرکردنی تۆمەتبارانداً، سەرپەرشتی و چاودێریی تیمێکی لێکۆڵینەوەمان کرد، کەوا توانییان لە ماوەیەکی کەمدا و لە ڕێگای کامێرای چاودێرییەوە ئەو ئۆتۆمبێلانە دەستنیشان بکەن کە (3) مۆلیدەی کارەبایان پێ دزرابوو و توانرا دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکانیشدا بگیرێت. بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر زیاتر ڕوونی کردەوە، هەروەها ئەو کەسەش قۆلبەست کرا کە مۆلیدەکانی لەو تۆمەتبارانە کڕیبوو، لەگەڵ دەستگیرکردنی (3) تۆمەتباری دیکە کە لەو تاوانەوە تێوە گلابوون، بۆیە کۆی گشتیی ئەو تۆمەتبارانەی دەستگیر کراون، (7) تۆمەتبارن.

پڕۆژەی ئاوو ئاوەڕۆی هەولێر بەبڕی 330 ملیۆن دۆلار لەماوەی چوار ساڵدا جێبەجێ دەکرێت

مەسعود کارەش بەڕێوەبەری ئاوو ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، پڕۆژەی ئاوەڕۆی شاری هەولێر کە بڕی 330 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە لەماوەی چوار ساڵ دا جێبەجێ دەکرێت. مەسعود کارەش ئاماژەش بەوەدەکات، ئەو پڕۆژەیە لەسەر قەرزی ولاتی ژاپۆن و لە چوارچێوەی ئەو بڕە پارەیەیە کە حکومەتی یابان تەرخانی کردووە بۆ تەواوی ناوچەکانی عێراق و بەشێکیشی بەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەوێت جێبەجێ دەکرێت. ڕاشیگەیاند، بەشێک لەو بودجەیە بۆ پڕۆژەی ئاوی ئیفراز و پڕۆژەی ئاوی هەڵەبجە و پڕۆژەی گۆڕینی بۆری ئاو لە شاری سلێمانی و گۆڕینی تۆری ئاوی شاری هەولێر و دانانی تۆری ئاو لە شاری دهۆکی پێ ئەنجام درا و بەشی دووەمی ئەو بڕە پارەیەش تەرخان دەکرێت بۆ ئاوەڕۆی قورسی شاری هەولێر کە لەماوەی چوار ساڵدا لە بەشێکی شاری هەولێر جێبەجێ دەکرێت.

مەسعود کارەش ئاماژەشی بەوەدا، ئەو پڕۆژەیە بڕی سێسەد و سی ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە بوو، بەڵام کابینەی پێشووی حکومەتی عێراق ئەو پڕۆژەیەی ڕاگرت و پارەکەی بۆ تەرخان نەکرد و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە کێشەی بۆ دروستکرا، بەڵام بەهیمەتی کەسانی دڵسۆز لەسەروی هەموشیانەوە دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، توانرا ئەو پڕۆژەیە بکەوێتەوە کار و لە گەڕەکەکانی کوردستان و نەورۆز و نیشتمانی شاری هەولێر کە نزیکەی75 کیلۆمەتر بۆری بۆ دادەنرێت و وێستگەیەکیش بۆ خاوێنکردنەوەی ئاوەکە دروست دەکرێت لە باشووری شاری هەولێر لە نزیک گوندی عەرەب کەند، جێبەجێ دەکرێت.

بەڕێوەبەری ئاوو ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند، ئەو پڕۆژەیە قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ دەکرێت و لە قۆناغی یەکەمیشدا لەسەر یەک لەسەر هەشتی شاری هەولێر جێبەجێ دەکرێت کە وێستگەکەی لە توانای دایە 108 هەزار مەتر سێجا ئاوو ئاوەڕۆ پاک بکاتەوە.

وەزیری تەندروستی: هیچ حاڵەتێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە توێتێکدا ڕایگەیاندووە، هاووڵاتییان و گەشتیاران دڵنیا دەکەنەوە، کە هیچ حاڵەتێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان نییە و تۆمار نەکراوە. وەزیری تەندروستی هەروەها ڕایگەیاندووە: کەس ناتوانێت بوونی ئەم نەخۆشیە پشتڕاست بکاتەوە جگە لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO و وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەبێت.

قایمقامی هەولێر: کێشەی غاز چارەسەر کرا

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی هەولێر بە (خەبات)ی ڕاگەیاند، ئەو کێشەیەی کەمیی غازی مالآن کە دروست ببوو، چارەسەر کرا. ڕوونیشی کردەوە، کێشەکە بەهۆی دوو کۆمپانیاوە سەری هەڵدابوو کە ئەرکی دابینکردنی بڕە غازی پێویستیان پێسپێردرابوو، بەڵام ئەم دوو کۆمپانیایە ئالۆگۆڕیان پێکرا و کێشەکە چارەسەر کرا. قایمقامی هەولێر جەختی کردەوە کە بڕە غازی پێویست دابین کراوە و بەردەوام دەبن لە دابینکردنی، بەم جۆرەش لە ماوەی دوو ڕۆژی داهاتوودا کێشەی کەمیی غازی مالآن بە تەواوی لە هەولێر چارەسەر دەبێت. لە ماوەی ڕابردوودا نرخی غازی مالآن لە 7 هەزار و 500 دینارەوە بۆ دەوروبەری 15 هەزار بەرزبووەوە، لە ئەنجامی زۆربوونی خواست و کەمبوونەوەی لە بازاڕدا.

www.xebat.net
یەک شەممە 2020/2/2 ژمارە (5923)

شەهیدانی کارەساتی 1ی شوباتی 2004

شەهید سامی عەبدولرەحمان
شەهید سەعد عەبدوللا
شەهید شاخەوان عەباس
شەهید شەوکەت شێخ یەزدین
شەهید خەسرۆ شێرە
شەهید نەکرەم مەنتک
شەهید مەحمود هالۆ
شەهید نەحمەد رۆژبەیانی
شەهید بەکر جۆلا
شەهید عەمید نەریمان
شەهید قادر قەرەچوغ
شەهید نەوزاد رەجەب پۆتانی
شەهید دیدەوان
شەهید مەهدی خۆشناو
شەهید بەهرۆز قەشقە
شەهید ئیبراهیم حەمید
شەهید خەسرەو عوسمان
شەهید هۆکر رەقیب
شەهید ناسۆ معلیم
شەهید د.زەردەشت مەهدی خۆشناو
شەهید ماهر قەرەنی
شەهید عەلی محەمەد برا
شەهید نەنوەر محەمەد
شەهید وریا قادر
شەهید عەلی رەشید بەکر
شەهید عامر عەبدوللا شەریف
شەهید یوسف مستەفا
شەهید شوان سەید کاکە
شەهید نەحمەد حاجی نۆغەرانی
شەهید تاریق ئیبراهیم
شەهید زامیر هۆزرۆ نەسعەد
شەهید ئیسماعیل شێخ محەمەد
شەهید غەریب محەمەد
شەهید ئیدریس سنجاوی
شەهید هێمن حەمە سالح
شەهید حسێن حاجی مستەفا
شەهید سەفیر نادر
شەهید هۆکر فاروق
شەهید سمکۆ کەریم
شەهید جەمشید خورشید
شەهید ئیبراهیم حەمید
شەهید عەبدولستار کەریم
شەهید حیکمەت عەزیز (نەبەز)
شەهید دارا محەمەد حسێن جاف
شەهید هێدی جەبار
شەهید مەلا عەبدوللا پەلپیتانی
شەهید هیوا تاریق
شەهید نەیوب محەمەد
شەهید هیوا خەلیل مەولود
شەهید عەبدولا سلێمان
شەهید حەسەن نەحمەد پیرە
شەهید شوان حەمە سالح
شەهید بروا خەلیل هیدایەت
شەهید هیوا خەلیل مەولود
شەهید عەبدولا سلێمان
شەهید مەغدید حەمەد
شەهید خەسرۆ گەزنەیی
شەهید سەلاح سامی عەبدولرەحمان
شەهید خەبات شەریف
شەهید نارام سەباح حەیدەر
شەهید ماجید بیا توما
شەهید عەلی رەشید بەکر
شەهید عامر عەبدوللا شەریف
شەهید یوسف مستەفا
شەهید شوان سەید کاکە
شەهید نەحمەد حاجی نۆغەرانی
شەهید تاریق ئیبراهیم
شەهید زامیر هۆزرۆ نەسعەد
شەهید خالید مەلا نوعمان
شەهید حاجی لوقمان
شەهید باران جوودەت نەحمەد ناجی
شەهید شەوکەت تالکانی
شەهید جەلیل قدر رەوەند
شەهید فەریق تۆفیق
شەهید فاتیح زراری
شەهید عەدنان حەلاق
شەهید فەرهاد نەحمەد رواندزی
شەهید جوتیار عەبدوللا
شەهید کامەران عەبدوللا ساپیر
شەهید جەعفەر عەبدولمەجید
شەهید شوان حەمە سالح
شەهید بروا خەلیل هیدایەت
شەهید عەبدولا سلێمان
شەهید حەسەن نەحمەد پیرە
شەهید شاخەوان عەباس
شەهید سەعد عەبدوللا
شەهید سامی عەبدولرەحمان
شەهید زیا تاهیر قەرەداغی
شەهید ئاسۆ معلیم
شەهید هاوار
شەهید زریان یاسم حەسەن پیرە
شەهید د.زەردەشت مەهدی خۆشناو
شەهید عەمید نەریمان
شەهید قادر قەرەچوغ
شەهید نەوزاد رەجەب پۆتانی
شەهید ئەحمەد رۆژبەیانی
شەهید بەکر جۆلا
شەهید محەمود هالۆ
شەهید دیدەوان
شەهید مەهدی خۆشناو
شەهید بەهرۆز قەشقە
شەهید یاسم حەسەن کەحمەد
شەهید عەزیز ئەنوەر
شەهید کامەران محەمەد عومەر
شەهید حەسەن حسێن
شەهید سەلام حسێن وەیسی
شەهید هاشم عەزیز
شەهید باسم حەسەن کەحمەد
شەهید هۆکر رەقیب
شەهید خەسرەو عوسمان
شەهید ئیبراهیم حەمید
شەهید عەلی محەمەد برا
شەهید نەنوەر محەمەد
شەهید وریا قادر
شەهید ئاسۆ معلیم
شەهید هاوار
شەهید زریان یاسم حەسەن پیرە
شەهید حاجی لوقمان
شەهید خالید مەلا نوعمان
شەهید هیوا تاریق
شەهید نەیوب محەمەد
شەهید هیوا خەلیل مەولود
شەهید عەبدولستار کەریم
شەهید حیکمەت عەزیز (نەبەز)
شەهید دارا محەمەد حسێن جاف
شەهید هێدی جەبار
شەهید مەلا عەبدوللا پەلپیتانی
شەهید جەعفەر عەبدولمەجید
شەهید شوان حەمە سالح
شەهید بروا خەلیل هیدایەت
شەهید حەسەن نەحمەد پیرە
شەهید شاخەوان عەباس
شەهید سەعد عەبدوللا
شەهید سامی عەبدولرەحمان
شەهید زیا تاهیر قەرەداغی
شەهید ئاسۆ معلیم
شەهید هاوار
شەهید زریان یاسم حەسەن پیرە
شەهید حاجی لوقمان
شەهید خالید مەلا نوعمان
شەهید هیوا تاریق
شەهید نەیوب محەمەد
شەهید هیوا خەلیل مەولود
شەهید عەبدولستار کەریم
شەهید حیکمەت عەزیز (نەبەز)
شەهید دارا محەمەد حسێن جاف
شەهید هێدی جەبار
شەهید مەلا عەبدوللا پەلپیتانی
شەهید جەعفەر عەبدولمەجید
شەهید شوان حەمە سالح
شەهید بروا خەلیل هیدایەت
شەهید حەسەن نەحمەد پیرە
شەهید شاخەوان عەباس
شەهید سەعد عەبدوللا
شەهید سامی عەبدولرەحمان
شەهید زیا تاهیر قەرەداغی
شەهید ئاسۆ معلیم
شەهید هاوار
شەهید زریان یاسم حەسەن پیرە
شەهید حاجی لوقمان
شەهید خالید مەلا نوعمان
شەهید هیوا تاریق
شەهید نەیوب محەمەد
شەهید هیوا خەلیل مەولود
شەهید عەبدولستار کەریم
شەهید حیکمەت عەزیز (نەبەز)
شەهید دارا محەمەد حسێن جاف
شەهید هێدی جەبار
شەهید مەلا عەبدوللا پەلپیتانی

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/2/2 ژمارە (5923)
خەبات

ئایا پەروەردەی دەروونی بۆتە بەشێک لە کۆی گشتی سیستەمی پەروەردە؟

لە کۆنفڕانسێکی پەروەردەی دەروونی زانکۆی سەلاحەدیندا

مامۆستایەکی زانکۆ: پەروەردەی دەروونی لە قوتابخانەکان لە ئاستی خوار مام ناوەندە


د. کازم ئەحمەد زرار

خەبات/ ڕۆشنا عەلی

پەروەردە بە گشتی تاچەند جێگای بۆ پەروەردەی دەروونی کردۆتەوە؟ ئەگەر جێگایەک نییە بۆی چۆن دەروونزانی بئاخنینە ناو کۆی گشتی فەلسەفەو پڕۆسەی پەروەردەوە؟ بە چ میکانیزمێک و کێ دەیکات؟ ئەم زانستە چۆن بگاتە تاک و کێ بیگەیەنێت؟ کێن بەرو پیری دەچن ؟ ئایا ئەگەر لە قوتابخانەو باخچەکانەوە دەروون ئارامی بۆ قوتابی دروست نەکرێت لەکوا ولەچ قۆناغێک دەگاتە دەروون ئارامی ؟ ئایا پڕۆسەی پەروەردە ئەوەنەی کاریگەری خراپی هەیە لەسەر دەروونی قوتابی ئەوەنە دەروون ئارامی بۆ دابینکردووە؟ بە تایبەتی لە قۆناغەکانی ئامادەیی ؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر لە کۆنفڕانسێکی زانکۆی صەلاحەدین لەبارەی پەروەردەی دەروونی کەبەبەشداری 17ولات ئەنجامیدا پرسیاری ئێمە بوون لە هەندێک شارەزایانی ئامادەبووی کۆنفڕانسەکە:

شوێنگەیەک بۆ کۆکردنەوەی ئەکادیمستان

یەکەمین کۆنفڕانسی نێو دەوڵەتی هاوبەش بۆ زانستە دەروونییەکان ئامانج لێی چییەو دەیەوێت چی بخاتە سەر خەمانی زانستی دەروونی لە کوردستان؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە د. دیار جەباری ئامارژەی بەوەدا کە ئامانجی ئەم کۆنفڕانسە ئەوەیە ئاسایشێکی دەروونی لای هەموو تاکێکی کورد و عێراقی دروستبکات ئەو لەمبارەیەوە وتی " کۆنفڕانسەکە زیاتر لەسەر پەروەردەی دەرونییە وەک دەزانین بارودۆخێکی خراپ دروستبووە دوای شەڕی داعش کەبۆیە کۆنفڕانسەکە ئامانجێتی ئارامییەکی دەروونی ئاسایشیکی دەروونی لای هەموو تاکێکی کورد و عێراقی دروستبکات بۆیە لە کۆنفڕانسەکە زیاتر لە 17ولات بەشداری کردووە جگە لە هەموو سەرۆک زانکۆکانی عێراق تێیدا بەشداربوون ئێمە وەک ڕایەڵەیەکی پەیوەندی لە نێوان زانکۆکانی عێراق و عەرەبییەکان و بیانییەکانیش دروستبکەین لەکۆڵێژی پەروەردە کە دەبێتە شوێنگەیەک بۆ کۆبوونەوەی ئەو هەموو تۆژەرە ئەکادیمستانەی کەلە وڵاتان هاتوون.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئەم کۆنفڕانسە چی دەخاتە سەر پەروەردەی ئێمە لە ئەنجامدا د. دیار وتی : لەکۆتاییدا کۆنفڕانسەکە کۆمەڵێک ڕاسپاردەی دەبێت دڵنیایی لەوە دەکرێتەوە کە بەهەماهەنگی زیاتر بکرێت لە بواری پەروەردە و فێرکردنی وە گەیاندنی بیری دروست لای تاک کەلە پەروەردەوە دەست پێدەکات.

ئایا گرفتی ئێمە لە لایەنی دەروونی بەتایبەتی لە بواری پەروەردە ئەم جۆرە کۆنفڕانسانە دەتوانێت لایەنێکی ئەو کەلێنە


د. دیار جەباری

بارەیەوە هیچ هاوکارییەکی ڕاستەوخۆی هەرێم ناکرێت لەلایەن ئەو سەنتەر و ڕێکخراوانەی لێرە بانگهێشکراون ؟ لەمبارەیەوە پڕۆفیسۆر د. سەعید عومەر ئیبراهیم ڕاگری کۆلێژی پەروەردە سەرۆکی لێژنەی ڕێکخستنی کۆنفڕانس بۆ خەبات وتی : کە بیرمان لە


د. وەلید بابان

پڕبکاتەوە و چارەسەری پێبێت ؟ بەڵێ لایەنە دەرونییەکە بەشی یەکەم و تەوەری سەرەکییە لەم بوارە کە دوو تەوەرن وەک سەقامگیری دەروونی و ئاشتەوایی دواتر لەلایەنی پەروەردەیی جەخت دەکاتە سەر دواکەوتنی فێرکردن و پەروەردەی تاک.

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا بانگهێشتکردنەکە تەنها لەبواری تۆژینەوەیە لەو تونڕەوی و بارگرانییەک بۆسەر تاک و کۆمەڵگە تەوەرێکی تری باسکردنە لە پەروەردە و فێرکردن وە گەیاندنی بیری دروست لای تاک کەلە پەروەردەوە دەست پێدەکات.

ئایا گرفتی ئێمە لە لایەنی دەروونی بەتایبەتی لە بواری پەروەردە ئەم جۆرە کۆنفڕانسانە دەتوانێت لایەنێکی ئەو کەلێنە


د. سەعید عومەر

کاروباری کۆمەڵایەتی بەڵام ئەوان تەنها بۆ ئەم بوارە بانگهێشت کراون و هاوکاری ڕاستەوخۆناکەن تەنها لەو بوارە کاردەکەن.

قۆناغی بنەڕەتی

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا تاچەند بیر لە پەروەردە کراوەتەوە بە تایبەتی قۆناغی بنەڕەتی و تاچەند دەروون ئارامی لەم قۆناغەدا هەیە بەپێی ئەو قۆناغەی کە منداڵ

تۆژینەوەکان

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئەم تۆژینەوانە تاچەند نوێن بۆ زانستی دەروونی و ئەتوانێت چۆن کاریگەری لەسەر پەروەردەی کۆمەڵگاو سیستەمی پەروەردە دروستبکات ، د. وەلید بابان بەڕێوەبەری یەکەمین کۆنفڕانسی زانستی نێودەوڵەتی بۆ زانستی پەروەردەی دەروونی لە زانکۆی صەلاحەدین لەم بارەیەوە وتی: پاش ئەوەی بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەرایەتی ئەم کۆنفڕانسەمان گرتە ئەستۆ 147تۆژینەوە پێشکەشی کۆنفڕانس کراون کە ڕۆژانی ئەنجامدانی کۆنفڕانسەکە تەنها دوو ڕۆژە ناچار بووین ژمارەیەکی کەمتر هەڵبژێرین کەسانی ئەکادیمین و ئەوانەن کەلە سەنتەرە ئەکادیمییەکانن، ئەو گرفتانەی باس دەکرێن دابەش بۆتە سەر چوار تەوەری سەرەکی لەپێش هەموویانەوە ئەو ململانێیەی کە هەیە و بۆتە هۆکارێک بۆ دەرکەوتنی بیری

توندڕەوی و بارگرانییەک بۆسەر تاک و کۆمەڵگە

تەوەرێکی تری باسکردنە لە پەروەردە و فێرکردن وە گەیاندنی بیری دروست لای تاک کەلە پەروەردەوە دەست پێدەکات.

ئایا گرفتی ئێمە لە لایەنی دەروونی بەتایبەتی لە بواری پەروەردە ئەم جۆرە کۆنفڕانسانە دەتوانێت لایەنێکی ئەو کەلێنە

پڕبکاتەوە و چارەسەری پێبێت

کاروباری کۆمەڵایەتی بەڵام ئەوان تەنها بۆ ئەم بوارە بانگهێشت کراون و هاوکاری ڕاستەوخۆناکەن تەنها لەو بوارە کاردەکەن.

قۆناغی بنەڕەتی

دەربارەی ئەوەشی کە ئایا تاچەند بیر لە پەروەردە کراوەتەوە بە تایبەتی قۆناغی بنەڕەتی و تاچەند دەروون ئارامی لەم قۆناغەدا هەیە بەپێی ئەو قۆناغەی کە منداڵ

پێیدا تێپەڕ دەبێت د. کازم ئەحمەد زرار مامۆستای زانکۆی صەلاحەدین پسپۆڕی کەسایەتی تەندروستی دەروونی وتی: گومانی تێدا نییە کاتێک تۆ لە ناو ژینگەیەک دا دەژیت نەک هەر لە ناو خۆ بەڵکو لەهەر چوار دەورتەوە بەردەوام لە کێشەو ئاژاوەو بوونی چەندین ڕووداوی لەناکاو هەر لەسەردەمی ڕۆژمی بەعسەوە تا دوای ڕووخانی و دوای هاتنی داعش بۆیە ئێمە کارتێکراوین و وابەستەیەن لەو بارە دەروونییەی ناوچەکە تیایدا دەژی لەپڕ دەوترێ ئێران و ئەمریکا کێشەیان هەیە یەکەم کەس کە دەروونی تێک ئەچێ میلەتەکەی ئێمەیە ، چونکە پێشتر کارەساتی بینیوە کە ئەمانە شتە سادەکانن منداڵێک کە یەکەم جار لە سکی دایکییایەتی باری دەروونی ناجێگیرە و موعاناتی هەیە تا دێتە سەر دنیا و دەگاتە باخچەو قوتابخانە و زانکۆ لەوانەیە بە سەدان سەدەماتی نەفسیدا تێپەڕێت کە منداڵێکی تر لە وڵاتێکی تر پیایدا تێپەڕنابێت تۆ کەسایەتییەکی نادروستم بۆ دروست ئەکەی لەهەمانکاتدا ئەگەر هۆشیاری دەروونی نەبێت و کۆڕو کۆنفڕانس نەبەستی تۆ چۆن ئەتوانی ئەو ژینگەیەو ئەو منداڵانە دەرباز بکەی؟ هەتا ئێستاش لە قوتابخانەکانی ئێمە هەرچەند وەزارەتی پەروەردەش کاری لەسەر کردووە بەڵام تا ئێستاش قوتابخانەکان

پەروەردەی دەروونی بۆتە بەشێک لە کۆی گشتی سیستەمی پەروەردە؟

زۆربەیان ڕێنمایکاری دەروونییان نییە لە گەورەترین بەڕێوبەرایەتی و دامەزراوە کەڕۆژانە 300- 200کەس سەردانی دەکات ڕێنمایکارێکی دەروونییان نییە کە ئەو پالە پەستۆ دەروونییەیان لەسەر کەمبکاتەوە.

بەڵام لە زۆرێک لە قوتابخانەکاندا هەن و ڕۆڵی پێویستییان نییە؟ لەبەر ئەوەی ئەو ئەکادیمستانەی لە قوتابخانەکان دانراون بەپێی پێویست نین دەرچووی کۆمەڵناسی ناونراوە تۆژەری دەروونی دەرچووی جوغرافیا کاری دەروونی پێدراوە دەبێت جیابکرێنەوە تۆژەری دەروونی جیاوازەو تۆژەری کۆمەڵایەتی جیاوازە هەریەکەو دەبێت بە کاری خۆی هەستێت دایک و باوکێک کاتێک بڕیاریان دا منداڵێک بێننە سەر دونیا ، بەڵام ئامادە باشییان نەبوو بۆ ئەوەی بە ڕۆڵی دایک و باوکایەتی هەڵبسن ئەو منداڵە وێران دەبێت لە هەر پۆلێکی قوتابخانە 40منداڵ دانراوە ڕێنمایکار نییەو یان بەپێی پسپۆڕی خۆی نییە. وەک مامۆستایەکی زانکۆ ئاستی پەروەردەی دەروونی لە ئێستادا بە هەموو خراپییەکانی چۆن ئەبینی بەبەراورد بە ساڵانی پێشتر ؟ من دەتوانم بڵێم لە ئاستی خوار مامناوەندە؟ کەواتە چی بکرێت ؟ دەبێت لە یاسای وڵات ئەوە جێگیر بکرێت لە هەموو دام و دەزگاکانی میری فەرمی و نافەرمی پێویستە گرنگی بەلایەنی دەروونی بدرێت چ لە دامەزراندنی کەسایەتی کە هەڵبستێ بە ڕۆڵی ڕاوێژکاری دەروونی لێیهاتوو لە سادەترین دام و دەزگای میری تا گەورەترینییان لەدەرەوەی دام و دەزگاکانیش ، لە خێزانەوە دووەم بەهەند وەرگرتنی کۆمەڵێک شت ئێمە لە ڕاگەیاندنەکان هاوار دەکەین ئەوانەی کە بڕیاردەری وڵاتن پێویستە خەڵک وشیار بکرێتەوە کە سەردانیکردنی دکتۆری دەروونی بەمانای ناتەواوی تۆ نییە ، بەڵکو خەڵک لە کێشەدایە ئێمە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان کێشەی دەروونی و نەخۆشی دەروونی هەمووماندا هەیە دەبێت

خەڵک تێبگات و سەردانی ڕێنمایکاری دەروونی بکات واتە تۆ لە وڵاتێکا بژی بەردەوام سەدەماتی دەروونیت هەبێت و کەسێک نەبێت چارەسەر بکات و ڕۆژانە بەسەدان کەس ئاوارە دەبێت لەژینگەکەی تۆ تێکەڵاو بووە نەباری دەروونی ئەو جێگیرە نەباری دەروونی تۆ یان لەوڵاتێک کە لە ناوەڕاستی سەیرکردنی فلمێک کە منالەکەت تەماشای دەکا کارەباکەی ئەبڕێت، ئەو منداڵە هەڵدەچێت رق دروست دەبێت ئەگەر شتێیەک نەبێت هادیئی بکاتەوە تێی بگەیەنێت کە خەتاکە لە ئێمەو تۆ نییە ژینگەکەت وایە بۆ ئێمە لە خوارئاستی مامناوەندایین ، وشیاری فکری لەڕووی وشیاری دەروونییەوە لە پەروەردەو خێزانیشا هەمان شتە چونکە پەروەردە ڕەنگدانەوەی خێزانەو خێزانیش ڕەنگدانەوەی پەروەردەکەمانە تۆ منداڵێکی دروست پەروەردە مەکە ئەو منداڵە فڕێ دەدەیتە باخچەیەک یان قوتابخانەیەک ئەو ڕەوزەو قوتابخانەیەت بۆ تێک دەدات تەنها باس لە مامۆستا ناکەم لە پەروەردە بەڵکو ، بۆ تەندروستی و سلکەکانی تریش هەمان شتە تا ئێستا زۆرێک لە دکتۆرەکانی ئێمە فێری تەندروستی دەروونی نەبوون کاتێک تۆ نەخۆشێک هەیە توشی نەخۆشییەک هاتووە ناکرێت بە سەدمە ڕاستەو خۆ پێی بڵێت تۆ فلانە نەخۆشیت هەیە و ڕەنگە بمری، بەڵام لەوڵاتان خودی دکتۆر دەست دەگرێت قسەت بۆ دەکات کە تۆزۆر ساغی ئەگەر واش بێت دکتۆر ئەوەندە دڵنیای دەروونیت ئەداتێ و قسەت بۆ ئەکات وا هەست دەکەی کە نەخۆشییەکی سادەت هەیە ، لە کاتێکدا هەمووان کۆرسی دەروونی دەخوێن پزیشکمان هەیە تەنها لەڕووی مادییەوە سەیری کارەکەی ئەکات ڕۆژانە 40 نەخۆش دەبینێت لەکاتێکدا فیتەرێک ناتوانێت لە چوار سەیارە زیاتر ببینێت ڕۆژانە بۆیە ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێک هەیە لەو بوارە بەتایبەتی لە مەسەلەی تەندروستی دەروونی کەلە وڵاتەکەمان جێگیر بکرێت.

چۆنیەتی چارەسەرکردنی ترسی منداڵان لە قوتابخانە





بەفرین کنجە محەمەد*

گرنگە کەوا دایکان و منداڵ لەسەرخۆ دەربارەی کێشەی نەچوون بۆ قوتابخانە بدوێن و لێکۆڵینەوە لەگەڵ منداڵەکەیان بکەن کەوا هۆی نەچوونی چیە بە هێمنانە ، لێردا منداڵ باوەڕو متمانەی بەخۆی دەبێت، لێردا منداڵ هەست دەکات کەوا هەڵسوکەوتی دایباب لەگەڵی وەک هەڵسوکەوت کردنە لەگەڵ کەسێکی پێگەیشتوو و گەورە. زۆر لە دایکان و باوکان دووچاری گرفتی ترسانی منداڵەکانیان دەبن کاتی و چوونیان بۆ قوتابخانە و منداڵەکانیان حەز ناکەن بە هیچ شێوەیەک بڕۆن بۆ قوتابخانە بە تایبەتی لە ساڵی یەکەمی چوونیان بۆ قوتابخانە.

هۆکاری ترسانی هەندێک لە منداڵان لە چوون بۆ قوتابخانە

دایکان و باوکان سەرسام دەبن لە گەران بە دوای چارەسەرکردنی کێشەی ترسانی منداڵەکانیان لە چوون بۆ قوتابخانە ، وە شارەزایانی ئەم بوارە هۆکاری ئەم ترسە لای منداڵان دەگەڕێننەوە بۆ یەکێک لەم هۆکارانەی خوارەوە:

لێهاتووی کۆمەڵایەتی: باری سەقافی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە ڕازی بوون و خۆش وبستنی منداڵ بۆ قوتابخانە و یان ترسان و دوورکەوتنەوەی لە چوون بۆ قوتابخانە. کاتێک منداڵ هەڵدەستێ بە هەڵسوکەوتی هەڵە. لێردا دایک سەرکۆنەی دەکات بەوەی ئەگەر گوێڕایەڵی دایکی نەکات ئەوا ڕەوانەی قوتابخانەی دەکات. لێردا بیری ترس لای منداڵ دروست دەبێت بەوەی دایکی ترساندی بە بەرامبەر هەڵە ڕەوانەی قوتابخانەی دەکات. منداڵ وادەزانێ لێردا کەوا قوتابخانە جێگای سزادانە. لێردا منداڵ بە جۆرێکی دوور لە ڕاستەقینە لە بیرو بۆ چوونەکانی دەگات دەربارەی قوتابخانە. لێردا پێویستە لەسەر دایکان و باوکان زۆر بە ووردی و ئاگای مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن و ئاگاداری گرفت و کێشەکانییان بن کاتێک دەربارەی قوتابخانە گفتوگۆ دەکەن. هەوڵ بدەن قوتابخانە بە جوانترین شێواز وەسف بکەن. وابکەن کەوا ئەم شوێنە خۆشەویست و جوان بکەن لە پێش چاو و دڵی منداڵەکانیان.

ڕێکلام: منداڵان کاتێکی زۆر لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆن و ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیایی ئەمڕۆبەسەر دەبەن. وە دایکان و باوکان بەپێی پێویست ناتوانێت چاودێری منداڵەکانیان بکەن ، هەندێک لە وێنە جوڵاوەکان دا منداڵان دەیبینن کەوا (قوتابخانە) شوێنێکی خۆش و جوان نییە و زۆر چاودێری و تونودتیژی تێدایە یاخود شوێنێکی بێزارکەرەو بۆیە منداڵان وایان لێدێت کەوا حەزو ئارەزویان نەبێ بۆ چوون بۆ قوتابخانە بۆیە لەسەر دایک پێویستە بەردەوام چاودێری منداڵەکانیان بکەن بەهۆی ئەوەی کەوا کاتێکی زۆر لە ماڵەوە بەسەر دەبەن. وابکات کەوا قوتابخانە لای منداڵەکانیان خۆشەویست بکەن بە هەموو هەوڵ و توانایەکیان.

شێوازی منداڵ: لەناو منداڵ یاخود (خێزان) زۆرشت ڕوودەدات کەوا کاریگەری دەبێت لەسەر چەندیەتی خۆشویستنی منداڵ بۆ قوتانخانە. کاتێک لەناو منداڵ دا بە بەردەوامی شەڕو ئاژاوە دەبێت لێردا منداڵ نایەوێ خێزانەکەی بەجێبهێڵێ و ڕوو لە قوتابخانە بکات لەبەر دوو هۆکار .

یەکەم: وا دەزانی کەوا قوتابخانەش شوێنی شەڕو ئاژاوەگێڕی و تووند وتیژییە بە بەردەوامی.

دووەم: دەترسێ ئەگەر دایک و باوکی کە لەگەڵ یەکتر شەڕو ئاژاوەیانە بەجێبهێڵێ ئەوا یەکێکیان تووشی زەرەرو زیان دەبێ، شەڕو ئاژاوە لە پێش منداڵ کاردانەوەی دەروونی دەبێت لەسەر منداڵ. یاخود هۆکارێکی ترە نەچوونی منداڵ بۆ قوتابخانە کاتێک کۆڕەپەی تازەیان دەبێت. نایەوێت مامۆ بەجێبهێڵێ لەوە دەترسی دایکی زیاتر گرینگی بە منداڵە بچووکەکە بدات. بۆیە دەبێت دایک بە شێوەیەکی وا گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکەی بکات کەوا زیاترو زیاتر ئەو لای ئەو گرینگە و شوێن و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە .

شێوازی ناو قوتابخانە: لەوانەیە هۆکاری ترسانی منداڵ لەناو قوتابخانە بێت لە هەندێک تاقیکردنەوەی ناشایستەو نالەبار، هەڵس و کەوتی مامۆستا وەک بەخشینی سۆزی دایکاییەتی بێت یان منداڵان لەلایەن مامۆستا لێی دەدرێ یان لەلایەن قوتابیانی قوتابخانە. یان بەهۆی دواکەوتنی لە چوون بۆ قوتابخانە یان لە درەنگ هاتن بەشوێنی دا بۆ بردنەوە بۆ ماڵەوە. بۆیە دەبێت چارەسەری بکەی و پەیمانی پێ بدەی کەوا جارێکی تر دوبارە نایێتەوە.

نەدانی پێشەکی بۆ منداڵ: پێویستە لەسەر دایک و باوکان پێش چوونی منداڵ بۆ قوتابخانە هەندێ ڕێنمای سەرەتای بدەنە منداڵەکانیان وەک پێشینەیەک کەوا قوتابخانەییان لا جوان و شیرین کەن، ئەگەر بکرێ دایک یان باوک هەندێ وێنەی قوتابخانە پیشانی منداڵەکە بدەن ئەگەر کرا سەردانی قوتابخانە بکات و سەیری کەش و هەوای قوتابخانە بکات..

چارەسەرکردن: چارەسەری سەرەتای هەیە بۆ ئەو منداڵانەی کەوا دەترسن بچن بۆ قوتابخانە لێردا هەندێک ئامۆژگاری هەیە پێویستە دایباب پابەند بێت پێیانەوە .

گفت و گۆ: گرنگە کەوا دایکان و منداڵ لەسەرخۆ دەربارەی کێشەی نەچوون بۆ قوتابخانە بدوێن و لێکۆڵینەوە لەگەڵ منداڵەکەیان بکەن کەوا هۆی نەچوونی چیە بە هێمنانە ، لێردا منداڵ باوەڕو متمانەی بەخۆی دەبێت، لێردا منداڵ هەست دەکات کەوا هەڵسوکەوتی دایباب لەگەڵی وەک هەڵسوکەوت کردنە لەگەڵ کەسێکی پێگەیشتوو و گەورە، دەبێت ئەم گفتوگۆ و لێپرسینەوەی دایباب لەگەڵ منداڵ بەتەنیا بێت لەپێش خوشک و براکانی یان خزمانی نەبێت. پاشان لەسەر دایباب پێویستە ڕێگاکانی چارەسەر جێ بە جێ بکەن.

ئارامی و پشوو درێژی: خۆشویستنی منداڵ بۆ قوتابخانە بە کاتێکی کت و پڕو کورت نابێ، بەڵکو کاتی پێویستە بۆ ئەوەی وا لە منداڵ بکەن باوەری بە خۆی بێت و لایەنە چاکەکانی قوتابخانەی بۆ باس بکەن. پێویستە دایک لەگەڵ منداڵەکەی بچێ بۆ قوتابخانە ئەم ڕۆژە بە دڕێژای کاتەکانی وانە وتنەوە لەگەڵ بێت بەتایبەتی ئەگەر یەکەم ڕۆژی دەوام بوو. لێردا منداڵ هەست بە ئارامی دەکات و دەزانێ هیچ شتێک نیە کەوا ببێتە هۆی ترساندنی لە قوتانخانە.

ئەگەر هۆکاری نەچوونی منداڵ بۆ قوتابخانە (ئیرەی)بوو لە منداڵە تازە بووەکەیان پێویستە (دایباب) هەرچی داواکاری منداڵەکەیان هەیە بۆ چوون بۆ قوتابخانە گرنگی زیاتری پێبدەن و جێ بە جێی بکەن. پێویستە دایک زیاتر خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو منداڵەی بنوێنێ کە دەچێت بۆ قوتابخانە تاوەکو(ئیرەی)ی لا دروست نەبێت بەرامبەر منداڵە بچووکەکە، تاوەکو بەردەوام بێت لە چوونە قوتابخانە.

پێویستە لەسەر (دایباب) پەیوەندی بەردەوامیان هەبێت بە مامۆستای منداڵەکەیان وە داوای لێ بکەن کەوا هاندەری منداڵەکەیان بکات بۆ خۆشویستنی قوتانخانە لای منداڵەکەیان. وە پێویستە مامۆستا لە پێش قوتابیانی تر (هانی بدات) و پاداشتی بکات بۆ ئەوەی هەست بکات کەوا مامۆستا گرینگی پێ دەدات بەم جۆرە قوتابخانەی لا خۆشەویست دەبێت و ئارەزوو دەکات هەردەم بچێ بۆ قوتابخانە. پێویستە لەسەر(دایباب) منداڵ لە کاتی خۆی ببەن بۆ قوتابخانە و لە وەخت و کاتی خۆشی بچن بەدوای و دوانەکەون ،چونکە دەبێتە هۆی دروست بوونی ترس لای منداڵ. هەروەها لە کاتی گواستنەوەی منداڵ لە قوتابخانەکەی نوێ بۆ قوتابخانەیەکی نوێ دەبێت هاوکاری قوتابخانە بکەن لەسەر دیاری کردنی هاوڕێ ی نوێ و خۆش ویستنی قوتابخانەکە لای منداڵەکەیان. باشتر وایە منداڵ پێش چوونە قوتابخانە لە(باخچەی ساوایان) دانرابێت و چونکە منداڵ کە قوناغی باخچەی ساوایانی بینیبێ چوونە قوتابخانەی ئاسان دەبێت و منداڵ زیاتر کۆمەڵایەتی دەبێت.

پێویستە(دایباب)زانیارییەکیان دەربارەی دەروونی و پەروەردەی منداڵ هەبێت ئەوە زۆر گرینگە بۆ(دایباب)بەتایبەتی پێش چوونی منداڵ بۆ قوتابخانە. گرنگ وایە چارەسەر سەرەتایی بێت. چارەسەری سەرەتای دەبێتە هۆی سەرکەوتنی منداڵ لە خۆبندن و حەزکردن بە چوونە قوتابخانە. بەڵام پشت گوێ خستنی کێشە دەبێتە هۆی خۆش نەویستنی منداڵ بۆ قوتابخانە و باوەر بەخۆنەکردن و هەرەس هێنانی ئاواتەکانی.

*** قۆناغی چوارەم/**
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی.



جەنەمی کوردێکی مۆدێرن لە ناو بیری پێش مۆدێرنیتەدا



کاروان کەریخان گوندەژوری*

کاتێک کە قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم تووشی نەخۆشی ڕۆماتیسم هاتم، دۆخەکە وا بوو نەمدەتوانی بچمە دەرەوەی وڵات، ڕێگەی دوورم تاران بوو، ئەویش بە سەد دەردەسەر. لە ڕێگەی خزمێکمان کە پێشتر کەسێکی بەرچاوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار بوو چووینە لای دکتۆرێکی ڕۆماتۆلۆژی بەناوبانگ. لە ژان بگەڕێین، ئەم نەخۆشیە ئەو خێرەی پێوە بوو کە کەسایەتییەکی بەرجەستەی خۆش قەڵەمی وەک دکتۆر.

عەلی جەوادزادەم ناسی. بەڕێز جەوادزادە دکتۆری ڕۆماتۆلۆژییەلەتاران و جگەلەوەی کەپزیشکێکی ئاکارمەندە، نووسەرێکی قەڵەم تیژەو لەبوارەکانی سیاسی و فەلسەفەو ئەدەبیات و مێژوو دەستێکی باش و هەستێکی ناسکی هەیەو وەک خاوەن بڕوانامەکانی ئێمەش نیە داوای ئەوە بکات بێتە وەزیر و... . واتا بەڕێزیان تەنها شارەزایەک و وەستاکارێکی پزیشکی نیە، بەڵکو مەودای بیرکردنەوەی ئەو لە پزیشکێکی ڕووت بەرینترە و لە زۆر بواردا شارەزایە. ئەم شارەزاییە چەند ڕەهەندییە و ئەم بیرە بەربەرینەی بەڕێزیان بەشێکی لێهاتوویی خۆیەتی و بەشێکی ڕیشەی لە ناو سیستەمی پەروەردەی ئەم وڵاتە دایە و بەشێکیشی پەیوەندی بە فەرهەنگی خوێندنەوە هەیە.

دکتۆر جەوادزادە لە کورد نزیکەو پێی وایەکورد خاوەن جەنەمی بەرچاون و هەڵکەتووی بیرتیژ و چاکی تێدایە. زۆرجار پێش ئەوەی دەست بۆ پشکنین و نەخۆشیی من هەڵمالێ باسی دۆخی کوردستان دەپرسێ و هەواڵی پایەبەرزی سەرۆک دەپرسێ و هیوای سەرکەوتن بۆ گەلی کورد دەخوازێ. ئەو هەژار موکوریانی دەناسێ، هەروەها دۆستایەتی لەگەڵ شەهید سامی عەبدولڕەحمان هەبووە و پێی سەرسام بووە. دیارەلەسەر کاک سامی شتێکی نووسیوەو بەتایبەتی بۆ منی نارد‌ووە. منیش نامەوێ بەتەنیا بیخوێنمەوەبۆیەوەرمگێڕا و لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە. بەڕێزیان جگە لەوەی کە باسی لێهاتوویی سەرکردەیەکی کوردستان دەکات و دڵگرانە بۆ ئەو ڕەشکردنەوەیەی (یەکدی) کە لە نێو نەتەوە و ئایینەکانی ناوچەکەماندا هەیە. ئەو داخی ئەوەیەتی کە بۆچی لە چاخی مۆدێرنیتەدا کێشەی نێوان نەتەوەکان و مەزاهیب وەک میراتی پێش مۆدێرنیتە بوونی هەیە. دوای خوێندنەوەی نووسینی بەڕێزیان بە خۆم دەگوت لای ئێمە نەک هەر کێشەی نەتەوە و ئاین هەیە و نەگەیشتوونەتە هزری مۆدێرنیتە و دێموکراسی بەڵکو لە ناو یەک نەتەوەشدا لایەنێکی سیاسی لایەنەکەی دیکە بە نادیدە دەگرێ و وەک نەیار سەیری دەکات.

دکتۆر عەلی جەوادزادە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تێلێگرام لە وەڵامی پەیامێکی من ئاوای نووسیوە: "کاروان گیان سوپاسی ئەم پەیامەت دەکەم کە بۆ منت ناردووە. بە پێویستی دەزانم بیرەوەرییەکی ئەرکێکم لە کوردستان بۆ هاتە پێش. لە شوێنێک کە شاخی لێ ڕووخا بوو و ڕێگای بەستبوو ئۆتۆمۆبێلی سامی عەبدولڕەحمانیش چاوەڕێی کردنەوەی ڕێگا بوو، هەڵی دیدار هاتە پێش. کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە تازە ڕووی دابوو و وێنە هەژێنەرەکانی لە دونیادا بڵاو ببوونەوە. سامی لە منی پرسی: پیشەت چیە؟ گوتم: دکتۆرم، ئەوکات بە تاسەیەکی خەماوییەوە ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی منیش ڕۆژگارێک ئەندازیاری کارەبا بووم. گوتم: ئێستاش هەوی؟ دریژەی دایە و گوتی: نە ئیتر، لە 1963 بەولاوە پێشمەرگەم.

چاوەڕوانیمان دریژەی کێشا و قسە لە سەر زۆر شت کرا. مرۆڤێکی دونیا دیتوو و خاوەن بەزەیی بەهێزی ئینسانی بوو. باسی سیاسەتمان کرد، لە جەنگ و بەدبەختی مرۆڤ، لە دڵتەنگییەکانی تایبەتی و ئارمانە گەورەکانی ئازادی و باش بوونی دواڕۆژ دواین. لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا وەک دوو دۆست و وەک دوو برامان لێهات و دڵمەشغوڵی خۆم لە سەر کۆچکردوو سامی عەبدولڕەحمان بنووسم و هەروەها باسێکی ئایندەبینانە لە سەر ناوچەکەی خۆمان بکەم. ئەگەر تەواو بوو بۆت دەنێرم.

بیرەوەریەک لە گەڵ سامی عەبدورەحمان و داهاتووبینی ناوچەی ئێمە

دکتۆرعەلی جواد زادە بەم شێوەیە بیرەوەرییەکەی خۆی نووسیوە... وابزانم ساڵی 1367ی هەتاوی بوو کە من وەک پزیشکی سەربازیی پشتیوانی جەنگ لە جەهادی سازندەگی(1) سەربە قەرارگای حەمزە (2) داهاتووی هنر و عاتیفەی هاوبەشمان هەبوو. دەقێکی چاپ کراو کە ڕاپۆرتێک بوو لە سەر (سیاسەتی زەوی سووتاو)ی سەدام حوسێنی لە ناو ئۆتۆمبیلەکەی هێنایەدەر و شتێکی بۆ من لە سەر نووسی و پێشکەشی کردم کە لە لام زۆر ئازیزە.

ئەو کاتەی کە لە جەژنی قوربانی ساڵی 2004لە بی سی نێودەوڵەتی بیستم سامی عەبدولڕەحمان لە نێو قوربانیانی تەقینەوەیەک بووە لە کوردستان، ئەم هەواڵە وەک چەکوچی پۆڵا وەسەرم کەوت و بۆ چەند خولەکێک گێژی ئەوە بووم.

لە دوای ڕووداوەکانی کوردستان و بە دوایدا ڕووخانی سەدام حوسێن هیوام ئەوە بوو کە سامی عەبدولڕەحمان وەک کەسێکی شیاو و لێهاتوو بە پانایی دیدگای پڕ لە سۆزی مرۆڤایەتی و ئامانجە خاوێنەکانی و ئەزموونی کەڵەکەکراوی زیاتر لە بیست ساڵی کێشە لە گەڵ دژندانەترین دەرکەوتەکانی سیاسەتی پێش مۆدێرن لە عێراق بتوانێ ڕۆڵێکی پێویست بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق بگێڕێ. هومێدێک کە وێران بوو.

جیهانی پێش مۆدێرن مەیدانی لێک گیر بوونی شوناسە فەرهەنگییەکانی ساختە بووە. شوناسگەلێک کە لە پشتی دیوارە ئەستوورەکانی فەرهەنگ دروست دەبێت تاکو (ئەوانیتر) وەک (ئەهریمەن) ببینێ. لە ئۆستورەکانی ئێرانیە کۆنەکانی وەک نەبەردی تورانی و ئێرانییەکان بگرە تا دەگاتە کێشەی یۆنانییەکان لە گەڵ (ئەوانیتر) کە وەک (بەربەڕ) ناویان دەبردن، لە جەنگی سەلیبی بگرە تاکو دەگاتە دوو جەنگی جیهانی سەدەی ڕابردوو و جەنگی بالکان و ڕابردووی نزیک و نمونەی دیکە. زۆر نایاب و سەیر دەبوو ئەگەر دوو سەرداری وەک سەلاحەدینی ئەیووبی و ڕیچاردی شێردڵ بتوانن لە کەلێنی ئەو دیوارە ئەستوورانە خۆ بپارێزن و دوور بن لە جەنگەکانی سەلیبی و بگەنە تۆزێک لە هاودڵی، هاودڵییەک کە تامی ناپایەدار و تێپەڕی هەیە.

ئەمە یەکێکە لە گەورە دەستکەوتەکانی مۆدێرنیتە تاکوو مرۆڤ بتوانێ لە (یەکتری) ئەهریمەن دروست نەکات، (ئەو) قبووڵ بکات و تەنانەت بیانەوێ (خۆ)یان لە چاوی (ئەو)دا ببینن. ئەم دیتنی (خود) لە چاوی (ئەویتر)ە - وێڕای ئەوەی دەرکەوتەی هەڵقوڵاوی وێرانەی دیوارە بەرزەکانی کەلتوور بوو کە لە پشتیەوە فەرهەنگ دروست دەبوو- ئەگەرێکی داهێنەرانەی بۆ ناسینی (خودیش) دەڕەخساند. باختین یەکێک لەو کەسانە بوو کە بە گرینگی دیتنی (خۆی) لە چاوی (ئەوانیتر) وئاگا هات و لە سەری دوا و پێداگری کرد و گوتی: کە تەنیا بە تێبینی کردنی پێناسەی (ئەویتر)ە لە سەر (من) کە من دەتوانم خۆم باشتر بناسم (گێڕانەوەی واتا) پڕۆسەی سەرەتا دیتنی ئەو (ئەویتر)ە و دواتر حیساب بۆ کردنی (ئەو) و دواجار هاودڵی لە گەڵ (ئەو) ڕێگا بەرەو گەیشتن بە (مەعریفەی گشتی) دەبات کە تێدا سەرەتا فەرهەنگ بابەتی بێهودەی (بوون ناسی) لە دەست دەدات تاکوو باوەڕە گەورە و بڵێندەکانی (دین) و (نەتەوە)کان بڕوخێ و دووەم بابەتی (شوناس) بەرەو بێ بابەتی بوون بڕوات. بەرهەمی ئەم دووە ئەوەیە کە (فەرهەنگ) بۆ شتی زاهیری بچوک دەبێتەوە و تەنها لایەنی دڵگری ڕەنگاوڕەنگی جوانی و پڵۆرالی مرۆڤ نیشان دەدات بێ ئەوەی بتوانێ وا لە مرۆڤ بکات لە (یەکتر)ی ئەهریمەن سازی بکەن و دوژمنایەتی هەڵایسێنێ.

لێکەوتەکانی ئەم داهاتوو بینییە بۆ ئەو سیاسەتە مۆدێرنەی کە هەڵاتنەکەی لە ناسۆی پێش چاومان دەکرێ بدیترێ، نەمانی جەنگە. ئەڵبەتە مللانێی بەرژەوەندییەکانی گرووپەکان لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە. بەڵام بۆ کۆتاییەهاتن بەم دژبەریە ڕێگایەکیان جگە لە گفتوگۆ یان گفتوگۆی هاوکات لە گەڵ کێشەی ساردی سیاسی نیە. ئاوایە کە مۆدێرنیتە ئێمە لە جیهانی گرژاوی پێش مۆدێرن بەرەو ئاسۆیەکانی مامەڵەی ناتوندوتیژی مرۆڤایەتی دەبات کە قوونڵترین ژێترەوتەکانی هەڵگری ویستی هاودڵییە.

جەوهەری سەرەکی ئەم ئاسۆگەی خاڵی لە گرژی، هەڵبستنەوەی نۆرمی نوێیە لە نێو مرۆڤەکان بۆ تێگەیشتن لە یەکتری. دەتوانین بڵێین کە چاو هەڵێنانی مرۆڤ بۆ دیاردەی (ئەویتر) وەک خۆمان مرۆڤێکی وەک (خۆمان) گەورەترین دەستکەوتی مۆدێرنیتەیە بۆ قەڵغانی ژیانی کۆمەڵایەتی هۆمۆساپینس. (دەستکەتێک وەک بڵێی بڕیارە تەنیا لە سەر مرۆڤ نەوەستێت و دەڕوا تاکوو جۆرەکانی گیانلەبەرانیش بگرێتەوە، بەڵگەش مەیلەکانی ژینگەییە بۆ چاودێری و باشتر کردنی دۆخی گیانەوەرانی ناو سروشت.

کۆتایی دیدارم لە گەڵ سامی عەبدولڕەحمان یادێکی تاڵی کارەساتی مرۆڤایەتی لە هەڵەبجە بوو، ئەو کات بە چاوێکی فرمێسکاوی و بە دەنگێکی پڕ لە بوغز نمونەی بەم ئایەتەی قورئان هێناوە: (وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنْقَلَبٍ يَنْقَلِبُونَ).


...ڕێگا بووەوە، وەک دوو برای خەمین و دڵشکاو لە یەکتر جیا بووینەوە و هەر یەکە و ڕێگای خۆمان پێوا..

پەراوێزەکان:

بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان.

(1جەهادی سازندەگی/ واتا دامەزراوەی خەباتی ئاوەدانکردنەوە کە لە دوای ڕوخانی پەهلەوی دووەم لە لایەن سەرانی شۆڕشی ئیسلامی دامەزرا. ئەم دامەزراوەیە لە کاتی جەنگی ئێران و عێراق ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو.

2) قەرارگای حەمزەی سەیدوشوهەدا: بلوکێکی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیە لە سنوری کوردستان.



الأهداء

الى ذكرى اطفال كردستان الذين احرقتهم الاسلحة الكيمياوية، والذين ماتوا تحت انقاض الدور المهدمة على رؤوسهم، والذين سلموا الروح تحت التعذيب في سجون الفاشية.

سوورە مەرگەیی

کۆچی ئیدریس بارزانی و ئەرکی سەرۆک

دوای پیلانە شوومەکەی جەزائیر و نەخۆش کەوتنی بارزانی نەمر و دواتر کۆچ کردنی، ئەرکی دەست پێکردنەوە و بەردەوامی شۆڕش و وەڵامدانەوەی ئەو پیلانە نێودەوڵەتی و فرە جەمسەرە کەوتە سەرشانی دوو هەڵۆی بەرزە فڕی ئاسمانی کوردایەتی و ڕاهێنراوی ناو لانەی شۆڕشگێڕی، ئەوانیش کاک ئیدریس و سەرۆک بارزانی بوون، ئەو دوو برایە کە دوو گەنجی تێگەیشتوو لە کوردایەتی و پێگەیشتووی ناو قوتابخانەی پ ل ە وڕەی بەرەنگاری و چەمکی تازەی شۆڕشگێڕی بارزانی نەمر بوون، ئەو دوو برایە برایانە ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆ و گەورەترین ئامانەتی نەتەوەیی و نیشتیمانیان لە بارزانی باوک وەرگرت، ئەوە لە کاتێکدا بوو هەندێک لە بەرپرسانی ئەوکاتی شۆڕش بۆ ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی، هەوڵیان دەدا وەستانی کاتی شۆڕش بە شکست ناوبەرن و شکستەکەش بخەنە ئەستۆی بارزانی نەمر، بەشێکی تریش کە لە شۆڕش و کوردایەتی یاخی ببوون هەوڵیان دەدا لە کانیاوی ئەو وەستانە کاتییەی شۆڕش جوانکاری سیاسی و شۆڕشگێڕی بۆ ڕابردووی پڕ لە خراپەکاری خۆیان بکەن و هەر بەو جوانکاریەوەش خۆیان نمایش بکەن، هەر چوار داگیرکارەکەی کوردستانیش لەسەر ئەوە کۆک و هاوڕا بوون کە شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە بازنەی ئەو وەستانە کاتییەدا گەمارۆ بدەن و ڕابەرایەتی شۆڕش لە دەستی ڕابەری ڕاستەقینەی کورد دەربێنن و ڕادەستی دەست و پیوەندە شاراوەکانی خۆیانی بکەن.

داگیرکارانی کوردستان و ئەو بەشەی کە لە بەرپرسیارێتی ڕایان دەکرد و ئەو بەشەش کە جوانکاری سیاسییان بۆ خۆیان دەکرد، هەموو خاڵە ناکۆکەکانی نێوان خۆیان وەلادەنا و لە خاڵی دوور خستنەوەی مالباتی بارزانی نەمر لە شۆڕش و بەرخودان یەکتریان دەگرتەوە، بەڵام پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانیش کاک ئیدریس و سەرۆک بارزانی بە شاندانە بەر بەرپرسیارێتی جیا لەوەی گەمارۆی هەر چوار داگیرکارەکەی کوردستانیان کردە پێخوستی شۆڕشگێڕی خۆیان، چاوەڕوانی نەیارانی ناوخۆشیان کردە خەونێکی بەدی نەهاتوو و بە دۆست و دۆژمنیشیان گوت: ئەوە ئێمەین خاوەنی ڕاستەقینەی شۆڕش و وەڵامدەرەوەی پیلانی داگیرکارانی کوردستان، ئەوە ئێمەین بڕیاری بەردەوامیمان داوە و بەردەوامیش دەبین تا بەدیهێنانی خواست و ئامانجە نەتەوەییەکان.

هەر کەسێک بۆ تەنیا جارێک بە دیداری ئەو زاتە شۆڕشگێڕ و کوردپەروەرە گەیشتبێ و ئامۆژگاری و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی بیستبێتەوە پێش چاوی خۆی، دەزانێ کۆچی دوایی کاک ئیدریس لە ڕۆژی 31ـ1ـ 1987جیا لەوەی بۆشاییەکی گەورەی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد جێهێشت، ئەرکی سەرۆک بارزانیشی کردە دوو بەرامبەر، بەڵام ئەگەر دوور لە سۆز و ڕقی سیاسی هەڵوێستە نەتەوەییەکانی سەرۆک بارزانی بە بێژینگی شۆڕشگێڕی و کوردپەروەریدا بکەین، دەگەینە ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەی کە سەرۆک بارزانی بە پابەند بوونی بە ڕێبازی بارزانی نەمر، هەم توانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە کۆچی دوایی کاک ئیدریس خستیە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هەمیش ئەرکە دوولایەنەکەی سەرکەوتووانە ئەنجام بدات.

ئەوەی سەرۆک بارزانی کردی و ئێستاش دەیکات دوور بوو لە چاوەڕوانی و پێشبینییەکانی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان، چونکە هەرچی دوژمنان بوون بۆ دڕێژەدان بە سیاسەتی داگیرکاری پشتیان بە هێز و زەبروزەنگ و پیلانگێڕی دەبەست و پێیانوابوو بە گرتنەبەری ئەو سیاسەتە دەتوانن شۆڕشگێڕانی کورد ببەزێنن، هەرچی سەرۆک بارزانیش بوو لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هێز و زەبروزەنگی ئەوان هێزی لە ئیرادەی شۆڕشگێڕان و سەربەخۆخوازان وەردەگرت و لە وەڵامدانەوەی پیلانگێڕیەکانیش پشتی بە ڕێبازی بارزانی نەمر دەبەست، بۆیە لێرەوە بە دۆست و دوژمن دەڵێم: ئەوەی لە ڕووی دوژمنان هێزمان پێ دەبەخشێ و هەموو بۆشاییەکانی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش پڕ دەکاتەوە، ئەوەی گوڕوتینی بەردەوامیمان پێ دەبەخشێ و بە دوا ئامانجی سەربەخۆییمان دەگەیەنێ، گردبوونەوەمانە لەناو ڕێبازی بارزانی نەمردا، چونکە ئەو ڕێبازە بۆتە سیستەمی شۆڕشگێڕی و کورد تا بەو سیستەمەوە پابەند بێ، هیچ هێز و پیلانگێڕییەکی دوژمنان ناتوانێ کاروانی ڕووە و سەربەخۆییمان بوەستێنێ، بۆیە لە ساڵیادی کۆچی دوایی کاک ئیدریس بارزانیدا دەڵێم: باشترین وەفا و پاداشت و ڕێز گرتن لە خەبات و ماندووبوونی ئەو زاتە شۆڕشگێڕەی ناو بزاقی ڕزگاریخوازی کورد، پابەند بوونە بە ڕێبازی بارزانی نەمر و هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی سەرۆک بارزانی.

دائرة كاتب عدل زاخو / المسائي
العدد /٤٥
التاريخ/ ٢٠٢٠/١/٢٩
اعلان
الى المنذر اليه / نجيب داود بطرس
بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (١٥٢٤) السجل (٨/انذار/٢٠٢٠) المؤرخ في (٢٠٢٠/١/٢٨) والمتضمن المطالبة بحضورك امام مديرية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم (٢٠٢٠/٢/١٣) ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم (١٥٠٨/٥) مقاطعة ١٤ عباسية المشتراة من قبل المنذر (نعمت محو درباس) ولمجهولية اقامتكم حسب ما جاء بأشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة زاخو /(٣٤٣) المورخ في (٢٠٢٠/١/٢٩) تقرر نشر تبليغكم في الصحيفة اليومية .
كاتب عدل زاخو المسائي
سليمان كوفي محمود
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنووسی سۆران
بەروار: ٢٠٢٠/١/٢٩
ئاگاداری
داواکار (عصام صمد ابراهيم) داوای تۆمارکردنی ئەم ئامێرانەی خوارەوەی کردووە لە کارگەی بەرهەمهێنانی کۆنکریتی (سۆران) لە سۆران/ بازار ئاکارەکانیان لە خوارەوە دیاری کراون بەپێی تۆماری میکانیکی ژمارە (٣٣)ی ساڵی (١٩٩٨) بلاو دەکەینەوە هەرکەسێك خۆی بەپەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانەی خوارەوە دادەنێ لەماوەی پانزە رۆژ سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بەپێچەوانەوە بەناوی داواکار تۆمارەدەکرێت وە بەناوی دەکرێت.
ئامێرەکان
١- ئامێری هۆپەر/ محلی/ بەکارهاتوو/ کارەبا/ بۆ خەزن کردنی مواد - بێ ژمارە/ لەگەڵ ماتۆری کارەبا m-p10- m-w2200kg-made in-2012/12 92kw -2150-dangguan-model-hspq-xe
٢- ئامێری مەقەس/ ایرانی/ بەکارهاتوو/ کارەبا بۆ بڕین و قیاس کردنی اسفنجی - بێ ژمارە
٣- مۆلیدەی کارەبا/ بەکارهاتوو/ فەرنسی/ ٥٠٠kv/ گاز/ ژمارە/ ٠٢٩٣٨٦/٠٠١/ بۆ بەرهەمی هێنانی کارەبا.
٤- کۆمپرێسەری هەوا/ بێ ژمارە / بەکارهاتوو .
٥- هۆپەر (١) یەك دانە/ بێ ژمارە/ ترهیم/ کارەبا.
٦- سایلۆ/ ٢ دانە/ محلی/ بێ ژمارە / بەکارهاتوو/ لەگەڵ دوو ماتۆری کارەبایی وە قەپانی سایلۆ/ خەزانی چیمە نتۆ .
٧- کۆمپرێسەری هەوا/ صینی/ ٢٠١٢/ capacitx /٦٠٠L.
دادنووسی یەکەم/ ستار علی اسماعیل
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە: ٦٦/ئانبە/ ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٩
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی لەڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی مووچە بڕی (٢٧٢/٢٦٠) کەرتی / ملکندی دەباشان کە تۆمارە بەناوی قەرزار (محمد علی صالح شریف) بەرامبەر قەرزی خاوەن قەرز (عبدالسلام جبار اسعد) بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای (DEVELOPER) کە بڕەکەی (٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیار دینار هەروەك لە نووسراوی ئانبەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێربە ژمارە (٢٠١٩/٢١٩١) لە ٢٠١٩/١١/٢٠) ئاماژەی پێدراوە کە دەست پێ دەکات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە ڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەدا جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات لە بەشی ژمێریاری بارمتەی یاسایی بەڕێژەی (١٠٪) نرخی خەملێنراوی قەرزار لە مووچە

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٣
ژمارە: ٢٠٨٣ / ب / ٢٠١٩
بەروار: ٣٠ / ١ / ٢٠٢٠
ئاگادارى
بۆ داواڵەسەرکراو: (هیثم نجیب شریف)
داواکار بەناوى (سیامند جلال احمد) لەبەردەم ئەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (٢٠٨٣ / ب / ٢٠١٩) لە دادگاى بەرایى سلێمانى / ٣ لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێبوونتان لە ئێستادا نادیارە، بۆ یە ئەم دادگایە بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لە رێگەى دوو رۆژنامەى ناوخۆى رۆژانە بەمەبەستى ئاگادارېونتان بۆ دادگایى کردن بۆ رۆژى ٢٠٢٠/٣/٩ کاتژمێر (٩:٠٠) یان نارەنى بریکارێک بەپێچەوانەوە ئامادەنەبێت بە پێى یاسا داواکە دەبینرێت.
دادەر / سۆران عمر محوى
* * *
دادگەها بارى کەسایەتى ل زاخو
ژمارە / ٦٥/ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتى / ١/٢٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو/ داوالێکراو: مسعود حسن غازى
ل دیف داخوازا داواکار(پیان شفیق ابراهیم) وکێشا ژمارە (٦٥/ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازا خەرجێ بورى بو خو و کچا خو یاناکام (دەلال) ژ دایك بووى ٢٠١٦ هەر ژ رۆژا (٢٠١٦/١٠/٥) و داخوازیا خەرجى بەردەوام بوخو بو کچا خو (دەلال) ژتە دکت ژ رۆژا (٢٠٢٠/١/٢١) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (کاریز) یا ژمارە (٣٥٧) ل (١/٢٨ / ٢٠٢٠) ونڤیسارا هەلبژارى تاخا (پەیمان / ٢) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارىا تە بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامیت رۆژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل رۆژا (٢/٥/ ٢٠٢٠) ل دەمژمێر (٩) سپێدێ یان بڕیکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکى و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملى هێتە کرن .
دادەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگەها بارى کەسایەتى ل زاخو
ژمارە / ٦٥/ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتى / ١/٢٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو/ داوالێکراو: مسعود حسن غازى
ل دیف داخوازا داواکار(پیان شفیق ابراهیم) وکێشا ژمارە (٦٥/ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازا خەرجێ بورى بو خو و کچا خو یاناکام (دەلال) ژ دایك بووى ٢٠١٦ هەر ژ رۆژا (٢٠١٦/١٠/٥) و داخوازیا خەرجى بەردەوام بوخو بو کچا خو (دەلال) ژتە دکت ژ رۆژا (٢٠٢٠/١/٢١) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (کاریز) یا ژمارە (٣٥٧) ل (١/٢٨ / ٢٠٢٠) ونڤیسارا هەلبژارى تاخا (پەیمان / ٢) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارىا تە بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامیت رۆژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل رۆژا (٢/٦/ ٢٠٢٠) ل دەمژمێر (٩) سپێدێ یان بڕیکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکى و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملى هێتە کرن .
دادەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگەها بارى کەسایەتى ل زاخو
ژمارە / ٦٥/ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتى / ١/٢٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو/ داوالێکراو: مسعود حسن غازى
ل دیف داخوازا داواکار(پیان شفیق ابراهیم) وکێشا ژمارە (٦٥/ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازا خەرجێ بورى بو خو و کچا خو یاناکام (دەلال) ژ دایك بووى ٢٠١٦ هەر ژ رۆژا (٢٠١٦/١٠/٥) و داخوازیا خەرجى بەردەوام بوخو بو کچا خو (دەلال) ژتە دکت ژ رۆژا (٢٠٢٠/١/٢١) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (کاریز) یا ژمارە (٣٥٧) ل (١/٢٨ / ٢٠٢٠) ونڤیسارا هەلبژارى تاخا (پەیمان / ٢) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارىا تە بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامیت رۆژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل رۆژا (٢/٦/ ٢٠٢٠) ل دەمژمێر (٩) سپێدێ یان بڕیکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکى و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملى هێتە کرن .
دادەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگەها بارى کەسایەتى ل زاخو
ژمارە / ٦٥/ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتى / ١/٢٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو/ داوالێکراو: مسعود حسن غازى
ل دیف داخوازا داواکار(پیان شفیق ابراهیم) وکێشا ژمارە (٦٥/ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازا خەرجێ بورى بو خو و کچا خو یاناکام (دەلال) ژ دایك بووى ٢٠١٦ هەر ژ رۆژا (٢٠١٦/١٠/٥) و داخوازیا خەرجى بەردەوام بوخو بو

دادگاى بەرایى سلێمانى / ٣
ژمارە : ١٢ / بەپەلە / ٢٠٢٠
بەروار : ٣٠ / ١ / ٢٠٢٠
ئاگادارى
بۆ داواڵەسەرکراوى دەرخستەى بەپەلە: (موفق جلیل رشید محمد) داواکارى دەرخستەى بەپەلە بەناوى (سەردار حسن فرج) لەبەردەم ئەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (١٢ / بەپەلە / ٢٠٢٠) لە دادگاى بەرایى سلێمانى / ٣ لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێبوونتان لە ئێستادا نادیارە، بۆ یە ئەم دادگایە بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لە رێگەى دوو رۆژنامەى ناوخۆى رۆژانە بەمەبەستى ئاگادارېونتان بۆ دادگایى کردن بۆ رۆژى ٢٠٢٠/٢/١٦ کاتژمێر (٩:٣٠) یان نارەنى بریکارێک بەپێچەوانەوە ئامادەنەبێت بە پێى یاسا داواکە دەبینرێت.
دادەر / سۆران عمر محوى
* * *
دادگەها بارى کەسایەتى ل زاخو
ژمارە / ٦٥/ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتى / ١/٢٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو/ داوالێکراو: مسعود حسن غازى
ل دیف داخوازا داواکار(پیان شفیق ابراهیم) وکێشا ژمارە (٦٥/ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازا خەرجێ بورى بو خو و کچا خو یاناکام (دەلال) ژ دایك بووى ٢٠١٦ هەر ژ رۆژا (٢٠١٦/١٠/٥) و داخوازیا خەرجى بەردەوام بوخو بو

دادگاى بەرایى سلێمانى / ٣
ژمارە : ١٢ / بەپەلە / ٢٠٢٠
بەروار : ٣٠ / ١ / ٢٠٢٠
ئاگادارى
بۆ داواڵەسەرکراوى دەرخستەى بەپەلە: (موفق جلیل رشید محمد) داواکارى دەرخستەى بەپەلە بەناوى (سەردار حسن فرج) لەبەردەم ئەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (١٢ / بەپەلە / ٢٠٢٠) لە دادگاى بەرایى سلێمانى / ٣ لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێبوونتان لە ئێستادا نادیارە، بۆ یە ئەم دادگایە بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لە رێگەى دوو رۆژنامەى ناوخۆى رۆژانە بەمەبەستى ئاگادارېونتان بۆ دادگایى کردن بۆ رۆژى ٢٠٢٠/٢/١٦ کاتژمێر (٩:٣٠) یان نارەنى بریکارێک بەپێچەوانەوە ئامادەنەبێت بە پێى یاسا داواکە دەبینرێت.
دادەر / سۆران عمر محوى
* * *
دادگەها بارى کەسایەتى ل زاخو
ژمارە / ٦٥/ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتى / ١/٢٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو/ داوالێکراو: مسعود حسن غازى
ل دیف داخوازا داواکار(پیان شفیق ابراهیم) وکێشا ژمارە (٦٥/ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازا خەرجێ بورى بو خو و کچا خو یاناکام (دەلال) ژ دایك بووى ٢٠١٦ هەر ژ رۆژا (٢٠١٦/١٠/٥) و داخوازیا خەرجى بەردەوام بوخو بو

دادگاى بەرایى سلێمانى/ ٣
ژمارە: ٢٠٨٣ / ب / ٢٠١٩
بەروار: ٣٠ / ١ / ٢٠٢٠
ئاگادارى
بۆ داواڵەسەرکراو : (هیثم نجیب شریف)
داواکار بەناوى (سیامند جلال احمد) لەبەردەم ئەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (٢٠٨٣ / ب / ٢٠١٩

هیوادارین ئەمجارەیان ترەمپ بەرامبەر بەگەلی کوردستان راستگۆ بێت





ماجید دەباغ

ئەگەر ترەمپ تەنیا لە گەڵ (20%)ی ئەو قسە و ستایش و پیاهەڵدانە مەزنەی کە لە پەراوێزی کۆڕبەندی داڤۆس لەکاتی پێشوازیکردنی لە شاندی هەرێمی کوردستان دەرهەق هەرێمی کوردستان و سەرۆکی هەرێم و هێزەکانی پێشمەرگە و رۆڵیان لە تێکشکاندنی رێکخراوی تیرۆریستی داعشدا کردی، بکاتە ئەمری واقیع، کەواتە ئێمە لەنێو خێروبێرێکی گەوردەاین، چونکە ئاشکرایە بەڵێن و بڕیارەکانی ئەمەریکا تەنیا بەدەست ترەمپەوە یا تاکە کەسێک نییە.

بەڵکو تۆڕێکی ئاڵۆز لە پەیوەندی و بەرژەوەندییەکان لە نێو واشنتۆن جا بە نهێنی یا ئاشکرا، شەرعی یا مەعنەوی، لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا بەشداری دەکەن.هەر ئەم خاڵە وایکردووە بڕوای تەواوم بەوە هەبێت، گرنگی چاوپێکەوتنەکەی نێوان بارزانی و ترەمپ لە دیدو روانینی کۆشکی سپی بۆ هەرێمی کوردستان ، سەرچاوەی گرتووە نەک تەنیا لای سەرۆکی ئەمەریکا. بەڵکو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای کاریگەر، وەک کۆنگریس و وەزارەتی بەرگری و ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی و بەرپرسە گرنگ و جێبەجێ کارەکان و گەورە کۆمپانیا و سەرپەرشتیارانی میدیا و رای و گشتی و بنکەکانی توێژینەوەی ستراتیژی و گەورە راوێژکارە سیاسییەکان، ئەمانە هەر هەموویان کلیلی راستەقینەی بڕیار دانن لە ئەمەریکا، کەواتە بە هەقیقەت دەستکەوێکی مەزنە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ:

– پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێم رێچکەی راستی گرتووەو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەمیشە دانایانە، بە شێوەیەکی رۆژانەو بەردەوام و کاریگەر لەگەڵ عەقڵ و بەرژەوەندییەکانی بڕیار بەدەستە کاریگەرەکانی جیهان کاریان کردووە.

– ئەو بە گەرمی پێشوازی کردنەی کە لە لایەن سەرۆکی ئەمەریکا لە سەرۆکی هەرێم کرا، هەروەها لێدوانەکانی لە کاتی پێشوازیکردنەکە وەک: (پەیوەندی زۆر باشمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، چاوپێکەوتنەکەی خۆشحاڵیی کردین، ماوەیەکی درێژە کاری لەگەڵ دەکەین) نیشانەی سەرکەوتنی پەیوەندیی گەورەی هەرێمە لەگەڵ وڵاتانی جیهان و دراوسێ، کە زۆرێک لەو وڵاتانەی خاوەن دەستی درێژن لە رووی سیاسەتی دەرەوە بەو ئاستە نەگەیشتوون.

– ترەمپ پێزانینی خۆی بۆ هەرێم لەبارەی لەباوەش گرتنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی جیاجیاکانی نێوهەرێم دەربڕی، ئەمەش نامەیەکی زۆر گرنگ و پڕبایەخە بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی خاوەن پێکهاتەی جیاجیای ئایینی و نەتەوەیین بەڵام حکوومەتەکانیان ناتوانن کەشی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەیان بۆ دابین بکات، لە کاتێکدا هەرێم بە بەڵگەی بەردەست بۆتە نموونەی پێکەوەژیان و میترگێک بۆ بڵاوکردنەوەی کلتووری لێبووردەیی لەنێوان ئایین و نەتەوەکان بە شێوەیەک رێگا بەکەس نادرێت ناکۆکیی و ئاژاوە بخاتە نێو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان، تەواوی ئەو پێکهاتانەی لە نێو باوەشی حکوومەتی هەرێمدا دەژین گەواهی بۆ ئەم راستییە دەدەن.

– ستایش و پیاهەڵدانەکانی ئەمریکاو جیهان بە قوربانییەکانی هەرێمی کوردستان لە رووبەڕووبوونەوەو شکستپێهێنانی داعش لە کاتی خۆیدابوو تا ئارامی و خۆشی بەسەر دڵ و دەروونی خانەوادەی شەهیدەکان دابارێنێت کە بە گیانی خۆیان سەقامگیری و ئاسایشی هەرێم و عێراق و جیهانی ئازادیان پاراست و بە داستانە پاڵەوانییەکانیان سەرمایەکی کەڵەکبوویان نەک هەر لە نێو دڵ و دەروونی ئێمە بەڵکو لە دڵی ملیۆنەها کەس جێهێشت.

– مافی ئەو گەلەیە شادو کامەران و هەست بە سەرفرازی و شانازی بکات کە ئێمە بەدەستی خۆمان نەمریەکان و میژوومان دروست دەکەین، خۆشییەکەمان لە هەموو ئەو رووداوانە گەورەترە، لەبەر ئەوەی لەم قۆناغە چارەنووسسازەی عێراق وزەیەکی بارگاوی بە گیانی کوردستانیان دەبەخشێت، هیواداریین ترەمپ ئەمجارەیان لەگەڵ هەستەکانی راستگۆبێت و ویستی جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی هەبێت. چاوپێکەوتنەکە سەرەتایەکەو بۆ گەیشتن بە بڕیارە چارەنووسسازەکەمان، پێویستی بەبەردەوامیی و هەوڵی بەردەوام هەیە.

سەرکەوتنیش لە خواوەیە.

و: خالید گەردی



کاریکاتێر

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1848:
ئەمەریکا و مەکسیک لە رێگەی مۆرکردنی پەیماننامەی گوادالوپ هیلداگۆوە کۆتاییان بە شەڕی نێوانیان هێنا.



سالی 1933:
دوای دوو رۆژ لە گەیشتنی بە دەسەڵات، ئادۆلف هیتلەر بڕیاری دا پەرلەمانی ئەڵمانیا هەڵبوەشێنێتەو.



سالی 1971:
لە رێگەی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازیەوە، عیدی ئەمین خۆی گەیاندە لوتکەی دەسەڵات لە ئۆگەندا.



سالی 1982:
لە سووریا ،هێزە سەربازیەکانی سەر بە رفعەت ئەسەد شاری حەمایان کۆنترۆڵ کرد.



سالی 1989:
دوای 9ساڵ داگیرکردن ، دوایین یەکەی سەربازی سۆڤیەتی کابۆڵی پایتەختی ئەفغانستانی بەجێ هێشت.



سالی 2011:
لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشی 25ی یەنایەر ، رووداوەکەی مەوقیعەت ئەلجەمەل لە گۆڕەپانی تەحریری شاری قاهیرە رووبدا.

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/2/2 ژمارە (5923)
خەبات



ڕەهەندە نوێیەکانی ئایندەی عێراق



بەهزاد حەویزی

بەردەوامیی و بەربڵاویی خۆپیشاندانەکانی(تشرینی یەکەمی2019)لە عێراق هەرچەندە وەک بزاوتێکی جەماوەریی ئاڵۆزو زۆر ڕوون نییە، بەڵام لە چەند تەوەرێکدا نیشانە و ئاماژەی نوێ لە دوو دیوی جیاوازدا هەڵدەگرن، یەکەمیان: داوا و خواستەکانی شەقام، دووەم: دەستی ڕێکخراوەیی-سیاسی -دەسەڵات بەمەبەستی بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەو یەکلاکردنەوەی قەیرانەکە، جگە لە ڕۆڵی بکەرە هەڕێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان لەو جوگرافیا دیاریکراوەی خۆپیشاندانەکان. تەوەری یەکەم پەیوەندی بە (چینی دەسەڵاتدار)ەوە هەیە، بەتایبەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و کەسی یەکەم سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەوەبوو لە هەنگاوی یەکەم لادرا، بەڵام ئایا لادانی عەبدولمەهدی کارێکی ڕاست بوو؟یەکەم: ئەو بڕیارە پەلەی لێکرا، دووەمیش جێگرێکی دیاریکراوی نەبوو هەرچەندە بەپێی دەستوور ئاماژە بەو حاڵەتە کراوە-واتە تائێستا دیار نییە کێ دەپاڵێورێ، چونکە تارادەیەک ئەستەمە لە نێوان شەقام و کوتلە سیاسیەکانا بەتایبەتی(شیعە)بە پێی پرەنسیپی تەوافوق و هاوسەنگییەکی سەددەرسەد ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ.

تەوەری دووەم، هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنە، کە زیاتر جەخت دەکرێتە سەر بێلایەنی کۆمیسیۆن و ئەندام و بەرپرسانی، بەڵام ئایا ئەوە بەئاسانی دەکرێ و ڕێی تێدەچێ بەتایبەتی لەرووی پراکتیکەوە؟.

تەوەری سێیەم:دەستێوەردانی دەرەکییە، کە کێشەیەکی کەونارو فرەدەهەندە، جگەلەوەی پەیوەستە بە خودی سەردەمی گۆڕانکاریەکانی سیستەمی سیاسی لە عێراق پاش ساڵی(2003)وە، واتە لە ڕووی هۆکار و دەرەنجامەوە کاریگەری هەیەوبەردەوامیشە لەسەر بونیاتنانی سیستەمەکە بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە لەوانە:سیاسی، ڕێکخستن، ئابووری.

تەوەری چوارەم: پرسی گەندەڵی، ئەوەش دەوەستێتە سەر چەندین هۆکار وەک نەبوونی بناغەیەکی پتەوی دامودەزگایی و لێهاتوویی و..تد، کە بەدەوری خۆی ڕەگەزێک یاموئەشیرێکی شکستپێهێنانی حوکمڕانێی باشە(حەوکەمە)شانبەشانی شەفافیەت و سەروەریی یاساوپرسی لێپێچینەوە.

تەوەری پێنجەم: حزبەسیاسیەکان، ڕۆڵیان لە پاشەکشەپێکردنی ئەزموونیی دەوڵەتداریی بە ڕێگەیەکی ڕاستودروست و ململانەی بەتین و هەمەلایەنەی ئەو ئاراستە سیاسیانە و ئاوێتەبوونیان بە ئایدیۆلۆجیای تایەفەگەریی و دینی.

تەوەری شەشەم: بێکاریی و خزمەتگوزاریی، کە چین وتوێژی بەربڵاویی خەڵک پێوەی دەنااڵێنن لەوانە دەرچووانی کۆلێژوپەیمانگاکان و شاروشارۆچکە پەراوێزکراوەکان.

تەوەری حەوتەم: ڕەتکردنەوەی ئەو فۆرمەی پشککاریی لەنێوان هێزە سیاسیەکان و پێشخستنی بەرژەوەندی بەرتەسکی حزبی- سیاسی و دوورخستنەوەی هەژموونی دەرەکی و ئیسلامی سیاسی.

لەو تەوەرانەوە بەدیار دەکەوێت قەیرانی حوکمڕانی هەیە، قەیرانەکەش فرە لایەنەوپێویستی بەچارەکردنی هەمەلایەنەش هەیە، لەلایەکی دیکەوە دەرهاویشتەکانی ئەو دواییەی ململانەکان لەسەر هەردوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی سەبارەت بە ڕەوشی عێراق ئەوە دەسەلمێنن، کە بە گوێرەی ئەو کێشەوگیروگرفتانەی ئاماژەمان پێدان، چەردەیەکی نوێ بەڕێوەیە بۆ ئایندەی عێراق بە دیوە نەڕێنی و ئەرێنیەکانیەوە، کە خۆی لەو ڕەهەندە پرسیارانە دەبینتەوە: سیستەمی سیاسی لە عیراق بەپێی دەستوور دەوڵەتێکی ئیتیحادی فیدرالییە، ئایا ئەو فۆرم و شێوازە دەسکاری دەکرێ؟ئەگەر بکرێ ئایا بەڕەو مەرکەزی دەچێ یا هەنگاوێک بەڕەو پێشتر بەڕەو کۆنفیدرالی؟.

ئایا ئەو سیغە تەوافوقیە سیاسیەی هەیەو پەیڕەو دەکرێ بۆ عێراقێکی فرە نەتەوەوئیتنی ومەزهەب گونجاوولەبار بوو؟ ئەگەر لەبار بوو، ئەی گیروگرفتەکانی و ئەو کێشانە چین؟ئەگەر شیاو نەبوو ئەی چارەسەر چییە؟.

ئایا عێراق وەک دەوڵەت و موئەسەسات دەکەوێتەوە سەر پێی خۆی؟لەڕێگەی هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ دەستبەکار دەبێتەوە بەشێوەیەک جیاواز لە جاران؟یا ئەستەمەو ڕوو لە گێژەنێکی نادیار دەکات و نزیکە شەڕی نێوخۆیی لێ وەبەردێ؟ ئایا ڕێکخراووحزبە سیاسیەکان(بەتایبەتی شیعە)دان بەهەڵەی بەشداریکردن و هەڵسوڕاندنی دامودەزگاکانی دەوڵەت دەنێن و جارێکی دیکە بە سەربەخۆیی ئایدیۆلۆجیاوئەقیدەی سیاسیان دادەچنەوە؟ئایا ململانەی نەوەی کۆن و نوێی نێو چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیای ئەقیدەیی شیعەگەریی دەرەنجامی دەبێ لەو جوگرافیای خۆنیشاندانداا، لە دەوڵەتی دینیەوە بۆ دەوڵەتی مەدەنی؟ ئایا دەستێوەردانی دەرەکی و ڕۆڵگێڕانی دەوڵەتانی هەڕێمایەتی(ئێران و تورکیاوسعوودیە)ودەوڵەتانی نێودەوڵەتی(وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوڕووسیاوبەریتانیا) جگە لە وڵاتانی یەکێتی ئۆروپاوڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەک ئەنجوومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق بەلایەکدا دەبەن لەبەرژەوەندی نەتەوەوپێکهاتەکانی بێت لەبری دەوڵەتی دینی دەوڵەتی مەدەنی بێ؟هەروەها دوورخستنەوەی سەنگی ستراتیجی عەرەب- شیعە لە حوکمڕانیدا؟.

ئایا بەرنامەی نوێ لەئارادایە بۆ کۆتایی هێنانی بنبڕ بەو قەیرانانە لەڕێی دابەشکردنی عێراق بۆ سەر سێ دەوڵەتی جیا(کورد،شیعە، سوننە)؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کۆمەڵە چەمکێکی وەکو: شۆناس، شەرعیەت، سەقامگیریی سیاسی، فریی سیاسی، دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، سەربەخۆیی قەزا، بەشداریی سیاسی، ئینديماج، دابەشکاریی، بە شێوەیەکی ئەقڵانی و مەنتیقیانە شیبکرێنەوە، کە خودی جومگە سەرەکیەکانی حوکمڕانیی و سیستەمی سیاسی دەگرتەوە؟ ئایا کۆتایی ئەو قەیرانە بەکۆدیتایەکی سەربازی یەکلادەبتەوە؟ یا ئەو گرێمانەیە دوورەوڕێی تێناچێ؟ عێراق وەکو دەوڵەتێک لە ڕووی بونیات و قەوارەوە داهێزراوە، بونیاتی دامودەزگایی، قەوارەی سیاسی و سەروەریی، داخوا لە سایەی ئەو ڕەوشە قەیرانایەو لەسەر ئاستی ناوخۆو هەڕێمایەتی و نێودەوڵەتیەدا ئایندەی عیراق بە چی دەگات و کێ ئەو چارەنووسە بەیان دەکات؟ ئایا (سەفقەی سەدەی) ترامپ، چی بۆ ئەو ناوچەیەو عیراق و گەلی کورد پێیە، ئایا ئەو قەیرانە بەڕەو بنبڕکردن دەبات؟ کەواتە بونیاتنانی دەوڵەتێکی نوێ بەرهەمی کۆشێکی بەربڵاووبەردەوامە، کە لە بینینێکی ستراتیجی ڕوون و ڕاست و ئەکتیڤ سەرچاوەی گرتبێ، سەرکردەی لێهاتوو جڵەوی بگرنەدەست، بەڵام ئەزموون دەریخست ئەو پێوەرانە بەکارنەهاتوون و بەکاریش نایەن. بۆ ئایندەیەکی سەقامگیرورۆشن بۆ عێراق وەکو دەوڵەت پێویستە ئەو ڕەهەندە نوێیانە بەوردی بخوێنرێنەوەوکاریان لەسەر بکرێ، پێویستە بگەڕێنەوە بۆ بنەماکانی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق، بۆ ڕۆڵی ڕاستەقینەوسەنگی ستراتیجی هەر نەتەوەوەپێکهاتەوکەمینەیەکی ئیتنی، پێویستە سەرلەنوێ ئەو پرەنسیپانە داڕێژرێنەوە بۆ بونیاتنانی دەوڵەتەکە بەگوێرەی سەردەمی ئەمڕۆ و پێگە و تایبەتمەندی هەر هەرێمێک و سەنگی هێز و تایبەتمەندیی لایەنە سیاسیەکان.

زاراوەی سیاسی



ئۆتۆکرات (Autocrat)

یەکێکە لە شێوازەکانی دەسەڵات و تیایدا کاروباری سیاسی وڵات بە دەستی کەسێکەوە دەبێ کە لە جیاتی هەڵبژاردن لە ڕێگەی دامەزراندنەوە گەیشتۆتە پایەکە.

ئۆتۆکرات لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانیە و مانای (دەسەڵاتداری تاک یان ئەوەی بەخۆی کاروبار بەڕێوە دەبات) دەگەیەنێ . کەسی ئۆتۆکراتیش بۆ ئەوەی بتوانێ کۆنترۆڵی کۆمەڵگا بکات ، پێویستی بە هاوکاری کەس و دامودەزگا بەهێز و خاوەن تواناکانی ناو کۆمەڵ هەیە .ڕابردووش پێمان دەڵێ کەمن ئەو کەسانەی تەنیا لە ڕێگەی کاریزمایی و شارەزایی دەسەڵاتی خۆیان و بەبێ یارمەتی لایەنی تر کۆنترۆڵی کۆمەڵگایان کردبێ و زۆربەی ئۆتۆکراتەکان پشتیان بە چینی دەرەبەگ و سەرمایەدار و سەرباز و سەرکردە ئاینیەکان بەستووە و لە زۆربەی حالەتەکانیشدا ئەوان لێی هەڵگەڕاونەتەوە.

داتاکان چۆن دەبنە نەوت؟

ئاراس نوری



بەشی دووەم

ئەڵمانیا سیستەمی سۆشیالیستی پیادە دەکات. بۆ بەڕێکردنی ئەوەش، باجی مالی لەسەر دەستکەوتی مانگانە وەردەگرێت بە ڕێژەی ١٤ تاکو ٤٢. باج گەورەترین داهاتە، بێ ئەوە حکوومەتی ئەڵمانیا ناتوانێت مانگانە ملیۆنەها خێزان بژێنێت و پارەی کرێ خانوو و ژیانیان بۆ دابین بکا.

هاوکات وەرگرتنی باج، مسۆگەرکردنی بەردەوامی سیستەمەکەیە. هۆکارێکی گەورەیە کە خەڵکی پارەکانیان لە ئەڵمانیا دانەنێن و بیر لە خۆ دزینەوە لەو بڕە زۆرە بکەنەوە.

لێرەوە داتا و زانیاریی ئەو کەسانە بەنرخ بوون کە پاشەکەوتکراوەکانیان لە بانکی وڵاتان کۆگا دەکەن و سەرمایەداری لە شوێنی تر دەکەن.

لە ساڵی ٢٠٠٧ دا، ڕۆژنامەی (پاریس Le Parisien) باسی لە دزە پێکردنی داتای ١٣٠هەزار هەژماری بانکی کرد، کە فالسیانی (Herve Falciani) بە ڕەگەز نیوە فەرەنسی و نیوە ئیتاڵی دەستی کەوتوون. ڤالسیانی کە خۆی فەرمانبەری بانکی (Schweizer HSBC Private Bank) بوو و پیشەکەی لە بواری کۆمپیوتەردا بوو، بەهاوکاریی هاوکارێکی خۆی کە ئەویش لوبنانی بوو، کاری دزینەکەی ئەنجامدا [١].

لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ دا دەنگۆی دزینی هەژماری بانکی ٧٠٠ کەس لە وڵاتی لیشتنشتاین بڵاوبووەوە، کە لەو داتایانەدا هەبوون پێشتر ڤالسیانی دزیبوونی. ئەم حەوسەد هەژمارە هەمووی هی دەوڵەمەندەکانی ئەڵمانیا بوون، کە بۆ سووی زۆرتر و نەدانی باج لەوێ کۆگایان کردبوو، لەوانە هی سەرۆکی پۆستەی ئەڵمانیا. ئەو دەمە لەگەڵ فرۆشیاری داتاکاندا ڤالسیانی بە بڕی پێنج ملیۆن ئیۆرۆ ڕێککەوتن و زانیارییەکانی فرۆشت بە ئەڵمانیا[٢].

ساڵی ٢٠١٠ ئەڵمانیا داتای ١٥٠٠ کەسی کڕی بە ٥،٢ملیۆن ئیۆرۆ. داتاکان دزراوبوون و هی هەژماری هاوولاتی ئەڵمانیا بوون کە پارەکانیان لە بانکەکانی سویسرا دانابوو تاکوو باجی ساڵانەی لەسەر نەدەن[٣]. دەیان کەس لە ترسی سزای یاسایی قورس، خۆیان ڕادەستی دادگا کرد و پارەکانیان ئاشکرا کرد. وەکو ئولی هینوس بەڕێوەبەری یانەی بایەرن میونخ کە بەهۆیەوە لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا بەند کرا و چەند ساڵێکی تەمەنی لە بەندیخانەدا بەسەر برد[٤]. هینوس بێ لە گەڕاندنەوەی دەیان ملیۆن باج بۆ خەزێنەی دەوڵەت، ٥،٢٨ملیۆن ئیۆرۆ سزای بەسەردا سەپێنرا. دەیانی تر لە خەڵکی ناسراو و نەناسراو خۆیستانە خۆیان دەرخست و چوونە بەردەمی دادگا. لەمەوە دەرکەوت کە ئەو کارە گوشارێکی باش بووە.

دزەکان چەند کەڵێنێکی ناو سیستەمەکان و ڕایەڵەکانی بانکەکانیان قواستوەتەوە، یان پیشەکەی خۆیان لەناو دەزگاکەدا بەکار هێناوە بۆ چەتەگەری، بۆخۆیان بووە بە دەستکەوتێکی مالی و بۆ خەڵکیش دەیان گرفت و کێشەیان ناوەتەوە.

هاوکات حکوومەتەکان کەوتنە هەوڵ دزی لەیەکتری و گۆڕینەوەی تانە و توانج لەسەر ئەو کردارانە. سویسرا و ئەڵمانیا لە ٢٠١٢ دوە بیریان لە شیکارێک کردەوە ئەم جۆرە شتانە ڕوو نەدات. دەستووری هەردوو وڵات ڕێگربوو، سیاسەتی حیزبی دەسەڵاتدار دژواربوو، بەو شێوەیە تاکو ساڵی ٢٠١٨ چەندین جۆر داتا و زانیاریی تر ژێربەژێر مامەڵەی پێوەکرا. ساڵی ٢٠١٨ هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و سویسرا لەسەر ئاڵوگۆڕی زانیاریی بانکەکان بە میکانیزمێکی خۆکارانە هاتوچۆ بکا لە نێوانیاندا [٥].

ئەمانە چەند نموونەیەک بوون لە خەرمانێک، کاری هاوشێوە کە وڵاتانی تریش کردوویانە. داتاکان هەر جۆرێک بن، گرنگی خۆیان هەبووە، لە بواریکدا دەسەڵات بە زەبری هێز توانیویەتی هۆکاریش بدۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنان و هەڵێنجانی زۆرترین سوود لێیان.

داتاکان ئاکار و هەڵسوکەوتی ژیانی ئێمەن، پێناسەی خێزانی و مالی ئێمەن. ئێمە بڵاوەمان پێ کردون لە دەزگا و بەڕێوەبەرایەتیەکان، لە تۆڕەکۆمەڵایەتی و پۆرتاڵە ئەلیکترۆنیەکان، ئەوانەی بەدەستیان دەکەوێ، دەبنە کۆنترۆڵی بواریک لە ژیانی ئێمە و ڕێسا و ویستی خۆیان لەسەر ئەنجام ئەدەن.

جاران ئەگەر بوترایە هاوڕێکانت کێن، پێت دەڵێم تۆ کێیت؟[٦]، ئەوا ئەمڕۆ دەڵێین داتاکانت چین با پێت بڵێم تۆ کێیت!

1- ڕۆژنامەی (پاریس Le Parisien) بڕوانە (Herv%C3%A9_Falciani/wiki/org.
2- ڕۆژنامەی باسلەر (Basler Zeitung)ی سویسری، هەروەها بڕوانە ڕۆژنامەی (بیلد Bild)ی ئەڵمانی ڕێکەوتی ١/ ٢/٢٠١٠
3- بڕوانە (www.nrz.de) کڕینی داتا لە لایەنی حکومەتی خۆجێیی ناوچەی نوردراین ڤێستفالن.
4- بڕوانە (br.de) - بابەتی "Der Herbst des FC-Bayern-Patriarchen" -
5- توێژینەوەی دزینی داتاکان (correctiv.org)
6- ڕەسوڵ هەمزەتۆف - داغستانی من.

بەڕێوەبەری پەرتوکخانەی مێرگەسور:

تەکنۆلۆجیا گەورەترین هەڕەشەو هۆکاری سەردەمە بۆ کەمکردنەوەی خوێنەری پەرتووک



دیمانە/ مسلم دۆلەمەری

رۆژبەرۆژجیهان بەرەو پێشکەوتن دەروات لە گشت رویەکەوە بەتایبەتی لە روی بوارەکانی ئەنتەرنێت وبەکارهێنانی جۆراوجۆری ,بەلام لەهەمان کاتدا بەکارهێنەرەکانی ئەنتەرنێت وجۆرەکانی ئامێرە ئەلکترۆنیەسەردەمیەکان ژمارەیەکی زۆریان لەبری پێشکەوتن وسودوەرگرتن لەم تەکنۆلۆجیایانە بە پێچەوانەوە زیانیان پێدەگات لە زۆر رویەوە بەتایبەت دووركەوتنەوەیان لە خوێندنەوە جا لەهەربوارێکدابێت ئەونەش چۆڵی وکەمبونەوەی خوێنەرە کەرۆژ بەرۆژ لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیادا کتێبخانەکان و بازاڕی پەرتوکفرۆشان کەم دەبێت .

لەم بارەیەوە مستەفا جادر بەرپرسی پەرتوکخانەی مێرگەسور بەم شێوەیە وڵامی چەندپرسیارێکی خەباتی دایەوە وگوتی :

کتێبخانەی گشتی مێرگەسورلەساڵی 2010بەشێوەیەکی فەرمی کرایەوە کە سەربە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی گشتی هەولێرین .لەروی پێداویستی وبینایەو شوێنی گونجاوی کتێبخانەکەی گوتی : بەداخەوە لەکاتی دامەزراندنی کتێبخانەکەمان تاکو ئێستا بینایەی تایبەت بەخۆمان نیە هۆکارەکەش ئەوەیە کە وەزارەتی رۆشنبیری وڵاوان کەمتەرخەمە لەگرینگیدان بەکتێبخانەکان ,ئێمە زۆرمان هەولداوە بۆ ئەم گرفتە بەڵام هیچ سودێکی نەبوە کەئەمەش وای کردووە کەبەردەوام گرفتمان هەبێت لەروی کوالیتی شوێنی پەرتوک وهەتاشوێنی خوێنەریش .سەبارەت بە بەشەکانی کتێبخانەوجۆرەکانی پەرتوکەکانیان گوتی : تاکو ئێستا زیاتر لی 8هەشت بەشمان هەیە ئەویش پێمان کەمەو لەهەولداین بۆزیادکردنی بەشی تر بەڵام دیسانەوە دەڵێم نەبونی بینایەی تایبەت بەخۆمان گرفتە لەبەردەم پێشخستنی کتێبخانەکەمان ,وەلەروی جۆری پەرتوکیش دەیان جۆری پەرتوکمان هەیە بەزمانی (کوردی ، عربی، ئینگلیزی ، فارسی (.وەلەڕوی میلاکاتەوە گوتی : ئێمە کێشەی زۆرمان هەیە لەکەمی کارمەندی بەتایبەتی کارمەندی پسپۆر چونکە دەبێت کتێبخانەکان کارمەندی دەرچوی بەشی کتێبخانەکان بن بۆئەوەی بتوانن خزمەت بکەن وشارەزایان هەبێت لە پۆلینکردنی پەرتوکەکان ,وەلەروی پەیوەندیمان لە گەڵ نوسەرانی ناوەخۆو بینیش تارادەیەک زۆرباشە بەتایبەتی نوسەری ناوخۆمان ئەویش بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیان وەدەوڵەمەندکردنی پەرتوکخانەکەمان وەهەروەها پێویستە لەسەرمان رێز رێزلەنوسەرەکانمان وکتێب دۆستانمان بگرین چونکە لەم سەردەمەدا ئێمە غەرقی توکنولوجیا بوین ونوسەرو کتێب دۆستمان رۆژبەرۆژ بەرەو کەمبون دەچێت .لەروی سەردانی لاوان بۆکتێبخانەو خوێنەری رۆژانەیان گوتی : ژمارەی خوێنەرەکانمان مانگانە لەنێوان 50تا 75خوێنەر دەبێت کە تەمەنیان لە نێوان 20بۆ 35ساڵیدان وە زۆر بەشیان رەگەزی نێرن کەدەتوانم بڵێم لەمانەش رێژەیەکی زۆریان خولیای خوێندنەوەی پەرتوکی میژوکانی کوردو کوردستانن .وەسەبارەت بەکەمبونەوەی خوێنەری پەرتوک گوتی : من پێموایە تەکنولوجیای گەورەترین هەڕەشەو هۆکاری سەردەمە بۆ کەمبونەوەی خوێنەری پەرتوک ، بەڵام پێموایە حکومەت دەتوانێت گرنگی بە کتێبخانەکان بدات لەروی بینایەو روالەتی دەرەوە وهەروەها گرنگی بەکردنەوەی خول وسیمیناربدات بۆ هاندانی لاوانمان کە دووبارە وەکو جاران رو لەخوێندنەوە و سەردانی پەرتوکخانەکان بکەنەوە .لەروی هاوکاریەوە گوتی : نەبونی هاوکاری جا چ لەلایەن حکومەتەوەبێت یان کەرتی تایبەت هۆکارن بۆ کەمی چالاکیەکانمان ،بەڵام بەردەوامیشین لە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی چالاکی بەتایبەتی بە هاوکاری قوتابخانەکانی سنورمان کەبتوانین هانی قوتابیانمان بدەین بۆ ئەوەی هانیان بدەین بۆگەرانەوە بۆخوێندنەوەی کتێب .

لەکۆتایدا گوتی : داواکارم لە لاوانی وڵات ئەگەردەتانەوێت هاورێیەکی هەمیشەیتان هەبێت با هاورێکە تان پەرتوک بێت ، وەهەروەها داواکارم لەوەزارەتی رۆشنبیری وڵاوان کە چیتر کتێبخانەکان پشت گوێ نەخەن زیاتر هاوکاریان بن و هەوڵی زیاتریان بدەن بۆ دەوڵەمەندکرنیان بە پەرتوکو پێداویستیەکانی دیکە.



پێشخستنی کتێبخانەکەمان ,وەلەروی جۆری پەرتوکیش دەیان جۆری پەرتوکمان هەیە بەزمانی (کوردی ، عربی، ئینگلیزی ، فارسی (.وەلەڕوی میلاکاتەوە گوتی : ئێمە کێشەی زۆرمان هەیە لەکەمی کارمەندی پسپۆر چونکە دەبێت کتێبخانەکان کارمەندی دەرچوی بەشی کتێبخانەکان بن بۆئەوەی بتوانن خزمەت بکەن وشارەزایان هەبێت لە پۆلینکردنی پەرتوکەکان ,وەلەروی پەیوەندیمان لە گەڵ نوسەرانی ناوەخۆو بینیش تارادەیەک زۆرباشە بەتایبەتی نوسەری ناوخۆمان ئەویش بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیان وەدەوڵەمەندکردنی پەرتوکخانەکەمان وەهەروەها پێویستە لەسەرمان رێز رێزلەنوسەرەکانمان وکتێب دۆستانمان بگرین چونکە لەم سەردەمەدا ئێمە غەرقی توکنولوجیا بوین ونوسەرو کتێب دۆستمان رۆژبەرۆژ بەرەو کەمبون دەچێت .لەروی سەردانی لاوان بۆکتێبخانەو خوێنەری رۆژانەیان گوتی : ژمارەی خوێنەرەکانمان مانگانە لەنێوان 50تا 75خوێنەر دەبێت کە تەمەنیان لە نێوان 20بۆ 35ساڵیدان وە زۆر بەشیان رەگەزی نێرن کەدەتوانم بڵێم لەمانەش رێژەیەکی زۆریان خولیای خوێندنەوەی پەرتوکی میژوکانی کوردو کوردستانن .وەسەبارەت بەکەمبونەوەی خوێنەری پەرتوک گوتی : من پێموایە تەکنولوجیای گەورەترین هەڕەشەو هۆکاری سەردەمە بۆ کەمبونەوەی خوێنەری پەرتوک ، بەڵام پێموایە حکومەت دەتوانێت گرنگی بە کتێبخانەکان بدات لەروی بینایەو روالەتی دەرەوە وهەروەها گرنگی بەکردنەوەی خول وسیمیناربدات بۆ هاندانی لاوانمان کە دووبارە وەکو جاران رو لەخوێندنەوە و سەردانی پەرتوکخانەکان بکەنەوە .لەروی هاوکاریەوە گوتی : نەبونی هاوکاری جا چ لەلایەن حکومەتەوەبێت یان کەرتی تایبەت هۆکارن بۆ کەمی چالاکیەکانمان ،بەڵام بەردەوامیشین لە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی چالاکی بەتایبەتی بە هاوکاری قوتابخانەکانی سنورمان کەبتوانین هانی قوتابیانمان بدەین بۆ ئەوەی هانیان بدەین بۆگەرانەوە بۆخوێندنەوەی کتێب .

لەکۆتایدا گوتی : داواکارم لە لاوانی وڵات ئەگەردەتانەوێت هاورێیەکی هەمیشەیتان هەبێت با هاورێکە تان پەرتوک بێت ، وەهەروەها داواکارم لەوەزارەتی رۆشنبیری وڵاوان کە چیتر کتێبخانەکان پشت گوێ نەخەن زیاتر هاوکاریان بن و هەوڵی زیاتریان بدەن بۆ دەوڵەمەندکرنیان بە پەرتوکو پێداویستیەکانی دیکە.



توبا بۆیۆکستین، عوسمانییەت دەبوژێنێتەوە

ناودارترین هونەرمەندی شۆخی تورکی توبا بۆیۆکستین، ئاشکرای کرد کە پاڵەوانیەتی زنجیرەی درامی بووژانەوەی عوسمانییەتی وەرگرتووە. زنجیرەکە دیکۆمێنتاریەو بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش دەکرێ و ماوەی چەند مانگێکیشە دەست بە وێنەگرتنی کراوە، بە گوێرەی سەرچاوەی گۆڤاری هونەری لەیالینا ئەم درامایە بە یەکێک لە دراما هەرە مەزنەکان دێتە هەژماردن و بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان کراوە. چیرۆکی دراماکەش بۆ سەردەمی محەمەد فاتیح دەگەڕێتەوە. شایەنی باسە توبا بۆیۆکستین ماوەی دوو ساڵە لە هەموو کارێکی هونەری دوور کەوتۆتەوە، بەڵام وادیارە ئەمجارە بەو کارە شیاوە خۆی خزاندۆتەوە ناو جیهانی نواندنەوە

ئافرەتێکی 27 ساڵان لەنهۆمی نۆیەمی باڵە خانەیەک کەوتە خوارەوەو هیچی لێ نەهات


خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی

ئافرەتێکی وڵاتی ڕوسیا لە نهۆمی نۆیەمی باڵەخانەیەک کەوتە خوارەوەو لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو ئافرەتەکە دوای کەوتنە خوارەوەی هیچی لێ نەهات و بووە مایەی سەرنجی هەموو ئەوانەی کە بینیان کە چۆن کەوتە خوارەوەولە تۆزەکۆمەڵایەتیەکانیش بڵاو کرایەوەو دوای کەوتنی بە ژنە ئاسنینەکە ناوی دەبەن و تەمەنی ئەو ئافرەتە 27ساڵانەو وڵاتی ڕوسیا بە وڵاتی بەفر بەناوبانگەوئافرەتەکە لەدوای بەربوونەوەی لەباڵەخانەکە هەستایەوەو خۆی لە بەفر تەکاندو ئەوانەی کەئەو دیمەنەیان بینی تووشی شۆک بوون و بە ژنە ئاسنینەکە ناوی دەبەن لەبەر ئەوەی زۆر تووندوتۆڵ بوو هیچی لێ نەهات و دوای بەربوونەوەکە سەردانی پزیشکی کردو هیچ شوێنێکی نەشکابوو



ناوی هۆڵەندا وەک وڵاتێکی ئەوروپی لەسەر نەخشە سڕایەوە







ساسان دەروێش –هۆڵەندا

هۆڵەندا یان هۆڵەند ، ناوی ناوچەیەکی ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەیە وخەڵکی وڵاتەکە پێیان خۆش نیە ناوی ناوچەیەکی وڵاتەکەیان بەسەرانسەری وڵاتەکە ناوببرێ بەڵکو خۆیان بەسەرانسەری ووڵات بەزمانی هۆڵەندی دەڵێن نیەدەرلانت ، وڵاتێکە لە کێشەوەری ئەوروپا کە بەشی سەرەکی حکومەتی شانشینی هۆڵەندا پێکدێنێت ، پایتەختەکەی شاری ئەمستردامە ، دەسەڵاتی هۆڵەندا پاشایەتی مەرجدارە کە لەوێدا شا یان شابانو هیچ ڕۆڵێکیان لە سیاسەتدا نیە وتەنیا هێمایێکی نەتەوەیین ، ئەم وڵاتە دووپەرلەمانی هەیە وسەرۆک وەزیر کە گرینگترین وبەرزترین پۆستی سیاسیە لەوحیزبەی زۆرینەی کورسێیکانی پەرلەمانی هەیە هەڵدەبژێردرێت ، کە لە ئێستادا مارک ڕوتێ سیاسەتمەدارێکی هۆڵەندییە لە پارتی خەڵک بۆ ئازادی ودیموکراسی بۆ سەرۆک وەزیرانی ئەم وڵاتە هەڵبژێردراوە ، ئەگەرچی حکومەتی هۆڵەندا لە دوای سەری ساڵی 2020وە بەفەرمی لە بەشێکی ڕاگەیاندنەکانی ووڵاتەکەیەوە بەتایبەتی کەنالی (ئێن ئۆ ئێس) ی هۆڵەندی و (بی بی سی) بەریتانیا وچەند دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ووڵاتانی جیاواز ، لە هەواڵێکیدا ڕایگەند کە دەستبەرداری ناوی هۆڵەندا دەبێت و بەفەرمی لەسەر نەخشەی جیهان دەیسڕێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ناوە ڕەسەنەکەی خۆی کە ناوی زەوییە نزمەکانە، واتە ناوی بەفەرمی دەبێت بە نێدەرلاند ، هەڵکەوتەی جوگرافیای ئەو وڵاتە دەکەوێتە نزمایەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئەورووپا ، هەرچەندە لای زۆربەی خەڵک ئەو وڵاتە ئەورووپییەی کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای کێشوەری ئەورووپا بە " هۆڵەندا " ناو دەبەن، بەڵام ناوە فەرمییەکەی بریتییە لە "خاکی نزماییەکان" یان *"Neatherlands"*

بەڵام هێشتا ئەم هەواڵە ڕەنگدانەوەی نیە لە نێو هاوڵاتیانی وڵاتەکە و باسکردنی گەرم وگوڕی ، حکومەت بەنیازە لە ئەمساڵدا زیاتر لە ڕێگایی فیستیڤاڵ وبۆنە نیشتیمانیەکان ڕیکلامی بۆ بکات ، بەڵکو جارێ بەگوێرەی زانیاری ڕاگەیاندنەکان پێویستە دەستەڵاتدارانی خۆجێیی لە گشت دام و دەزگاکانی حکومەت و چاپەمەنی و ڕاگەیاندن و کۆمپانیا و کارگە وقوتابخانە و زانکۆ و نەخۆشخانە و ..هتد، لایەنی بەرپرسیار دەبێت پابەندبن بەوبڕیارەوە لەبری هۆڵەندا ناوی نێدەرلاند بەکاربهێنن ، چونکە نێدەرلاند سەرجەم خاک و ڕووبەری وڵاتەکە دەگرێتەوە نەک بەتەنها ئەو ناوچانەی بەناوی هۆڵەندا لە خوار و سەروی پێ ناسراوە ، تێچووی چاکردنی ناوی دەوڵەتەکەش نیەدەرلاند بڕی زیاتر لە 200هەزار یۆری تێدەچێت ، حکومەتی ئەو وڵاتەش پێی وایە، گۆڕینی ناوی وڵاتەکەیان وادەکات ڕزگاربیان بێت لەو ناوبانگەی هەیانە وەک شوێنێکی پەیوەندیدار بە ماددە هۆشبەرەکان و گەڕەکی چرا سوورەکان لە شاری ئەمستردام کە ناسێنراوە و وێنەیەی ناشرینی لەبیری خەڵک و گەشتیاران هێشتۆتەوە ئەم گۆڕینی ناوەش هۆکارێک دەبێت بۆ ئەوەی گەشتیاران زیاتر سەردانی وڵاتەکەیان بکەن و لەگەڵ ئەوەشدا لۆگۆی وڵاتەکەشیان گۆڕی . بەپێی ئامارەکانی ساڵی 2014 ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی هۆڵەندا پێکدێت لە زیاتر لە 16ملیۆن کەس کە 23%لەسەدی ڕێژەکەی خەڵکی بیانی وجیهانین بە نەتەوەیی کوردی هەرچوار پارچەکەی کوردستانەوە کە لە سەدی 75%ی عێراقیش پێکدێین ، داهاتی ئەم وڵاتە لە بەرهەمهێنان وهەناردەکردنی گوڵ پلەی یەکەمی جیهانی هەیە ، ئاژەڵداری وکشتوکاڵ دووکۆڵەکەی سەرەکی ئابوری هۆڵەندان ، واتە گوڵ وئاژەڵ وبەروبومی کشت وکاڵی وخۆراک ومادەی کیمیایی وکەشتی وبەلەم وپاپۆڕ وهتد.. لەگەڵ بچوکی ڕووبەری وڵاتەکەشیان دیسان هۆڵەندیەکان ڕۆڵێکی کاراوبەرچاویان هەیە لە بازرگانی وپیشەی بانکداری جیهانی ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەورەترین بازاڕی بەرهەمەکانی هۆڵەندایە وهەروەها وڵاتانی ئەندامی یەکیتی ئەوروپا گەورەترین هاوبەشە بازرگانیەکانی ئەم وڵاتەن هۆڵەندا خاوەنی زیاترلە نیوەی پشکی کۆمپانیای غازونەوتی شێڵە وئەوی دیکەشی بۆ بەریتانیایە ، ئەم کۆمپانیایە کە بەشە هۆڵەندیەکەی بە ڕۆیاڵ داچ شێڵ ناسراوە لەسەرانسەری جیهانا لە بوارەکانی دۆزینەوەوهەڵێنجانی نەوت وغازی سروشتیە ، پیسەسازی ڕەسەن وسەرەکی هۆڵەندایی دەژمێردرێن لە کۆمپانیا گەورەکانی ئەم وڵاتە کۆمپانیای فلیپسە کە بۆ کەرەستەی ئەلەکترۆنی وکۆمپانیایی هاینکین کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی بیرە ، دروای ئەم وڵاتە بەر لە گۆڕینی یۆرۆ گیلدێربوو ، هۆڵەندا ئەندامی کۆنی یەکێتی ئەورووپایە و هەروەها لە ڕیکخراوەی پەیمانی ناتۆشدا ئەندامە.



لاوانی پێشمەرگەی هەولێر بووە پاڵەوانی ئەم وەرزەی خولی کوردستان

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

هەینی رابردوو لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان یارییەکانی گەڕی یازدەهەم خولی نایابی لاوانی کوردستان بەسەرکەوتوویی بەرێوەچوو، کە تیایدا پاڵەوانی خولەکە دەرکەوت.

لەگەڕی یازدەهەمینی خولی نایابی لاوانی کوردستان، لەیاریگای یانەی وەرزشی ئاڵا ، هەردوو یانەی ئاڵا و پێشمەرگەی هەولێر ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، لەئەنجامدا یانەی پێشمەرگەی هەولێر توانی یارییەکە لەبەرژەوەندی خۆی کۆتایی بهێنێت بەئەنجامی 5-0 گۆڵ، بەم ئەنجامە پێشمەرکەی هەولێر دوای کۆکردنەوەی 26خاڵ بووە پاڵەوانی خولی نایابی لاوانی کوردستان بۆ وەرزی 2019-2020، گۆڵەکانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر لەلایەن یاریزانان سەلاح حەسەن، پاقیل جەلال،کەیوان سەمەد،مەحەمەد جەعفەر،نەبی یونس تۆمار کران.

لەیاری دووەمدا لەشاری دهۆک ، هەردوو تیپی لاوانی زێرەڤانی وشێروانە بەیەکگەیشتن، یارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەگۆڵێک کۆتایی هات و هەردوولا خاڵێکی یارییەکەی بەرکەوت، بەم ئەنجامە زێرەڤانی کۆی خاڵەکانی بوو بە24خاڵ و پلەی دووەمی ڕێزبەندی خولەکەی دەستەبەرکرد، لەبەرانبەردا یانەی شێروانە بەم ئەنجامە بەکۆکردنەوەی 11خاڵ لەپلەی نۆیەمدا جێگیر بوو.

ئەنجامی یارییەکانی دیکە بەمشێوە بوو:
هەندرێن *1هەولێر 0
سیروانی نوێ * 4کۆیە 4
نەورۆز *0پێشمەرگەی سلێمانی 3
سیروانی شارەزوور *3زاخۆ 0بەبڕیار

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە خولی چینی لە دەرەوەی ئەو وڵاتەوە بەڕێوەدەچێت

سوڵێمان سلێمان

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بڵاوکردەوە کە مانگی ?5یارییەکانی خولی چینی بگوازێتەوەی یارییەکانی تا مانگی 5 کە کۆمەڵێک کێبرکێی جیاواز لە خۆدەگرێت، ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسەوە لەم وڵاتەدا.

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا لە بەیاننامەیەکدا کە لە ماڵپەڕی خۆی بڵاویکردۆتەوە ئاماژەی بەوەداوە کە بۆیە ئەو بڕیارەیان داوە تا یاریزانەکان دوورین لەو ڤایرۆسە، چونکە ئەو ڤایرۆسە لە چین و زیاتر لە 10وڵاتی دیکەدا بڵاوبۆتەوە.

جێی باسە لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە و هەرمووها مەترسییەکانی، چەندین پاڵەوانیتی دیکە کە بڕیاربوو لە چین بەڕێوەبچێت، هەموویان هەڵوەشێندرایەوە.



یەکەمین پەیامی هاوسەرەکەی براینت دوای ڕووداوەکە
ڤانیسا براینت: کۆبی براینت باوکێکی دڵسۆز و جیاناش کچێکی زۆر جوان بوو



بۆ یەکەمین جار دوای مردنەکەی کۆبی براینت کە بەڕووداوی هەلیکۆپتەڕەوە گیانی لەدەستدا، ڤانیسیا براینت هاوژینی ئەفسانەی تۆپی باسکەی ئەمریکی لە لۆس ئەنجلۆسەوە باس لە میێردەکەی و جیانی کچی دەکات.

ڤانیسیا لە پەیامێکدا ڤانیسیا نوسیویەتی: سوپاس بۆ ئەو ملیۆنانەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوو بەهەر شێوازێکەوە بووبیت هاوخەمان بوون، ئێمە تەواو ڕووخاین، بەلەدەستدانی میێردە خۆشەویستەکەم، ئەوباوکێکی دڵسۆز بوو بۆ منداڵەکانی، هەروەها ڤانیسیا زیاتر دەنوسیت: جیانا زۆر جوان بوو، خۆشەویستی هەموان بوو، خوشکێکی خۆشەویستی ناتالیا و بیانکا و کابری بوو، وەک هەرخێزانێک ئێمە ڕووخاین کە خۆشەویستان لەدەست دەدەن، هاوخەمی هەموو ئەو حێزانانەم کە خۆشەویستانیان لەدەستداوە، سوپاس بۆ هەموو لایەک و هەموو هاوڕێیان و هاوادارانی کۆبی براینت.

مینامینۆ: دەمەوێت چاکەی کلۆپ بدەمەوە



یاریزانی نێودەوڵەتی ژاپۆنی، تاکۆمی مینامینۆ، تازە یاریزانی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزیی، دەوێت چاکەی ڕاهێنەرەکەی، یۆرگن کلۆپ، بەو متمانەیەی پێی هەبوو بداتەوە، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی باشترین ئاستی لەسەر یاریگەدا. ئەمەو مینامینۆ، لە یاری وۆلڤەرهامبتۆن، بۆ یەکەمجار لە خولی نایابی ئینگلتەرادا دەرکەوت، دوای پەیوەندیکردنی بە سوورپۆشەکان لە ماوەی گواستنەوەی زستانە، لە مانگی کانونی دووەمی ڕابردوودا. مینامینۆ، لە میانی لێدوانی بۆ ماڵپەڕی فەرمی یانەی لیڤەرپوول وتی:هەست بە متمانەی ڕاهێنەر بە تواناکانم دەکەم، بۆیە دەمەوێت چاکەکەی بدەمەوە. وتیشی: لە ئاستم بەرامبەر وۆلڤەرهامبتۆن ڕازی نیم، دەمەوێت مایەی پێشبینییەکانی هەموان بم، هەست بە هیچ گوشارێک ناکەم و هیچیشم نییە لە دەستی بدەم. مینامینۆی تەمەن 25ساڵان، لە یاری جام بەرامبەر ئیڤەرتۆن، لە ناوەڕاست یاریکرد، بەڵام لە یاری خول بەرامبەر وۆلڤەرهامبتۆن، لە بااڵەکانی ڕاست و چەپ یاریکرد. دووپاتیشی کردەوە: دەتوانم لە هەردوو باڵ یاری بکەم، ئەگەر بتوانین لەگەڵ یاریزانەکان لە یەکدی بگەین، دەمەوێت زیاتر بێمە قوواڵیی یاریگەوە، چونکە وا هەست دەکەم باشتر دەبێت. لە کۆتاییشدا وتی: دوای ئەوەی هاتمە نێو یاریگە، وۆلڤەرهامبتۆن گۆڵی یەکسانبوونی تۆمار کرد، ئەوەش کەمێک بێهیوای کردم، بەڵام دوای ئەوەی گۆڵی دووەمان تۆمارکرد، بە پەرۆشەوە بەرگریم لە گۆڵەکە دەکرد.

ڕەمزی میرەکانی

چارەسەرێک بۆ لەناوبردنی ڤایرۆسی "کۆرۆنای وەرزشی" بدۆزنەوە



سامان بریفکانی

ماوەیەکە ڤایرۆسێک ڕووی لە وەرزشی کوردستان کردووە، تەنی بەو بوارە هەستیار و گرنگە هەڵچنیووە و خەریکە چۆکی پێدادەدات.

ڤایرۆسی کۆرۆنای وەرزشی هاوتای هەر ڤایرۆسێکی دیکە بە تایبەتی (ڤایرۆسی کۆرۆنا)، ناوە ناوە خۆی نوێ دەکاتەوە و بە شێوەیەکی پێشکەوتووتر دەردەکەوێ بۆ ئەوەی نەتواندرێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

بۆ ئەمجارەشیان ڤایرۆسەکە شێوەی خۆی گۆڕیوە و وای کردووە چالاکییە وەرزشییەکان جگە لە تۆپی پێ، بۆ ماوەیەکی کورت بە شێوەیەکی شەرمنانە دەربکەون و ون ببنەوە، دوا دەرکەوتنی ئەو چالاکییانەش پاش سەرفکردنی بودجەی نوێ بوو بۆ یەکێتییە وەرزشییەکان.

بە دەر لە چالاکییەکانی دیکە، خولی تۆپی پێ بە شێوەیەکی باشتر دەردەکەوێ و پێدەچێ ڤاکسینێکی دژ بەو نەخۆشییە ترسناکەی ڕووبەڕووی وەرزشی کوردستان بووەتەوە، بەکار هێنابێ، بەڵام ئەو جۆرە چالاکییەش، ڤایرۆس و نەخۆشی دیکە ڕووی تێکردووە و ڕەگی لە ناودا داکوتاوە .تەنیا چاکسازی و پاکسازی چارەسەری دەکات.

خەرجکردنی بودجە لە لایەن لیژنەی ئۆڵۆمپییەوە، بۆ یەکێتییە وەرزشییەکان بۆ سازکردنی چالاکییەکان، وەک (بەنج) بەکار دەهێندرێ. وا دەکات چالاکییەکان بە خێرایی بروسک دەربکەون و ون ببن بە بێ ئەوەی هیچ سوودێک بە وەرزش و یانە و یاریزانەکان بگەیەنن.

ئەگینا چ سوودێک دەگەیەنێ چالاکییەکی وەرزشیی بۆ نموونە بەرزکردنەوەی قورسایی یان لەشجوانی و پایسکل و باڵە و سەرجەم وەرزشەکانی ئافرەتان و و ئەوانی دیکە.. بە درێژایی ساڵێک، لە ماوەی یەک ڕۆژ یان دوو ڕۆژدا دەست پێبکات و کۆتایی پێ بهێندرێت و کەس نەزانێ چۆن تێپەڕ دەبێ و کەسیش سوودمەند نابێ، تەنیا ئەوانەی گیرفانیان بە باقیاتی بودجەکە پڕ دەکەن (واتە ڤایرۆسەکان).

زۆر کەس و لایەن و دەزگا لەم شکستە بەرپرسن. ئەمان وەک ڤایرۆسی کۆرۆنا× (تەن) یان بە بواریکی گرنگی نێو کۆمەڵگە هەڵچنیووە، هەروەک چۆن ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنی وڵاتی چین هەڵچنیووە.

کۆرۆنای وەرزشی، هۆکاری شکستهێنان و چەقبەستنی وەرزشە لە کوردستاندا.. هیچ یەکێک لە بەرپرس و وەرزشوان و وەرزشدۆست تا ئێستا ناڕەزایی خۆی بە شێوەیەکی فەرمی لەم نەخۆشییە دەرنەبڕیوە، تەنیا چرپەچرپ لەملاو ئەولا دێت و هەمووی دەڵێت (کڵاوی خۆم گرتووە "با" نەیبات).

تێخنینی لوتی سیاسەت لە بواری وەرزشی یەکێکە لە هۆکارە گەورەکانی شکستهێنانی وەرزش لە هەرێمی کوردستان و چەندین کەس لە پەنای حزب و پشت بە خزمایەتی، بەرۆکی وەرزشیان گرتووە و بە کورسییەکانیان لەحیم کراون و بەرپرسە حکوومی و حزبییەکانیشیان دەست لە پشتیان دەدەن.

ئەم باروودۆخە چارەسەر ناکرێ بەم بێدەنگییە ترسناکەی لە نێو ئەو بوارە هەستیارەدا هەیە. پێویستە (ڤاکسینێک) بەرهەم بهێندرێت، بۆ لەناوبردنی گەندەڵی و کەسانی گەندەڵکار و ناوە ئێکسپایەرەکان، تا وەرزش بگەڕێندرێتەوە دۆخی جاران بگرە باشتر بۆ دروستکردنی ململانێی تەندروست لەنێو گەنجانی یاریگە و هۆڵە وەرزشییەکان وهەنگاوێک بهاوێژرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو ڕەوتە گرنگە. دروستکردنی ڤاکسینەکەش ئاسانە و تەنیا پلان داڕشتنی دەوێت.

دروشمی حکوومەتی نوێ چاکسازییە، بۆیە پێویستە بە زووترین کات ڤاکسینەکە بەرهەم بهێنێت و بیخاتە گەڕ بۆ دەستەبەرکردنی وەرزشێکی تەندروست و پاک، ئەگەر نا، ڤایرۆسەکە زیاتر تەشەنە دەکات و دەبێ وەرزش لە کوردستاندا فاتیحای بۆ بخوێنن.

تێبینی

*** ڤایرۆسی کۆرۆنا: ڤایرۆسێکی کوشندەیە ماوەی چەند ڕۆژێکە لە وڵاتی چین سەری هەڵداوە و تا ئێستا چارەسەریان بۆ نەدۆزیوەتەوە.**

*** ڤاکسین: دەرمانێکی ئامادەکراوی بایۆلۆجییە. وەک دژە نەخۆشی پێشکەش دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکی دیاریکراو.**

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun .2. Feb. 2020 No: (5923)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خۆپیشاندانەکانی شاری بەغدا کرا بەکورتە فیلم

خەبات: سەربەست برزۆ

لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی شەقامی تەحریری شاری بەغدا دژ بە حکومەتی عێراق کە هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە و سەدان کوژراو و بریندارێ لێ کەوتەوە ، بیرۆکەی کورتە فیلمک لەسەر رۆڵی شێرانەی ئافرەت هاتە کایەوە لەنێو ئەو خۆپیشاندانانە لەلایەن دەرهێنەرێکی ناوداری عێراقی بەناوی ورود عەزاوی کە دەرهێنەری چەندین کورتە فیلمی عێراقییە .(لبوات) نوێترین کورتە فیلمی ورود عەزاوییە کە لەناو خۆپیشاندەرانی شەقامی تەحریر و چەند ناوچەیەکی تری خۆپیشاندانەکان هاتووەتە بەرهەم .بەشێکی زۆری کورتە فیلمەکە راستەوخۆ وێنەگراوە لە کاتێ خۆپیشاندانەکان لەو ناوچانەی کە ئالۆزی دروست بووە لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکانی عێراق ، جیاوازی ئەم کورتە فلیمە لەوەدایە کەوا زۆربەی ئەکتەرەکانی راستەوخۆ لەنێو خۆپاندەران هەڵبژێردراون و باس لە رۆڵی ئافرەت دەکات لەو خۆپیشاندانانەی عێراق بەتایبەت خۆپیشاندانەکانی شەقامی تەحریر و ناوی فیلمەکەش بەمانای شێری مێینەیە بەعەرەبی .ماوەی کورتە فیلمەکە لەسەرەتا *12* دەقیقە بوو بەڵام لەبەر ئەوەی خۆپیشاندانەکان بەردەوامیان هەیە بەبەردەوامی گرتەی بۆ زیاد دەکرێ و رەنگە لە قەوارەی کورتە فیلم دەرچێ لە ئایندەدا، چەندین وێنەگری بەتوانا کاری وێنەگریان بۆ کورتە فیلمەکە کردوە لەوانە هارفۆرد مەجید و عەلی عەدنان و هێڵین وەندی.







هونەرمەند کامەران عەبدورەحمان سروودی یەکی شوبات بڵاوەکاتەوە

بەرهەم شێخ عزەدین: هونەرمەندی بەئەزموونی بواری هونەری گۆرانی و سرود (کامەران عەبدورەحمان) سروودی یەکی شوبات بڵاوەکاتەوە ،ئەوهونەرمەندە دەربارەی ئەوسرودە بە «خەبات»ی گوت: شەهیدان تاجی سەری ئێمەن هەرچی بکەین ناکات دڵوپێک خوێنی گەشی ئەوان کەرکدیانە قوربانی خاکی پیرۆزی کوردستان، بەڵام ناشکرێت لەیاد بکرێن ،بۆیە بەئەرکی سەرشانی خۆم زانی کەئەم سرودە بۆ کارەساتی جەرگبڕی یەکی شوبات بەرهەم بهێنم، سرودی یە کی شوبات لە (هۆنراوەی: کازم کۆیی، ئاوازی: مامۆستا شەریف،گوتنی : کامەران عە بدولڕەحمان، ئامادەودابەشکردنی مۆسیقا: هۆگرسە عید)ە. لەڕۆژی یەکی شوبات دەکەوێتە بەرگوێ و چاوی بینەر و بیسەری کوردستان.

کەرتی گشتی و تایبەت بەهاوبەشی بەرهەمی دەهێنن

لە هەولێر.. کاری وێنەگرتنی دڕامای چەرخ و فەلەک بەردەوامە

دەرهێنەری دڕاماکە: ستافێکی کارامەی تەکنیکی لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان کاری دەرهێنانی دڕاماکە دەکەن

ئا: سەنگەر حوسێن

لە ئێستادا کۆمەڵێک هونەرمەندی شارەکانی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی وێنەگرتنی زنجیرە دڕامای (چەرخ و فەلەک)ن، کە وابڕیارە لە مانگی ڕەمەزان نمایش بکرێت. ئەم دڕامایە کاری هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتە ، (خەبات) ئامادەی وێنەگرتنی بەشێکی دڕاماکە بوو ، تێیدا ئەو ڕاپۆرتەی ئامادە کرد.





لەسەرەتاداً، میران دزەیی بەڕێوەبەری بەرهەمی دڕامای (چەرخ و فەلەک) تایبەت بە خەبات گوتی: زنجیرە دڕامای چەرخ و فەلەک لە 30ئەلقە پێکهاتووە، دڕامایەکی کۆمەڵایەتی کۆمیدییە، بەرهەمی دوو کۆمپانیای پڕۆ ئار پڕۆدەکشن و دیکۆدڕاما پڕۆدەکشنە ، بەهاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چەندین کۆمپانیای بازرگانی سپۆنسەری سەرەکین، چەندین ئەکتەری شارەکانی هەولێرو وێنەگرتنی کراوە، وابڕیارە بە مزووانە کارەکە تەواو ببێت و لەیەکێک لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پەخش بکرێت، هیوادارین بتوانین لە مانگی ڕەمەزان پەخشی بکەین.

دزەیی گوتیشی: لەم دڕامایە کە چەندین کۆمپانیای بازرگانی سپۆنسەری سەرەکین، چەندین ئەکتەری شارەکانی هەولێرو سلێمانی و گەرمیان تێدا بەشدارن، هەروەها چەند ئەکتەرێکی ئاست بەرز ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن لەوانە تەلار هیرانی و ڕێشان حەمۆ کە ڕۆڵی ئاسۆ دەبینێت.

لای خۆیەوە، بیلال شاکر دەرهێنەری دڕاماکە دەڵێت: چیرۆکی دڕامای چەرخ و فەلەک باس لە سەردەمی کۆن و ئێستامان دەکات، هەروەها داهاتووش، تێیدا دوو خێزان کێشەیەکی کۆمەڵایەتیان هەیە ، لەنێویان ئەم دوو خێزانەدا، منداڵان زەرەرمەندی یەکەمی دۆخەکە دەبن، هاوڕێیەتی منداڵی تێیدا بەردەوام دەبێت، چیرۆکەکە باس لە منداڵێک دەکات کە هەر لەسەرەتاوە بەهۆی ئەو دۆزمندارییە دەچێتە حاڵەتی بێهۆشی، ماوەیەکی دوورو درێژ لەم دونیایە دادەبڕێت و دواتر خۆی وەک کەسێکی گەورە دەبینێتەوە، بەڵام مێشکی هێشتا وەک منداڵ دەمینێتەوەو ڕووبەرووی ئەو دونیا نوێیە دەبێتەوە.

دەرهێنەری دڕاماکە دەشڵێت: تا ئێستا 60%ی وێنەگرتنی دڕاماکە لەماوەی 60ڕۆژدا تەواو بووە، نزیکەی 40ڕۆژی دیکەشمان ماوە بۆ تەواو کردنی وێنەگرتن، کە زۆربەی دیمەنەکانی لە ناو شاری هەولێر دەبێت.

کادری تەکنیکی و بەرهەمهێنەرو و دەرهێنەری دڕاماکە

هەروەها ستافی دەنگ و وێنەگرتن و کادیری دڕاماکە لەدەرەوەی کوردستان هاتوون، لەگەڵیاندا ستافێکی کارامەش لە ناوخۆ لە گەڵیان بەشدارن.

لەم دڕامایە نزیکەی 30کەس بەشداری نواندنی دەکەن، لەستافی کاری دەرهێنان و هەروەها ستافی دەنگ و وێنەگرتنیش نزیکەی 25 کەسێک، دەرهێنەری دڕاماکە وای گوت.

لەبارەی ئاستەنگەکان، بیلال شاکر گوتی: لەبەر ئەوەی کارەکەمان کاری هاوبەشە لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، ئاستەنگی سەرەکیمان دیاریکردنی بوودجە بوو، لێرەدا سوپاسی سپۆنسەرەکانمان دەکەم کە یارمەتیدەر بوون بۆ دەستپێکردنی دڕاماکە، هەروەها سوپاسی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەم کە بەشێکی بوودجەکەی لە ئەستۆ گرت.

جێی باسە، ئەکتەری ناوداری ئێرانی ڕەزا پریستش کە بە میسی ئێرانی ناسراوە بەشداری لەم دڕامایە دەکات، هەروەها ئەکتەری ڕۆژئاوای کوردستان ڕێشان حەمۆ بە ڕۆڵی سەرەکی دڕاماکە بەشداڕە.



گرووپی موزیکی (Koma Rojin)

گرنگییەکی زۆر بە ئاوازە کلتووری و ڕەسەنەکانی موزیکی کوردی دەدەن

ڕێبوار هەورامی: گرووپێکی دیاری موزیکیە لە باکوری کوردستان ، سالّی (2003)دامەزراوە ، دامەزرێنەری ئەم گرووپە هونەرمەند (عسمەت دلّجان) ە و یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی باکوری کوردستان ، توانی بە هەوڵ و پشتگیری خۆی کچەکەی پەروەردەی ئاوازو موزیکی کوردی بکات ئەویش خاتوو (ئیلاف) کچی بوو، کە سالّی (2011) پێکەوە باوک و کچ بەرهەمە ناوداڕەکەیان بە ناوی (لۆکریڤۆ) تۆمار کرد و بەو بەرهەمە بوونە خاوەنی ناوێکی دیار لە سەرجەم کوردستان و تورکیادا، بەشداریەکی دیاریان هەیە لە زۆربەی بۆنەو ئاهەنگە تایبەتیەکاندا، ئەم گرووپە گرنگیەکی زۆر بە ئاوازە کلتووری و ڕەسەنەکانی موزیکی کوردی دەدەن.

دراوێک میژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میری سۆران

هێمن ئاری: ئەم دراوە، دراوێکی کوردییە و وەک ئاماژەیەک وێنەی لوتکە چیایەکی لەسەر نەخشێنراوە. کەمێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی میری سۆران. دراوەکەش لەسەردەمی مەحەمەد پاشای گەورە لەساڵی 1840ی زایینی لە ڕەواندز بەچاپگەیەنراوە. ئەمەش ئەوەمان نیشاندەدات ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ میژوو دەبینین کورد لەسەردەم و قۆناغە جیاجیاکاندا هێز و توانای خۆبەڕێوەبردنی هەبووەو وەک هێمایەکیش نەخشی چیا لەسەر دراوەکە چاپکراوە.کە ئەوە دەسەلمێنێت هەر لە زووەوە لەسەردەمی تەواوی شۆرشەکاندا ئەوەی هەمیشە پشت و پەنای کوردبوون چیاکانن.

